Rawt News

# ڕەوت

ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق

ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

ژمارە(١٩) ئابی ٢٠٢٢

# سەربەخۆیی ڕیزی جەماوەری شۆڕشگێڕ لە کێشمەکێشی باڵەکانی ڕژێم، هەنگاوی یەکەمە بۆ هێنانەدی گۆڕانکاری ڕیشەیی

ئەو ململانێ سیاسیەی چەند مانگێکە بەردەوامە لە نێوان هەردوو باڵی (ڕەوتی سەدر) و (چوارچێوەی هەماهەنگی)ی ئیسلامی سیاسی شیعە، گۆڕاوە بۆ ململانێیەکی خوێناوی و ڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارانە لە چەند ناوچەیەکی بەغدا و چەند شارێکی تر، وە تا ئێستا زۆرێک بوونەتە قوربانی و بریندار بوون، و لە ئاکامیشدا ئاسایشی جەماوەر تێکدراوە و کەشوهەوای کۆمەڵگە میلتاریزە بووە و دەروازە کراوەتەوە بەڕووی جەنگی میلیشیایی هەردوو باڵەکەدا.

ترساندن و تۆقاندنی هاوڵاتیان لە ڕێگەی بەکارهێنانی چەکی جۆراوجۆرەوە لە لایەن باڵەکانی ئیسلامی سیاسی، ڕێبازێکی دوژمنکارانەی دژی کۆمەڵگایە و ڕاکێشانیەتی بۆناو ململانێیەک کە هیچ بەرژەوەندییەکی تێدا نییە، وە ئامرازی پاراستنی دەسەڵاتی ئەوانە.

زیاتر لە دە مانگە ململانێی نێوان ئەم دوو باڵە بەردەوامە لەسەر پێکهێنانی حکومەت و تاڵانکردنی سامانی کۆمەڵگا و دابەشکردنی بەسەر خۆیاندا، ململانێیەک کە سیما و تایبەتمەندیە بنەڕەتییەکەی ئەوەیە کام لەم دوو لایەنە پشکی شێر وەردەگرێت لە دەوڵەت و سیستەمی سیاسی و دزینی داهات و قۆرخکردنی بۆ خۆی.

ئەو قەیرانە خنکێنەرەی کە تووشی ئەم دوو لایەنە بووە کە دەستەویەخەی یەکتریبوون و بە پشتیشیانەوە هەموو هێز و حزبەکانی ڕژێمی بۆرژوا ئیسلامی ناسیۆنالیستیش لە عێراقدا تووشی بوون، ئاکامی ئەو ڕاپەڕینە جەماوەرییەیە کە لە ساڵی (٢٠١٩)ەوە دەستی پێکرد و تا ئێستاش ئەم ڕژێمە لەو زۆنگاوەدا نوقمە کە ڕاپەڕینەکە تێی فڕێداوە و لەگەڵ هەموو هەوڵوکۆششێکی یارمەتیدەرە (سپۆنسەرە) ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانی ناتونێت لێی دەربچێت. هەموو هەوڵوکۆششەکانیان شکستی هێناوە، چونکە ئەو ناکۆکییە ناوخۆییانەی ئەم ڕژێمە دەرگیریەتی زۆر توندوتیژ و گەورەترن لە توانای ڕژێمەکە بۆ چارەسەرکردنیان.

ڕەوتی سەدری، دوای ئەوەی چەند هەفتە لەمەوبەر ئەندام پەرلەمانەکانی دەستیان لە کارکێشایەوە، لە ڕێگەی لایەنگرەکانییەوە خۆی کێشایە ناو پەرلەمان و دەستیاندایە مانگرتن لەبەردەمیدا، پاشان هەڵیانکوتایە سەر ئەنجوومەنی دادوەری و ئەمڕۆش (ڕەوتی سەدر) هێرش دەکاتە سەر ناوچەی سەوز لە میانەی پێکهەڵپڕژانی میلیشیاکانی لەگەڵ میلیشیای (چوارچێوەی هەماهەنگی)، بە مەبەستی دەستبەسەراگرتنی دەوڵەت، و لاوازکردنی ڕۆڵی حزب و هێزەکانی لایەنی (چوارچێوەی هەماهەنگی).

لە لایەکی دیکەوە (چوارچێوەی هەماهەنگی) دامودەزگاکانی دەوڵەت و گرووپی چەکداری لەدەستدایە و پاڵپشتی بێسنووری ئێرانیشی هەیە، وە بە هەموو هێزی خۆیەوە دەستی بەسەر دەوڵەتدا گرتووە و ئامادە نییە پێگە و دەستکەوت و ئیمتیازاتەکانی لەدەست بدات.

سەبارەت بە لایەنە ئیقلیمی و نێودەوڵەتیەکانیش، بەگشتی پشتیوانیی ڕژێمەکە دەکەن و هەوڵ دەدەن دۆخەکە وەک خۆی بمێنێتەوە، لە میانەی پارێزگاریکردن لەو هاوسەنگیەی کە بەرژەوەندی هەر یەکێکیان لە عێراقدا دابین دەکات.

لە جەرگەی ئەم ململانێیە بەردەوامەی نێوان (چوارچێوەی هەماهەنگی) و (ڕەوتی سەدر)، و ئاڵۆزییە ئیقلیمی و نێودەوڵەتیەکاندا، هیچ بەرژەوەندییەک بۆ جەماوەر لە ئارادا نییە بخزێتە پاڵ ئەم یان ئەو لایەنی دەگیری کێشمەکێشەکە. گەرچی دەبینین زۆرێک لە حزب و هێز و چالاکوان و ڕۆشنبیرانێک کە بانگەشەی چاکسازیەکی ڕووکەش دەکەن، داوا دەکەن پشتیوانی لە جوڵەی ئەم دواییەی (ڕەوتی سەدر) بکرێت، وە خۆشیان هەمان داواکاری ئەویان هەیە لە هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە و چەند داواکارییەکی تری لەم چەشنە کە خۆشباوەڕی لە نێو ڕیزەکانی ئەو خەڵکە ڕاپەڕیووەدا بڵاودەکەنەوە کە سەراپای ئەم ڕژێمەیان ڕەتکردۆتەوە بە خۆی و بە هەڵبژاردنەکانی و بە پەرلەمان و بە دامەزراوەکانی تریەوە.

جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش، لاوان و ژنان و هەموو ئازادیخوازەکان لە سەنگەرێکدان کە جیایە لە سەنگەری (ڕەوتی سەدر) و سەنگەری (چوارچێوەی هەماهەنگی)، وە هەموو بانگەوازێک بۆ دانە پاڵ یەکێک لەم دوو لایەنە، هەوڵدانە بۆ تێکەڵاوکردنی کارتەکان و درێژکردنەوەی تەمەنی ئەم ڕژێمە. جەماوەر زۆر دوورە لە پرۆژەکانی ئەم دوو لایەنە و بژاردەی شۆڕشگێڕانەشیان ئەوەیە کە هێڵی جیاکەرەوەی خۆیان بکێشن لەبەرامبەر ئەو لایەنانەدا کە بۆ ماوەی دوو دەیەیە خەریکی کوشتاری ئەوان و داسەپاندنی هەژاری و بێکارین بەسەریاندا.

جەماوەری شۆڕشگێڕ و ئازادیخواز لە عێراقدا ڕزگارییان دەوێت لە دەست تەواوی ئەم ڕژێمە و حیزب و ڕەوت و میلیشیاکانی. ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەر نیوەی ڕێگای گەیشتن بەم ئامانجانەی بڕیووە. ئەرکی سەرەکی ئەم جەماوەرە شۆڕشگێڕەیە لە کرێکاران و زەحمەتکێشان و ژنان و لاوانی ئازادیخواز، بڕینی نیوەکەی تری ئەم ڕێگایە و ڕێکخستنی ڕیزی خەباتیانە بە پێی ئاسۆیەکی سیاسی و پلانێکی کردەیی کە خەباتی ڕزگاریخوازانەیان بەهێز بکات، سەربەخۆ لەم دوو باڵەی ڕژێم کە لە کێشمەکێشدان لەگەڵ یەکتری.

یەکەم هەنگاوی کردەیی بۆ قۆستنەوەی دۆخی قەیراناوی ئێستای ڕژێم و هێزەکانی، لە بەرژەوەندی شۆڕش و جەماوەری هەژار و چەوساوە، بریتییە لە جیاکردنەوەی ڕیزی هێزەکانی شۆڕش و ئەو جەماوەرە لە لایەنەکانی دەرگیری کێشمەکێش.

ئەمە و یەکێک لە ئەرکەکانی سۆشیالیستەکان و شۆڕشگێڕەکان، سودوەرگرتنە لە قەیرانی ئێستا، تاوەکو لەناو بەرفراوانترین ناوەندەکانی جەماوەردا، هەڵسن بە بڵاوکردنەوە و خستنەبەردەستی بەدیلی سیاسی جەماوەری شۆڕشگێڕی ڕزگاریخواز بۆ ئەم ڕژێمە سیاسییەی ئێستا، و کاربکەن لەسەر ڕێکخستنی ئەو جەماوەرە و بنیاتنانی تۆڕەکانی خەباتی شۆڕشگێڕانەیان، و بەرزکردنەوەی ئامادەگیی سیاسی و فیکرییان.

ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق

٢٠٢٢-٨-٢٩

## ڕاگەیاندنی کۆتایی کۆنگرەی شۆڕشگێڕانی پەیگیر لەسەر ئامانجەکانی ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەر (کۆنگرەی بەغدا)




ئامادەبووانی بەڕێز، ژنان و کچان و پیاوان و کوڕانی ڕاپەڕیوو، هەڵسوڕاوانی شۆڕشگێڕ، ڕێکخراوەکان، یەکە هەماهەنگیەکان و سەندیکاکان.

ئەم لایەنانە لەم وەرچەرخانە مێژووییە هەستیارەدا، کە عێراقی پێیدا تێدەپەڕێت، کۆبوونەتەوە بەمەبەستی یەکخستنی خەباتی هەموو ئەوانەی ئاواتەخوازن و بەدوای بەرجەستەکردنەوەی هەڵوێستێکی جەماوەری یەکگرتوودا دەگەڕێن، تا هێڵێکی شۆڕشگێڕانە بگرێتەبەر، کە ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەر لە پێناویدا سەریهەڵدا، بۆ ڕزگاری لەم ڕژێمە میلیشیاییە گەندەڵەی ڕەوتەکانی ئیسلامی سیاسی و ناسیۆنالیستەکان بە هەموو پارت و هێزەکانییانەوە، کە هۆکاری سەرەکی هەموو ئەو کارەسات و نەهامەتییانەن کە وڵاتەکە دەرگیری بووە لە (٢٠٠٣)ەوە تا ئەمڕۆ.

واژۆکارانی بەیاننامەی کۆتایی، لە لایەن شۆڕشگێڕانی پەیگیر لەسەر ئامانجەکانی ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەری (٢٠١٩)، و نوێنەرانی زەحمەتکێشان و کرێکاران و بێکاران و گەنجان و ژنانی شۆڕشگێڕ، و هەموو ئەو توێژە ڕزگاریخوازە شۆڕشگێڕانەی کە ئاواتەخوازن کۆتایی بەم ڕژێمە گەندەڵە پشکپشکێنەیە بهێنن، کە کابوسیکە بە سەر سنگی خەڵکەوە، ڕایدەگەیێنن کە هیچ پەیوەندێکیان بە ململانێی باڵەکانی ڕژێمەوە نییە و نوێنەرایەتیان ناکات، بەڵکو ئەو باڵانە نوێنەرایەتی حزب و هێزەکانی دەسەڵات دەکەن، هەرچەند هەوڵیش بدەن بە ناوی جەماوەر و نەهامەتییەکانیشیەوە قسە بکەن.

هەروەها (کۆنگرەی بەغدا) ڕایدەگەیەنێت کە هیچ تێزێک پەسەند ناکات لەو لایەنانەی خۆیان لەسەر ڕاپەڕینەکە حیساب دەکەن، بەڵام لە جەوهەردا لە ڕێگەی هێشتنەوەی ئەم ڕژێمە و پاراستنیەوە بە دوای چارەسەردا دەگەڕێن، وەک ئەنجامدانی هەندێ چاکسازی و پینەوپەڕۆکردنی لێرە یان لەوێ، لە چەشنی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە، یان پەنابردن بۆ یارمەتی وەرگرتن لە دەرەوەی وڵات بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری، وەیا پرۆژەی تری لەو بابەتە کە لە جەماوەرەوە سەرچاوەی نەگرتبێت.

وێڕای هەموو ئەمانە، بەشداربووانی ئەم کۆنگرەیە بەڕووی هەموو ئەو پرۆژانەدا دەوەستنەوە کە هەر هێزێکی ڕژێم بیەوێت

بۆ ل٩

لە پەسندکراوەکانی پلینۆمی سێهەم: لاپەڕە٣

■ ڕەوتی مارکسیست و هێڵی فکری- سیاسی (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی)

■ جەنگی ئەسڵی لە کوردستاندا، جەنگی نێوان ناسیونالیزم و سۆشیالیزمە — نادر عەبدولحەمید — ل٤


■ دۆخی ژنان لە عێراق و ستراتیژەکانی بەرەوپێشبردنی خەباتی فێمێنیستی — یەنار موحەممەد — ل٢

■ بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی چینی کرێکار لە کوردستانی عێراق — دڵشاد محمد عارف — ل٥

■ مەبەستەکانی پشتی پەردە لە بەرنامەی (لەگەڵ ڕەنج)دا — عەبدوڵا ساڵح — ل٥

■ پارێزەری گیراوەکانی دەڤەری بادینان: بۆ پەنجەمۆری وەرەقەیەک کە ئیشی (١٠) دەقەیە، (٣٦) ڕۆژ ئیشەکەیان دوا خستین — ل٩

■ کاتێک داگیرکردنی جادە سەرکەوتن نییە! دوا کارتەکانی پۆپۆلیزمی ئاینی — ڕزگار عومەر — ل١٠



نەوزاد بابان لە وەڵامی چاوپێکەوتنی کەناڵێکی ئاسمانیدا:

- ڕێگەی ڕزگاری لەم بارودۆخەی ئێستا پشت بەستنە بە ئیرادە جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و لاوان و گەنجانی ئەم هەرێمە.
- نابێ ئاسۆ و ئامانجمان ببەستینەوە بەوەی کە وڵاتانی کۆنە پەرستی ناوچەکە و وڵاتە زلهێزەکان ڕزگارکەر و فریادڕەسمانن!

ل١٠




ل٦ بۆ ل٨

# دۆخی ژنان لە عێراق و ستراتیژەکانی بەرەوپێشبردنی خەباتی فێمێنیستی

**یەنار موحەمەد**

ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق و سەرۆکی (ڕێکخراوی ئازادی ژن لە عێراق)

**ئەم باسە لە کۆبوونەوەی بەرفراوانی کۆمیتە ناوەندیی (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق) پێشکەش کراوە کە لە ڕۆژەکانی (٢٥-٢٧ی ئایاری ٢٠٢٢) بەستراوە.**

ژنان و کچانی گەنج ئەمڕۆ لە جیهانێکی تەواو جیاوازدا دەژین لەچاو دوو سێ دەیە لەمەوبەر. ئێستا دەستیان دەگاتە ناوەندەکانی سۆشیال میدیای تەواوی جیهان و دەتوانن سۆشیال میدیای هەموو جیهان بە شێوەیەکی پێشکەوتوو بەکار بهێنن. سۆشیال میدیا لە ئێستا کاریگەرییەکی بەرفراوانی لەسەر گەنجان هەیە. لە کاتی گەڕانەکەیدا لەگەڵ ئەو بۆشاییە چینایەتییە سەرسەختەدا بەریەک دەکەوێت کە تێیدا خۆی لە خوارەوە دەبینێت، جا ئەم بەریەککەوتنە لە ناو شەقام بێت یان لە شوێنی کار یان لە خوێندن. لە هەمان کاتدا هەست بە فشاری نێرسالاریی ناو خێزانێکی نەریتی و ناو کۆمەڵگەیەکی لۆکاڵیی داخراودا دەکات. ژنە گەنجەکە یان کچەکە ئامێرێکی بە دەستەوەیە لە هەموو گۆشە دوورەکانی جیهانێکی بۆی وێنا دەکات کە پڕیەتی لە سەروەتی سەرمایەداری بە هەموو توانایییەکانییەوە، ئەمە وای لێدەکات کە خۆی وەک بەشێک لە جیهانێکی گەورەتر ببینێت کە پڕیەتی لە دەرفەت بۆ وەدەستهێنانی زانست و سامان و داهێنان و خۆشگوزەرانی. لێرەوە خەونەکانی بۆ وەدەستهێنانی هەموو ئەوانە بەبێ هیچ ڕێگرێکی کۆمەڵایەتی دەستپێدەکەن وەک ئەو ژنانەی کە لە فیلم و زنجیرە و چیرۆکە کۆمەڵایەتییەکانی دنیای مەجازییدا بە شێوەیەکی جوان و مۆدێرن دەردەکەوون، ئەمانە وایلێدەکەن بیر بکاتەوە کە ڕەنگە ئەمیش توانای دەستڕاگەیشتنی بە هەموو ئەوانە هەبێت و لە هیچ شتێکی کەم نەبێت.

ئەو وێنانەی ناو دنیای مەجازی کە دەگەنە ژنانی گەنج تەنها فەتیس نابنەوە بە سینەمای هۆلیوود کە ڕەنگدانەوەی کولتووری کۆلۆنیالیزمی پیاوە سپی پێستە ئەوروپیەکە بوو بەرامبەر گەلانی جیهان، بەڵکو وێنە مەجازییەکان لە ئێستادا لە زۆر سەرچاوەی جۆراوجۆرەوە دەگەن و خاڵی هاوبەشیان تەرکیزکردنە سەر گەیاندنی وێنەکانی ئەندامانی چینی سەرمایەداریی زاڵ و دەوڵەمەندن کە وا پیشان دەدرێن خاوەنی هەموو نازو نیعمەتێکن و تەنها کەمبوودییەکەیان لە ژیان هەبێت، ئەوا "هەندیک سۆزە" و هیچی تر.

ئەو ژنە گەنجە لە ڕێگەی مۆبایلەکەیەوە سەیری وێنە و چیرۆکی ژیانی کۆمەڵگایەک دەکات کە تێیدا ژنان بە جلوبەرگی گرانبەهاوە دەدرەوشێنەوە و ئەمیش وەک بینەرێک لە خەویشدا ناتوانێت وەدەستیان بهێنێت. لەناو ماڵێکی لۆکسدا دەژین کە ئەم تەنانەت ناتوانێت خەو بە سەردانیکردنیشیەوە ببینێت. چیرۆکە سۆزدارەییەکانی خانمە ئەکتەرەکان کاتێک بەراوردی دەکات بە ژیانی خۆی تێگەیشتنێکی قورسی لا دروست دەکات، کۆمەڵگەکەی ئەم سۆزداریی لێناوێت بەڵکو تەنها جەستەی ئەوی دەوێت. سەرەڕای هەستی ئەم کچە بە بێ توانایی خۆی لە بەرامبەر ئەو بۆشاییە چینایەتییە ڕوونەی نێوان واقیعی خۆی و واقیعی سەرمایەداریی شاشەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەستدەگرێت بە خەوی ئەو واقیعەی کە نە دەتوانێت بەدەستی بهێنێت و نە دەشتوانێت تێیدا بژی.

چۆن ئایینداڕێک دەستدەگرێت بە خەونی چوونە بەهەشت، بەهەمان شێوەش کچە گەنجەکە دەست دەگرێت بەو خەونە گریمانەیەی بەنجەرەکەی دەستی بەرەو دنیای دەرەوە. ئەو ناتوانێت ئامێری خەونەکانی، واتە مۆبایلەکە بەجێبهێڵێت، چونکە گەڕانەوە بۆ جیهانی ڕاستەقینە، شۆکێکە و دەبیاتەوە بۆ ئەو ڕاستییەی کە ئەم ژنێکی کرێکارە و دەبێت زۆربەی مانگانەکەی بۆ بەخێوکردنی منداڵەکانی و خێزانەکەی خەرج بکات کە ڕەنگە بەزەحمەت بەشی ژەمە خۆراکێکی باشیان بکات، یاخود ڕەنگە ئەو ژنە گەنجە بێکار بێت، هەروەک زۆربەی دەرچووانی زانکۆکانی عێراق، کاری ناوماڵی بێ مووچە دەکات، سەر بە خێزانێکە کە ئیمتیازاتی کۆمەڵایەتی لێ وەردەگرێت و دیداتە نێرەکان. یان لەوانەیە ئەم ژنە گەنجە بێ بەش بوویێت لە خوێندن، چونکە سەر بە خێزانێکی کارگەرە و نەیانتوانیووە خوێندن بۆ هەموو منداڵەکانیان دابین بکەن، تەنها کوڕەکان لێی بەهرەدار بوون و کچەکانیان لەبەر سەختی بارودۆخی ژیان داوە بەو کەسەی کە یەکەم جار لە دەرگای داوون!

لە واقیعی چەوساندنەوەی چینایەتی و نێرسالاریدا، کچەکە خۆی دەبینێتەوە کە ناتوانێت ئەو خوێندنە بەدەست بهێنێت کە دەیەوێت، ئەو کارەی کە خەونی پێوە دەبینێت، تەنانەت بە دەگمەن ئەو هاوسەرگیرییەی وەدەست دەکەوێت کە دڵی پێوەیەتی و ئارەزووی دەکات، چونکە ئەم ئیمتیازاتە کۆمەڵایەتییانە زیاتر تایبەتن بە پیاوان. کاتێکیش هاوسەرگیری دەکات، دوای چەند ماوەیەک لێی دەشێوێت، چونکە هاوسەرەکەی بەپێی کەلتوری ئیسلامی وا ڕاهێنراوە کە ژنێکی تری بەسەردا بهێنێت و ئەمیش بکات بە بەرپرس و پەروەردەکەری منداڵەکانی، ئەرکی پیاویش سەپاندنی باڵادەستی پیاوسالارانەیە بەسەری ئەم و کچەکانیدا چونکە ئەمان موڵکایەتی تایبەتن بە خۆی. نۆرمی ژیان بۆ پیاو لە عێراقدا وا چەسپاوە جا پیاوەکە بۆرژواز بێت یان کرێکار کە زیاتر لە ژنێکی هەبێت، ئەمەش ژیانی کۆمەڵایەتی لەناو بنەماڵەی یەکەم و بنەماڵەی دووەمدا دەگۆرێت بۆ شەڕێکی کۆمەڵایەتی بەردەوام کە گوزارشت لە پچڕان و خراپتربوونی دۆخی کۆمەڵایەتی و موعاناتی ژنان و منداڵان لەناو ئەم سیستەمە لە ئیمتیازاتی پیاوسالاری دەکات کە لەلایەن دامەزراوە ئایینی ئیسلامی و خێڵەکیەکەوە پێشکەش بە پیاوان دەکرێت.

کاتێک بەشێک لە کۆمەڵگا بەم ئیمتیازاتە نێرسالارییانەوە گەندەڵ دەکرێت و دەیەوێت سەرکووت و وازهێنان و بێبەشکردن بسەپێنێت بەسەر بەشی دووەمی مێینە و منداڵەکانیاندا، ئەوا بەشی دووەم بێدەنگ نابێت؛ لە هەر شوێنێک ستەم هەبێت، بەرەنگاری هەیە، ئەمەش دەبێتەهۆی توندوتیژی زارەکی، مەعنەوی و جەستەیی، ئاسەواری ئەمەش بەزۆری لە ژن و منداڵەکان دەدات. ڕۆژ نییە ئێمە لە شاشەی تەلەفزیۆنەکان یان لە سۆشیال میدیاوە ڕووخساری سووتاو یان تێکچووی ژنێک نەبینین کە یەکێک هەوڵی کوشتنی یان ئازاردانی داوە.

لە ناو کۆمەڵگەی سەرمایەداریی عێراقدا بە مارکە ئیسلامی و عەشایرییەکەیەوە، توندوتیژیی و ڕقبوونەوە لە جەستەی ژن ئاستێکی بەرزی بە خۆیەوە بینیووە کە لە کۆمەڵگەی هاوچەرخی ئێستای عێراقدا کەم وێنەیە. بێڕێزییەک کە ئەم دەسەڵاتە نێرسالارانەیە بە جەستە و چارەنووسی ژنان و منداڵانەوە دەیکات، سەرچاوەی بەهێزی زیادبوونی ئەو توندوتیژییەیە لە نێوان نیوەی کۆمەڵگا و نیوەکەی تریدا. ئەمە نەک توانای ژیان لە چینی کرێکار دەسەنێتەوە بەڵکو هەمیشە لە نا ئارامیدا دەیهێڵێتەوە و سەری ناپەرژێتە سەر پرسە چارەنووسساز و ناسنامە چینایەتییەکەی و خەباتی یەکگرتووانەشی شلوێ دەکات.

## شەڕێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی دژی جەستەی ژنان

فەرهەنگی دەسەڵاتداران بە تایبەتی لەم بیست ساڵەی ڕابوردوودا کە لە نێوان حیزبە ئیسلامیەکان و ڕەوتی ناسیۆنالیستی خێڵەکیدا دەجووڵێت سەرچاوەی کۆنترۆڵ و سەرکوتی نیوەی کۆمەڵگەیە کە ژنانن پێکدەهێنێت.

بەڵگەنەویستە کاتێک گروپە ئیسلامییە توندڕەو و چەکدارەکان کۆنترۆڵی کۆمەڵگە دەکەن، ئەوا شەڕی خۆیان لە کۆمەڵگادا لە دوو ئاستدا ڕادەگەیەنن: ئاستی یەکەمیان سیاسییە و بە دژی نەیارە سیاسییەکانی تریان "نەک تەنها کۆمۆنیستەکان" لە گروپە ئیسلامییەکانی تر کە لە ڕکابەرکێیەکی بەردەوامدان بۆ دەستبەسەراگرتن بەسەر سامان و تواناکانی کۆمەڵگەدا، ئەوا ئاستی دووەمی شەڕ بریتییە لە کۆنترۆڵ کردنی ژیانی ڕۆژانە و ئاسایی جەماوەر لە سەر جادە و هەوڵدانە بۆ دوورخستنەوە و وونکردنی ژنان لە فەزای گشتیدا. ئەمانە دوو سیمای جیانەکراوەی بزووتنەوە ئیسلامییە توندڕەوەکان پێکدەهێنن. ژنان لەژێر سایەی ئەماندەدا دەبێت لە ماڵەکاندا بشاردرێنەوە وهەمیشە لەژێر هەڕەشە و توندوتیژی جەستەیی و دەروونیدا بهێڵرێنەوە و لە فەزای گشتیدا وون بکرێن. ئەگەر شانسیان هەبێت و بێنەدەرەوە ئەوە دەبێت هەموو ڕوخساری ژنانەی خۆی بە قوماشی ئەستوور و ڕەش بپێچێتەوە. دەسەڵاتدارانی ئیسلامی ئێستا نەک تەنها بەم توندووتیژییەی ئێستایان بە دژی ژنان ڕازی نین بەڵکو دەیانخەنە ژێر تۆقینێکی فەرهەنگیشەوە بەوەی کە پێیان دەڵێن: ژنان بۆیان هەیە سێ جار بچنە دەرەوە:

یەکەم بۆ هاوسەرگیری و دووەم بۆ زیارەتی حەج و سێهەم بۆ ناوقەبر! مەبەست لەم هەموو هەوڵانە تیرۆرکردنی ژنان و سەپاندنی زیندانی هەتاهەتاییە بەسەریاندا، بە شێوەیەکیش ئەم فەرهەنگە کار دەکات کە ئەوە هەڵبژاردەی خۆیانە و فەرز نەکراوە بەسەریاندا.

پاش ئەوەی حیجاب ئەو زانستە ئیسلامییە بوو کە سنووری حوکمڕانی ڕەوتە ئیسلامییەکانی دەکێشا، ئێستا پۆشاک و جل و بەرگی ئیسلامی "میلیتانتی" بووەتە بناغە، لێرەوە گروپە ئیسلامیەکان لە کێبکێی بەردەوامدان لەسەر ئەوەی کامیان جل و بەرگی زیاتر دەکەنە بەری ژنان و زیاتر دەیانشارنەوە، ئەمەش شەڕێکی سیاسی ڕاگەیاندراوە بە دژی جەستەی ژن و دەرکەوتنی کۆمەڵایەتییان.

دۆسیەی بەرزکردنەوەی دروشمی "حجابی ئیسلامی فەرزە بەسەر ژناندا" لەو شارانەی کە مێژوویەکی ئایینی و عەشیرەتیان هەیە ڕۆژانە دووبارە دەبێتەوە. تەنانەت هەندێک جاریش قسە لەوە دەکرێت کە ڕێگە بگرن لەو ژنانەی کە بە جلوبەرگی مۆدێرن و بە سیمایەکی سروشتییەوە دێنەدەرەوە بۆ چونە ناو هەندێ شارەوە! ئەم سەرکوت و ڕقلێبوونەوەیە و ونکردنەی ژنان لە مێژووی عێراقدا بێ وێنەیە. لە توێژینەوەیەکدا دەرکەوتووە کە نزیکەی چارەکێک لە ژنانی ئەم شارە ئاینیانە دەکەونە ناو خانەی "ژنی بەجێهێڵراو"ەوە چونکە هاوسەرەکانیان بەجێیان هێشتوون و ڕۆشتوون، ژنی دووەم و سێیەمیان هێناوە. ئەمە دۆخی ژنانە لەژێر دەسەڵاتێکی سەرمایەداری کە پارێزەرەکەی حوکمێکی ئیسلامییە، لێرە کاتێ ژن کاڵایەکی خوازراو و گەنجە لووش دەدرێت، کاتێکیش کاڵایەکی تازەتر دێتە سەر ڕێگە لەگەڵ منداڵەکانیدا فڕێ دەدرێنە ناو چارەنووسێکی نادیارەوە.

لەم وڵاتەدا هەر ئەوەندە مێینە بیت ئەوە لە تەمەنێکی بچووکەوە بە جووڵە و ڕۆیشتن و دانیشتن و هەڵبژاردنی وشە و شێوەی نیگاکانەوە بەوە تۆمەتبار دەکرێت کە نازانێت چۆنچۆنی "شەرەف"ی پیاوانە و خێڵ بپارێزێت! چونکە جەستەی ئەو کە توانای بەرهەمهێنانی جۆری مرۆڤی هەیە وەک شتێک، ئامرازێک، یان کاڵایەک سەیر دەکرێت و دەکەوێتە ناو زۆنی خاوەندارێتی تایبەتیی خێزانەکەوە کە لە ڕێگەیەوە ئەم پرۆسەی بەرهەمهێنانە کۆنترۆڵ دەکات، وەک ئامرازێک بۆ زاوزێ، یان وەک شتێک کە دەتوانرێت بەکاربهێنرێت لە ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتیدا بە شێوەیەک کە خێزانەکە ڕازی بکات.

لەم پرۆسەیەدا ژنان زۆر ئاسان و بەبێ هەڵبژاردەی خۆیان ڕادەستی مێردێک دەکرێت کە لە لایەن نێرەکانی خێزانەکەی خۆیەوە هەڵدەبژێردرێت و هاوسەرگیری لەگەڵ دەکات، یان باشتر بڵێین وەک خزمەتکاری ناوماڵ و بەخێوکەری منداڵەکانی چاوی لێدەکات. لێرەوە ژن و منداڵەکان جارێکی تر دەبنەوە بە موڵکێکی تایبەت و بۆ پیاوەکەش سەرچاوەی هێز و کۆنترۆڵی ئەو لەناو سیستەمی کۆمەڵایەتی باودا. مارکس لە کتێبی ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانیدا ژن بە پرۆلیتاریا دەچوێنێت و مێردەکەشی بە بۆرژوازی. مارکس وەک نموونەی یەکەمی کۆنترۆڵی سەرمایەدار بەسەر کرێکاردا باسی دەکات. هۆکارە ماددی و مێژوویەکانی دیکەی ئەم زاڵبوونەش، کە لە ئەنجامی میراتێکی پیاوسالاری مێژوویەوە هاتۆتە ئاراوە، بریتییە لە کۆنترۆڵی نێرەکان بەسەر نەوە یەک لەدوای یەکەکانیان، خاوەندارێتییان بۆ ژن و منداڵ و هێشتنەوە و باڵادەستی پیاوانەی خۆیان.

بەڵگە نەویستە کە دەبێت ژن هەوڵێکی زۆر بدات و هیلاک بێت بۆ ئەوەی کۆمەڵگە لێی ڕازی بێت. ئەوە هەر تانها فشاری کۆمەڵگەی نێرسالاری نییە بەڵکو زۆرجار فشارەکان لەو ژنانەوە دێن کە نزیکی خۆیین و بارهاتوون بە تۆقینی نێرسالاری و هێشتنەوەی باڵادەستی نێر لە کۆمەڵگەدا یانی بە زمانێکی باو ترسی گەورەیان ئەوەیە "شەرەف"ی عەشیرەتێک لە دەست بدەن کە لە لاشەی ئەماندا جێکراوەتەوە و عەشیرەت "خاوەنەکەیەتی"! بە پێچەوانەی ئەمانەوە نێرەکان هان دەدرێن بۆ چێژوەرگرتن لە هەر شتێک کە حەز دەکەن، بێگوومان عەشیرەت شانازیان پێوە دەکات و ئەو ئیمتیازاتەیان پێدەبەخرێت کە بۆ مێینەکان خەوە!. ئەمەش دەبێتە هۆی بێبەشکردن لە زۆربەی مافە کۆمەڵایەتییەکان لە مێینەکان و سەپاندنی کۆیلایەتی بەسەریاندا لەناو ئەو خێزانانەی کە پیاوان حوکمڕانی دەکەن. بەرهەمی ئەمەش بێبەشکردنی منداڵانی کچ و نەوجەوانانی مێن لە قسەکردن، لە خوێندن و جووڵە و سەیرکردن بە شێوەیەکی خۆبەخۆ و بێ زیان.



ژن خۆی تەنها وەک جەستەیەک و چارەنووسێک کە کەسانی تر خاوەندارێتی و بڕیاردەریەتی سەیری خۆی دەکات. سەبارەت بە بیرکردنەوە یان دەربڕینی هەستەکانی، پلانداناں بۆ داهاتووی، چێژوەرگرتن لە هونەر، ئەدەب، بیرکردنەوە یان خۆشگوزەرانی، بۆ هەموو ئەم شتانە بڕیارەکە لە دەرەوەی ئەوەوە دێن. واتە هیچ توانا و مافی چارەنووسێکی لەسەر ژیانی خۆی نییە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی دۆخێکی کۆیلایەتی و وابەستەییە بە کەسانی دیکەیە و لەم فەزایەدا ناتوانێت بە شێوەیەکی سروشتی لەگەڵ دەوروبەری بە شێوەیەکی سروشتی ژیان بکات، لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی دۆخێکی جیابوونەوە لە خۆی یان ئەوەی مارکس پێی دەڵێت دۆخی نامۆبوون.

## نامۆبوونی ژن لە دەوروبەری خۆی، وەک چەمکێکی مارکسیستی!

مارکس نامۆبوون بە شێوەیەک لە شێواندنی مرۆڤایەتی مرۆڤ لە کۆمەڵگەی پیشەسازی چینایەتیدا پێناسە دەکات کە مرۆڤ لە خۆی و دەوروبەری و کەسە نزیکەکانی جیا دەبێتەوە، چونکە ناتوانیت کۆنترۆڵی بارودۆخە ماددییەکانی دەوروبەری بکات. مارکس هەروەها "نامۆبوون لە خود" بە دەرئەنجامی ئەوە دەبینێت کە مرۆڤ بەشێکی میکانیکییە لە چینێکی کۆمەڵایەتی و لە چوارچێوەی پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا دەژی کە ستەمکاری بەسەریدا دەسەپێنرێت و جەوهەری ئینسانی خۆی لێ وون دەبێت. نامۆبوون جەوهەری پێکهاتەی کۆمەڵایەتی سەرمایەداری پێکدەهێنێت. مارکس نامۆبوونی کرێکار لە بەرهەمی کارەکەی ڕوون دەکاتەوە و دەیسەلمێنێت کە ئەوە چینی بۆرژوازییە کاری کرێکارەکە دەبات و دەیکاتە کاڵایەک و لە بازاڕی کاردا ئاڵوگۆڕی پێدەکات. کار دەبێتە چالاکییەکی بێمانا و هیچ ڕەزامەندییەک بۆ کرێکارەکە بەجێناهێڵێت، بەڵکو دۆخێک لە بێدەسەڵاتی و گۆشەگیری و نارازیبوون دروست دەکات. بەشێک لە توێژەرانی قوتابخانە دەروونناسییەکان باسیان لەوە کردووە کە نامۆبوون دەبێتە هۆی دۆخێکی لە بێ هێزی و بێدەسەڵاتی و بێمانابوون و دابڕان و نامۆبوون لەخۆ؛ وە هەموو ئەو شتانەی کە دەبنە هۆی ڕەتکردنەوەی ئەو واقیعەی کە دەوری تاکەکەسی داوە.

مارکسیستە فێمینیستەکان لەسەر هەمان بناغەی تیۆری نامۆبوونی کرێکار، کاتێک نامۆبوون وەک ئاکتێک بۆ لە مرۆڤخستنی کرێکار پاڵدەنێت بۆ شۆڕش بە دژی تەواوی پێکهاتەی سیستەمی سەرمایەداریدا؛ دێن و لە وەسفکردنی نامۆبوونی ژنێکی کارگەر یان بێکاردا کۆمەڵێک فاکتەری دیکە بۆ نامۆیی زیاد دەکەن وەک: ستەمکاریی کولتوورێکی نێرسالاری کە مێینە بە کەم دەزانێت، سەرکوتکردنی سێکسی، دیتنی ژن وەک کاڵایەکی سێکسی و هیچی تر و بێبەشکردنی ژنان لە ماف و پێداویستییە جەستەیی و سۆزدارییەکانی. هەروەها ئاماژەش بۆ ئەوە دەکەن کە کاتێک ژن بە شێوەیەکی قێزەون و ڕووکەش و میکانیکی و لەسەر بنەمای شێوە و قەبارە و جووڵەی بەشەکانی جەستەی هەڵدەسەنگێندرێت، ئەوا لە ناو سیستەمێکی سەرمایەداریدا کە وەک کاڵایەکی باش یان نەشیاو بۆ چێژوەرگرتن یان زاوزێ سەیری دەکرێت، نامۆبوونەکەی دەکاتە دوو بەرامبەر. تێکەڵبوونی هەموو ئەم هۆکارانە ژن لە کارلێکی داهێنەرانە لەگەڵ دەوروبەر جیا دەکاتەوە و هەڵوێستێک دروست دەکات لە نێوان خۆی وەک مرۆڤێک کە پێویستی بە چێژوەرگرتن هەیە لە تەواوی پەیوەندییە مرۆییەکانی و جیهانی دەرەوەیدا. ئەمەش دۆخێکی دووجار نامۆبوون دروست دەکات و ژن پاڵ پێوە دەنێت بۆ ڕاپەڕین لە دژی هەموو بەهاکان و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی دەوروبەری.

نامۆبوونی ژن لە کۆمەڵگە و لە خۆی، بەهۆی تێڕوانین و هەڵسەنگاندنی کۆمەڵگەی سەرمایەداری بۆی کە لەسەر بنەمای بوونی جەستە دامەزراوە و ئامرازێکە تەنیا بۆ چێژ و زاوزێ و درێژەدان بە ڕەگەزی بنەماڵە وهیچی تر. مافی مامەڵە بە جەستە و چارەنووسی ژن لە دەستی کەسانی دیکەدایە وەک ئەوەی کاڵایەک بێت یان شتێکی دابڕاو بێت لە بیر و هەست و ئارەزوو و توانای بڕیاردان لەسەر ئەوەی ژیانی بەو ئاراستەیەدا ببات نەک بە ئاراستەیەکی تردا ببرێت. هەموو ئەمانە بەو هۆیەوەیە کە سیستەمێکی سەرمایەداری بەبەرگێکی ئیسلامی و خێڵەکییەوە حوکمڕانی دەکات. ژن لە تێڕوانینی ئەمانەدا مۆڵکایەتییەکی تایبەتە و باشترە منداڵی نێری ببێت تا بەرهەم و بەهاکانی سیستەمی کۆیلایەتی سەرمایەداریی بەرهەم بهێنێتەوە.

لە کاتێکدا کە ژنی کارگەر یان بێکار، هەموو کارەکانی ماڵەوە و پەروەردەی منداڵەکانی لە ئەستۆ دەگرێت، یاساکان دێن و منداڵەکانی لێ دەسێنن و دەیدەنە پیاوەکەی "ئەگەر پیاوەکەی بیەوێت"! ئەم زوڵمە کۆمەڵایەتی و یاسییانە دەبنە هۆی دروستکردنی حاڵەتێکی نامۆیی و بێبەشکردنی ژن لە مافی دیاری کردنی چارەنووسی خۆی، نەتوانین لە دەستڕاگەیشتن بە منداڵەکانی، یان نەتوانین لە بڕیاردان لەسەر منداڵنەبوون یان لەبارىردنی منداڵ و مەحاڵبوونی بەدیهێنانی خەونەکانی لە فێربوون، لە کارکردن، یان کارلێککردن لەگەڵ دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەکەیدا، باسی وازهێنانی لە هەموو ئەو خەونانە ناکەم کە پێشتر لە ژیانی جیهانی مەجازی ئینتەرنێتدا خەوی پێوەدەبینی و هیچیان نەهاتنە دی.

ژن ناتوانێت ڕەزامەندی کۆمەڵگەیەکی پیاوسالاری ئیسلامی بەدەست بهێنێت تەنانەت پاش جێبەجێ کردنی هەموو ئەو مەرجانەی کە بەسەریدا سەپێنراوە وەکو قوربانیدان لە پێناو ئەوانی تردا، خزمەتکردنی ناوماڵ و پەروەردەکردنی منداڵ کە کارێکی بێ مووچەیە و ملکەچبوون بە دەسەڵات و ئیمتیازاتی پیاو کە بەسەریدا سەپێنراوە. ڕەنگە توندترین حاڵەتەکانی فشار لەسەر مێینە ئەو کاتانە بێت کە جەستەی دووگیان دەبێت، یان ناچاری لەباربردن بکرێت، وەک ئەوەی کۆیلەیەک بێت و جەستەیەکی هەڵگرتبێت کە خۆی خاوەنی نەبێت. نامۆبوونێکی توندی ئاوا دەبێتە هۆی ڕەتکردنەوەی تەواوی دۆخی ستەم و کۆیلایەتی زۆرجاریش دەبێتە هۆی خۆکوشتن.

لە هەر حاڵەتێکدا، نامۆبوون لە ژینگەی دەوروبەری دەبێتە هۆی ڕەتکردنەوەی ئەو ژینگەیە و لە گەڵیشیدا ڕەتکردنەوەی تەواوی بەها و نەریتەکان و ئەو ڕۆڵانەی کە ئەم پێکهاتە کۆمەڵایەتییانە سەپاندوویانە بەسەر ژناندا. ڕەتکردنەوەی ژینگەی کۆمەڵایەتی هەندێ جار دەبێتە یاخیبوونێکی تەواو و دوورکەوتنەوە لە ژینگەی زوڵم و زەلیلی، بەبێ ئەوەی بەدیلێکی ڕوون بۆ ژیانی هەبێت.

## هەلومەرجی یاخیبوونی بەکۆمەڵی ژنان و خولقاندنی هۆشیاری فێمینیستی لەسەر زەمینەیەکی ئازادیخواز و شۆڕشگێڕانە!

وەک چالاکوانانی فێمینیست و وەک بەشێک لە چاودێریکردنمان بۆ دۆخی ژنانی گەنج، تێبینی زیادبوونی حاڵەتەکانی هەڵاتن لە توندوتیژی خێزانیمان کرد بە ژمارەیەک کە زیاتر لە پرۆسەی ئاوارەبوونی بەکۆمەڵ دەچوو بە دژی سەرکوتکردنی پێکهاتە خێڵەکییەکان کە ئیمتیازاتی پیاوانەیان ئازاد کردبوو لە دژی کچان و ژنان. ئەم دیاردەیە لەگەڵ دەستپێکردنی ڕاپەڕیندا "ڕاپەڕینی تشرینی ٢٠١٩" کە گەورەترین تەحەدای دەسەڵاتی باڵای بۆرژوازی بوو لە عێراقدا زۆر زیادی کرد. "ڕاپەڕینی تشرین" دەرگای کردەوە بۆ ژنانی گەنج کە مەرجی ستەم و توندوتیژی لەناو خێزانەکانیاندا قبوڵ نەکەن، ژمارەیەکی زۆریان هەڵاتن و زۆرێکیان گەیشتنە چادرەکانی گۆرەپانی تەحریر. وەک چۆن ئێمە لە دەرئەنجامەکانی پرسی نامۆبووندا بینیمان، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم ئاوارەبوونە بەکۆمەڵەی ژنان، بێباکیان بوو بەرامبەر بەو ئەنجامە کارەساتبارانەی کە لەوانەیە لە کاتی هەڵاتنیاندا توشیان ببێت، چونکە ڕەتکردنەوەی ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتی دەوروبەریان بەلاوە گرنگترە تا هەڵاتن بۆ شوێنێکی نادیار کە ڕەنگە تێیدا ببنە قوربانی بازرگانیکردن پێیانەوە یان ئیستغلالکردنی سێکسی. ئەم یاخیبوونە فێمینیستییە تاکە کەسییە دەتوانرێت بەراورد بکرێت بەو شتەی کە لینین سەبارەت بە هۆشیاریی یاخیبوونی تاکی خۆبەخۆی کرێکار و بەرەنگاربوونەوەی ئەو بەرامبەر بەو خاوەنکارە بۆرژوازەکەی ڕوونی کردووە. ئەوەی کە لینین سەبارەت بە هۆشیاریی کرێکاران بە پێویستیی ڕێکخستنی خەباتی بەکۆمەڵی کرێکاران بە ئاراستەیەکی سۆسیالیستیدا پێشنیاری دەکرد. لینین لە درێژەی قسەکانیدا باسی لەوە دەکرد کە پێویستە ئەم ڕێکخراوانە بەرنامەکانی چاکسازی تێپەڕێنن بە مەبەستی گەیشتن بە شیکارییەکی ماتریالیستی، دیالێکتیکی، مێژوویی وەک بناغەیەکی فیکری کە پەیامی ئەم چینە مێژووییە بەیان بکات بۆ بەرپاکردنی

بۆ ل ١١

## لە پەسندکراوەکانی پلینۆمی سێهەم:

# ڕەوتی مارکسیست و هێڵی فکری- سیاسی (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی)

**ئەم باسە لە ٢٥ی ئایاری (٢٠٢٢)دا، لەلایەن هاوڕێ (موئەیەد ئەحمەد)ەوە پێشکەش کراوە لە سێهەمین کۆبوونەوەی فراوانی کۆمیتەی ناوەندی (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی)، و پاش تاوتوێکردنی لە کۆبونەوەکەدا، لەلایەن پلینۆمی سێهەمەوە پەسەند کراوە.**
**٢٥-٢٧ی ئایاری ٢٠٢٢**

## بنەماکان

• سەرهەڵدانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لەڕووی مێژوویەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی ڕەخنەی کرێکاران لە سەرمایەداری و سیستەمی کاری بەکرێ؛ کۆمۆنیزم بزووتنەوە و ڕەخنە و نارەزایی کرێکارانە لە دژی سیستەمی سەرمایەداری و ڕەخنەی کرێکارانە لەم سیستەمە وەک پێکهاتەیەکی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سوپەرسترەکچەری سیاسی و فکری و یاسایی، واتە ڕەخنەیە لەم سیستەمە کە لەسەر بنەمای بەرهەمهێنان و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی بەکۆیلەکردنی کرێکار و جیاکردنەوەی کاری کارێکار لە کرێکار خۆی و نامۆکردنی کرێکاران لە چالاکیی مرۆڤییانە و بەرهەمی کاری خۆیان، کە لەسەر بنەمای بەرهەمهێنان و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی دژبەری (نقیض) کار و کرێکار دامەزراوە کە ئەویش سەرمایە و سەرمایەدارنن.

• ئایدیا و تیۆری ماتریالیزمی دیالکتیکی مێژوویی مارکس و ئەنگڵس، و تیۆری ئابووری شۆڕشگێڕانەی مارکس و ڕەخنەی پرۆلیتاریای ئەو لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری و تیۆری سیاسی سۆسیالیستی خەباتی چینایەتی، سەرجەمیان ڕێباز و تیۆری شۆڕشگێڕانەی مارکس و ئەنگڵس پێکدەهێنن، بۆ ڕزگاری چینی کرێکار و دروستکردنی جیهانێکی تر؛ جیهانێک بێ چین و کۆیلایەتی کاری بە کرێ و دەوڵەت، کە تێیدا ڕزگاری تاک مەرجی ڕزگاری کۆمەڵگایە، و ڕزگاری کۆمەڵگاش مەرجی ڕزگاری تاکە.

• مارکس و ئەنگڵس لە مانیفێستی کۆمۆنیستیدا بە وردی ئەو شتەیان دیاری کردووە کە کۆمۆنیستەکانی پێ لە باقی حیزبە کانی کرێکاران جیا دەکاتەوە، کە تا ئێستاش بنەمای پێناسەکردنی ئێمەیە وەک کۆمۆنیست، ئەویش ئەوەیە کە کۆمۆنیستەکان ئینتەرناسیونالیست و سۆشیالیستن؛ هەمیشە بەرگری لە بەرژەوەندییە گشتییە ئینتەرناسیۆنالیستییەکانی بزوتنەوەی کرێکاری و دوا ئامانجە سۆسیالیستییەکانی دەکەن.

• مانیفێستی کۆمۆنیست کە لە ساڵی (١٨٤٨) دەرچووە، تا ئێستاش بناغەکانی بەرنامەی کۆمۆنیزم پێکدەهێنێت لە سەردەمی ئێمەدا، هەروەها یەکەم ئینتەرناسیۆناڵیش کە لە ساڵی (١٨٦٤) دامەزرا، گوتاری بەرنامەیی لە کارنامەی خۆیدا پێناسە کرد؛ بە شێوەیەک کە جەختی لەوە کردەوە کە ڕزگاری چینی کرێکار کاری خودی چینی کرێکارە. (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی) لە بەیاننامەی دامەزرێنەری خۆیدا ئەم بناغانەی پەیڕەوکردووە و لە خەباتی سیاسی و فیکریدا پراکتیکیان دەکات.

• جەختکردنەوە لەسەر تیۆری خەباتی چینایەتی و تیۆری شۆڕشگێڕانەی مارکس، لەو پاڵنەرە ئایدیۆلۆژیانەوە سەرچاوە ناگرێت کە دابڕاون لە ژیانی ماددی، بەڵکو ئەم جەختکردنەوەیە لەو ڕووەوەیە کە ئەمە تیۆرییەکە چینی کرێکار و بێبەش و ستەملێکراوان پێویستیانە بۆ خەباتی ڕزگاریخوازانەیان لە کۆت و بەندەکانی سیستەمی سەرمایەداری و کارەساتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی ناو ئەم سیستەمە. ئەم جەختکردنەوەیە خۆی لە ژیانی ڕۆژانەمان و خەباتە شۆڕشگێڕییەکانماندا گرنگییەکی تایبەتی و مانایەکی پراکتیکی هەیە.

• ڕەوتی مارکسیستی پەیوەستە بە خەباتی چینی کرێکارەوە، واتە ئەو چینە کۆمەڵایەتییەی کە بەهۆی پێگەی لە سەرمایەداریدا بەتەنیا ئەو دەتوانێت سەرکردایەتی خەباتی سۆشیالیستی بکات بۆ ڕووخاندنی سەرمایە و سیستەمی سەرمایەداری و جێگیرکردنی سۆشیالیزم لە شوێنیدا. هەر لەم پێگەیەوەیە کە دەتوانێت سەرکردایەتی خەباتی جەماوەری زەحمەتکێشان و بێبەشکراوان و ستەملێکراون بکات بۆ ڕزگاربوون لە نەهامەتیەکانی سیستەمی ئابووری و کۆمەڵایەتی سەرمایەداری و زوڵمی سیاسی و کۆتوبەندی خورافاتی ئایدیۆلۆژی و پەراوێزخستنی کۆمەڵایەتی و هەڵاواردن و ناداد پەروەرییەکانی تر کە سروشتی ئەم سیستەمە چینایەتییەن. ئەو تاکە چینە کە تەنیا بە ڕزگارکردنی کۆمەڵگا بە گشتی لە سیستمی چینایەتی سەرمایەداری دەتوانێت خۆی ڕزگار بکات. کۆمۆنیزم بزووتنەوەی هوشیاری ئەم چینە پێشەنگەیە بۆ بەدیهێنانی ئەم ئەرکە مێژوویی و ڕزگاریخوازانەیە.

• سەرقاڵبوون بە خەباتی داخوازی ڕۆژانەی کرێکاران و کارکردن بۆ یەکریزی خەباتی کرێکاران لەم بوارەدا، مەرجێکی پێویستە بۆ وەڵامدانەوەی دینامیزم و پێداویستیەکانی ژیانی کرێکاران و باشترکردنی بارودۆخی گوزەران و هەلومەرجی کاری چینی کرێکار، بەڵام سەرەڕای سەرقاڵبوون بە خەباتی ئابوری ڕۆژانەوە، ڕابەران و چالاکەوانانی هوشیاری کرێکاران لە هەمان کاتدا سەرقاڵی خەباتی چینایەتی سیاسی و فکرین.

• سەربەخۆیی کرێکاران وەک چینێک لەبەرامبەر چینی بۆرژوازیدا بە سەربەخۆیی سیاسییان بەدەست دێت. لە مانیفێستی کۆمۆنیستدا هاتووە کە "هەموو خەباتێکی چینایەتی خەباتێکی سیاسیە"، بۆیە گرنگی سیاسەتی کۆمۆنیستی لەناو بزووتنەوەی کرێکاریدا دیارە، هەروەها ئەنگڵس جەخت لەسەر بوونی سێ لایەنی خەباتی چینایەتی کرێکاران دەکات، ئەوانیش خەباتی ئابووری و خەباتی سیاسی و خەباتی تیۆرین، لەگەڵ زەرووڕەتی یەکخستنەوەیان لە یەک خەباتی چینایەتی کرێکاریدا.

• لێکۆڵینەوە و زانینی قووڵ دەربارەی پێکهاتەی چینی کرێکاری هاوچەرخ و فرەچەشنی توێژەکانی لە دونیای ئەمڕۆدا، بە عێراقیشەوە، وە تێگەیشتن لە شێوازی دابەشبوونی ئەم چینە بەسەر بوارە جیاجیاکانی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کارگێڕی (ئیداری) و خزمەتگوزاریدا، و پاشان بەراوردکردنی لەگەڵ پێکهاتەی چینی کرێکار و شێوازی کارکردنی لە وڵاتان و سەردەمەکانی دیکەدا، گرنگییەکی تایبەتی هەیە بۆ کۆمۆنیستەکان و مارکسیستەکان. ئەوان بۆ وەڵامدانەوەی پێداویستی و چەلێنجەکانی بەردەم خەباتی بەردەوامی کرێکاران و چارەسەرکردنی گیرمەوکێشەکانی بزووتنەوەی کرێکاری و بەرزکردنەوەی توانای کرێکاران لەو سێ بوارەی خەباتدا کە پێشتر باسمان کرد، پێویستیان بەم لێکۆڵینەوە و بەراوردە هەیە.

ئەمە پێچەوانەی ئەوەیە کە ڕۆشنبیران و ئەکادیمییەکانی بۆرژوازی دەیانەوێت بەم جۆرە لێکۆڵینەوە و قووڵبوونەوەیە پێیبگەن؛ لەبنەڕەتدا ئەوان دەیانەوێت ڕۆڵی مێژوویی ئەم چینە لە دروستکردنی گۆڕانی شۆڕشگێڕانە کەم بکەنەوە، و لە پلەی یەکەمدا نکۆڵی لە بوونی بکەن. بە کورتی، ڕۆشنبیری بۆرژوازی لە گۆڕانکاری لە پێکهاتەی چینی کرێکاری هاوچەرخدا ئینکاری بوونی ئەم چینە یان بەکەم گرتنی ڕۆڵەکەی هەڵدەهێنجێنێ، لە کاتێکدا ئامانج و ئەرکی ڕەوتی مارکسیستی وەڵامدانەوەیەتی بە پێداویستییەکانی بەرەوپێشچوونی خەباتی بەردەوامی کرێکاران لە کەرت و بوارە جیاجیاکاندا دژی نەهامەتییەکانی سیستەمی سەرمایەداری. ئەمە جگە لەوەی کە سەرمایەداران لێکۆڵینەوەیان لە دۆخی چینی کرێکار و دیاردەکانی خەباتی یەکگرتووی ئەو چینە بۆ ئیفلیجکردنی وزەی شۆڕشگێڕانەیەتی و درێژکردنەوەی کۆنترۆڵی سەرمایەیە بەسەریدا.

ئێمە ئێستا لە سەردەمێکدا دەژین کە جەختکردنەوە لەسەر مارکسیزم و مانیفێستی کۆمۆنیست و تیۆری شۆڕشگێڕانەی مارکسیستی بۆتە یەکێک لە نیشانە سەرەکییەکانی جیاکەرەوە لە ڕیزێکی دوورودرێژ لەو کەسانەی کە بە شێوەی زارەکی خۆیان بە مارکسیست و کۆمۆنیست لەقەڵەم ئەدەن، بەڵام بەکردەوە بەسەد سەرەداو بەستراوەنەتەوە بە ئاسۆی فیکری و سیاسی بۆرژوازییەوە. (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی) لە ڕێبازی خۆی و سەرجەم خەباتیدا ئەم جیاکاری و تایبەتمەندییە چۆنایەتییە بەرجەستە دەکاتەوە.

## کورتەیەک لە مێژووی ڕەوتی مارکسیستی

• بە دوای دەرکردنی (مانیفێستی کۆمۆنیست) و بڵاوبوونەوەی مارکسیزم لەناو بزووتنەوەی کرێکاریدا، لە (١٧٤) ساڵی ڕابردووەوە تا ئێستا، ڕەوت و خەتی فکری و سیاسی زۆر و هەمەجۆر لە ژێر ناوی مارکسیزمدا سەریان هەڵداوە، هەندێکیان بە ئاشکرا خیانەتیان لە مارکسیزم کردوە، هەندێکی تریشیان بە ڕووکەش ناوەکەیان پاراستوە، بەڵام ئاسۆی کۆمەڵایەتی و سیاسی بۆرژوازییان، لە شێوە و ڕەنگی جۆراوجۆردا، جێبەجێکردوە. ڕەوتی مارکسیستی، دوای ئەوەی بوو بە ڕەوتی سەرەکی کۆمۆنیستی لەناو بزووتنەوەی کرێکاری و سۆشیالیستی جیهانیدا، ڕیزەکانی خۆی لە ئینتەرناسیۆنالی دووەمدا ڕێکخست تا ساڵی (١٩١٤)، بەڵام ئەوە گۆڕانی بەسەردا هات؛ دوای ئەوەی پارتە سۆشیال دیموکراتەکان کە پەیڕەوییان لە مارکسیزم ئەکرد، هەڵوێستی دوژمنکارانەیان گرتەبەر لەبەرامبەر چینی کرێکار و سۆشیالیزمدا لە جەنگی جیهانی یەکەم، کە بووە هۆی مایە پوچبوونی ئینتەرناسیۆنالیزمی دووەم.

• ئینتەرناسیۆنالی سێهەم بەدوای سەرکەوتنی ڕێبازی (هێڵی) مارکسیی شۆڕشگێڕانە لە بزووتنەوەی کرێکاری جیهانی و گرتنەبەری هەڵوێستێکی سۆشیالیستی شۆڕشگێڕانە بەرامبەر بە جەنگی جیهانی یەکەم دامەزرا، کە جەختی لەسەر گۆڕینی جەنگی ئیمپریالیستانەی جیهانی کردبووەوە بۆ شەڕێکی ناوخۆیی شۆڕشگێڕانە کە لە ڕێگەیەوە چینی کرێکار لەهەر وڵاتێکدا نوکی ڕمی خەباتی خۆی ئاراستەی بۆرژوازی دەسەڵاتداری وڵاتەکەی خۆی بکات. توخمەکانی قەیرانی شۆڕشگێڕانەی سۆشیالیستی لە ئەورووپادا بە بەردەوامی گەشەیان دەکرد، و خەتی (هێڵی) مارکسی سەرکردایەتی ڕاپەڕینی جەماوەری پرۆلیتاریای کرد لە ڕووسیا بۆ شۆڕشێکی سەرکەوتوو، شۆڕشی ئۆکتۆبەری (١٩١٧) و هەروەها چەندین ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی سۆسیالیستی گەورەش لە ئەورووپا بەرپاکران. ئەوانەی بەرگرییان لە تیۆری شۆڕشگێڕانەی مارکس دەکرد، بریتی بوون لە سۆسیالیستە ئینتەرناسیونالیستە شۆڕشگێڕەکان لەوانە ڕابەرانی ناوداری وەک لینین، ترۆتسکی، ڕۆزا لۆکسمبۆرگ و کارل لیکنێخت.

• سەرهەڵدانی هێزی دژەشۆڕش کە ستالینیزم بەرجەستەی کردبووەوە وکەوتبوە سەرکوتکردنی هەموو شتێکی شۆڕشگێڕ و سۆشیالیستی ناو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی، و پاکتاوکردنی (تەسفیەکردنی) مارکسیستە شۆڕشگێڕەکانی ناو حزبی بەلشەفی لە ڕووسیا و لە ئینتەرناسیۆنالی سێیەم، دوای کپبوونەوەی هەڵچوونی شۆڕشگێڕانەی سۆشیالیستی چینی کرێکار لە ئەورووپا، و بێتوانایی ئەم چینە و حزبە کۆمۆنیستیەکەی لە دامەزراندنی سۆشیالیزم لە ڕووسیادا، بوونە هۆی ئەوەی ستالینیزم ببێتە "کۆمۆنیزم"ی فەرمی لە ژێر بانەری "مارکسیزم-لینینزم"دا.. هەموو ئەمانە لە بەرژەوەندی ستالینیزمی ڕوو لە هەڵکشان تەواو بوو، کە نوێنەرایەتی ڕەوتی ناسیۆنالیستی ڕووسی دەکرد، وە بەدوای گۆڕینی (یەکێتی سۆڤیەت)ەوە بوو بۆ وڵاتێکی پیشەسازی کە کێبڕکێ لەگەڵ وڵاتانی ئیمپریالیستی ڕۆژئاوا بکات، لەسەر حیسابی خنکاندنی بزووتنەوەی سۆشیالیستی پرۆلیتاریای جیهانی.

• کپبوونەوەی شۆڕشی سۆسیالیستی لە ئەورووپا و ئەوەی بە دوایدا هات لە سەرهەڵدانی فاشیزم لە ئەڵمانیا و ژمارەیەک وڵاتانی ئەورووپا، و هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی دووەم و ئەو کۆمەڵکوژییانەی کە لە دژی دەیان ملیۆن کەس ئەنجامدران، کە وێرانکەری سەپاند بەسەر مرۆڤایەتیدا و گورزی گەورەی لە بزووتنەوەی سۆشیالیستیدا، بەم شێوەیە هەلومەرجی گونجاوی بۆ ستالینیزم ڕەخساند بۆ ئەوەی گورزی وێرانکەر لە مارکسیزمی شۆڕشگێڕ و خەباتی چینی کرێکاری جیهانی بدات؛ ئەوەش لە ڕێگەی ژێردەستەکردنی بزووتنەوەی سۆشیالیستی و مارکسیستی شۆڕشگێڕ لە زۆرێک لە وڵاتانی جیهان بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندییەکانی بۆرژوا ناسیۆنالیستی ڕووسی و بیرۆکراسیەکەی و سەرمایەداری دەوڵەتی ڕووسیا و ڕژێمی سیاسی سەرکوتکەری ستالینیستی، بە بیانووی بەرگریکردن لە وڵاتی سۆشیالیستی و "مارکسیزم-لینینیزم".

هەر لەو کاتەدا کە پاکتاوکردنی نەیارانی ستالین و ڕژێمە سەرکوتگەرەکەی ئەو بەردەوام بوو، بە تایبەت لە بەرامبەر هەر سەرهەڵدانێکی ڕەوتی مارکسیستی و ئۆپۆزسیۆنی سۆشیالیستی شۆڕشگێڕانە دژی ستالینیزم، لەوانەش خەتی (هێڵی) ترۆتسکی و هێزەکانی تری ئۆپۆزیسیۆنی چەپ لە ڕووسیا و ڕەوتی مارکسیستی لە زۆر شوێنی جیهان، خەباتی چینی کرێکاری جیهانی نەوەستاوە و ڕەوتی شۆڕشگێڕانەی مارکسی لە زۆر شوێنی جیهان دەستی کردووە بە بەرگریکردن لە مارکسیزم و بزووتنەوەی سۆسیالیستی، گەرچی لە فۆرمێکی پەرش و بڵاو و لاوازدا، هەر بەوپێیەش خەتە (هێڵە) جۆراوجۆرەکانی چەپ دەرکەوتن.

• لە سەردەمی شەڕی سارد و سەرهەڵدانی بزووتنەوە بۆرژوازییە ناسیۆنالیستەکان کە بە دوای سەربەخۆیی "نەتەوەیی"ەوە بوون لە کۆلۆنیالیزم و پاشان سەرکەوتنی چین لە شەڕیدا دژی ژاپۆن و دامەزراندنی "کۆماری گەلی چین"، و سەرهەڵدانی ماوییزم وەک خەتێکی (هێڵێکی) جیهانی و جێنشینی "مارکسیزم-لینینیزم" دوای پەرەسەندنی کێشمەکێشی چین دژی ڕژێمی (سۆڤیەت)، لێرەوە ڕەوتی مارکسی ڕووبەڕووی سەختییەکی گەورە دەبێتەوە و بەدەست شێواندنێکی زۆر ئاڵۆزکاوەوە دەناڵێنێت، بەڵام ژیانی خۆی بە جیا لە خەتی (سۆڤیەت) و لە خەتی (چین) درێژە پێ دەدات.

• لەو ماوەیەدا گەلێک ڕەوتی چەپی نەریتی لە دەوری یەکێک لەم دوو خەتە (هێڵە)ی، (سۆڤیەت) یان (چین)ی سەرهەڵدەدەن، وە زۆرێک بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی دژە ئیمپریالیستی بەناوی مارکسیزمەوە کارەکانیان درێژە پێدەدەن، هەروەها بزووتنەوەکانی خەباتی چەکداری و گیڤاری بڵاودەبنەوە. لە ئەورووپاش مارکسیزمی ڕۆژئاوایی کە دژ بە هەر دوو هێڵی جیهانی (چین)ی و (ڕووسی)یە سەرهەڵئەدات و تیۆری تایبەت بەخۆی دادەڕێژێت بەناوی مارکسیزمەوە، کە بەپێی ئاسۆی سۆشیال-لیبرالی وڵاتانی ڕۆژئاوا فۆرملەکراوە. سەرەڕای ئەوانە، لەگەڵ پاشەکشەی شۆڕشی سۆشیالیستی لە ڕووسیا و ئەورووپا، لە ناوەڕاستی بیستەکانی سەدەی ڕابردوو، زۆرێک لە ڕەوتی فیکری فەلسەفی بە شێوەیەکی نارۆشن دەستیان کرد بە ڕەخنەگرتن یان دەستکاریکردنی مارکسیزم و خستنەڕووی ڕێبازی هەمەچەشنە، بەجۆرێک کە لە مارکسیزم و تیۆری شۆڕشگێڕانەی مارکس کەم بکاتەوە.

• لەگەڵ ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت و بلۆکی ڕۆژهەڵات لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا، ڕەوتگەلێکی بەرفراوان کە بەناوی مارکسیزم و کۆمۆنیزمەوە قسەیان دەکرد، بە خێراییەکی بێوێنەوە دەستبەرداری هەموو ئەو شتانە بوون کە پەیوەندن بە مارکسیزم و کۆمۆنیزمەوە، ئەمە لەکاتێکدا بوو کە بۆرژوازی نێودەوڵەتی گەورەترین هێرشیکردە سەر کۆمۆنیزم و هیوا و ئاواتە پێشکەوتنخواز و ڕزگاریخوازەکانی مرۆڤایەتی بەناوی هێرش بۆ سەر خەتی (هێڵی) ڕژێمی سۆڤیەت.

• تەپوتۆزی زریانی ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت زۆری نەخایاند و دوای ماوەیەک نیشتەوە، وە لە دوای ساڵی (٢٠٠٨) و سەرهەڵدانی قەیرانی سەرمایەداری جیهانییەوە، هاوتەریب لەگەڵ هەڵکشانی ڕوو لەسەری بزووتنەوەی کرێکاری و خەباتی کرێکاران لە سەراسەری جیهاندا، جارێکی دیکە جیهان شاهیدی سەرهەڵدانەوەی مارکسیزمە لەژێر باری ئەو هەموو شێواندنە گەورەیەدا.

• ئەمڕۆ دوای زیاتر لە چوار دەیە لە چەسپاندنی هەرچی زیاتری سەرمایەداریی نیولیبراڵ لە سەرتاسەری جیهان و توندوتیژتربوونی ناکۆکییە دەروونییەکانی، بزووتنەوەی سۆشیالیستی و کرێکاری جارێکی دیکە بە هێز و تواناوە دەستی کردووە بە هەڵکشان و ڕووبەڕووبوونەوەی بۆرژوازی جیهانی، مرۆڤایەتیش لە وەرچەرخانێکی مێژوویی جیهانیدایە. هەروەها ئەشبینین ڕەوت و هێڵی مارکسی جارێکی دیکە خۆی دەسەلمێنێت کە بزووتنەوەیەکی گەورەی زیندوە لەدڵی ڕووداوە مێژووییە هاوچەرخەکان و لەم ساتەوەختە لە مێژووی جیهانیدا.

## هێڵی فکری سیاسی (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی)

• قسەکردن لەسەر ڕەوت و هێڵێکی مارکسیستی، وەک بزووتنەوەیەکی سیاسی و ڕێکخراوەیی و ڕۆشنبیری، قسەکردنە لەسەر دیاردەیەکی زیندوو کە مێژوویەکی هەیە؛ ڕابردو و ئێستا و ئایندە، و باسکردنی دیاردەیەکە لە جوڵەدا، سەربەخۆ لە هێز و قەبارەی خۆی، بەردەوام لە پێشکەوتن و گەشەکردن و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی خۆیدایە. کەواتە قسەکردن لەسەر ڕەوتی مارکسی ناتوانێت پێناسەیەک بێت یان وەسفێک بێت بۆ پێکهاتەیەکی ڕێکخراوەیی ئیستاتیک و کۆمەڵێک خەباتکارانی کۆمۆنیست کە لەناو دیوارەکانیدا کاردەکەن دوور لە کۆمەڵگا و ئەو ململانێ چینایەتیەی کە تێیدا ڕوودەدات.

• ئەم دیاردە کۆنکرێتە لەعێراقدا شتێکی تایبەت نەبووە تەنها بەم وڵاتەوە؛ چونکە ڕەوتی مارکسیستی، سەرەڕای ئەو فۆرمە جۆراوجۆرانەی کە لە ماوەی مێژووی خۆیدا و لەوڵاتە جیاوازەکاندا گرتوویەتییەبەر، بەشێکی دینامیزمی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فیکری کۆمەڵگا هاوچەرخەکانی پێکهێناوە، و لە هەموو وڵاتاندا بە پلەی جیاواز لە هێز و توانا بوونی هەبووە. هەر بەوپێیەش، ئەم نەریت و ترادسیۆنە سیاسی و فیکرییە لەنێو ئەم کۆمەڵگایانەدا مێژوویەکی هەیە و بەشێکە لە خەباتی چینایەتی کرێکاران و ئۆرگانیکانە بە پرۆسەی گەشەسەندنی جیهانیی ئەم خەباتەوە گرێدراوە. مێژووی ڕەوتی مارکسیستی لە عێراق دابڕاو نەبووە لە مێژووی جیهانیی خۆی، و هەر لەسەرەتاوە هەڵگری تایبەتمەندییە ئینتەرناسیۆنالیستیەکانی ئەم بزووتنەوە و ڕەوتە بووە، هەروەها تایبەتمەندییە جیهانییەکانی ئەو پەرەسەندنانەی لەگەڵ خۆدا هەڵگرتووە کە لە ڕێڕەوی پێشکەوتنیدا هاتوونەتە ئاراوە، ئەمەش بۆ (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی) هەروەک بۆ هەموو مارکسیستە شۆڕشگێڕەکانیش دروستە.

• بەهەمان شێوە، (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی)ش ڕابردوو و ئێستا و داهاتووی خۆی هەیە. بۆیە قسەکردن لەسەری لە ئێستادا جیاناکرێتەوە لە ڕابردووەکەی و لەوەی کە لە داهاتووشدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە. هەروەها مێژووی ئەم خەتە و ئەم جۆرە لە ڕەخنەی مارکسی شۆڕشگێڕانە جیاناکرێتەوە لە دینامیزمی ژیانی سیاسی و فیکری و کۆمەڵایەتی لە عێراق لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانیدا، بە تایبەت لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە، کە شێوەیەکی دیاریکراوی ڕەخنەی ڕۆشنبیرانی گەنج دەستی پێکرد، و لەسەر شانۆی ژیانی سیاسی و ڕۆشنبیری دەرکەوت، کە مارکسیزمی وەک ئامرازێک بەکارهێنا بۆ ڕەخنەگرتن لە باڵی چەپی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی عەرەبی و کوردی، و باڵی چەپی نیشتیمانپەروەری "الوطني"، کە لەسەر مارکسیزم و کۆمۆنیزم حساب دەکرا لەم کۆمەڵگایەدا، و سازشکاریش بوو لەگەڵ بەعسییە فاشیستەکاندا.

ئەم ڕەوتە مارکسیستییە گەشەیەکی چۆنایەتی بەخۆیەوە دی لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩، و گەشەی ڕەخنەی مارکسیستی، کە بە "مارکسیزمی شۆڕشگێڕ" ناسراوە، لەناو ئەم شۆڕشەدا، و هەروەها بەرەوپێشچوونە چۆنایەتیەکانی دواتری ئەم ڕەخنە مارکسییە. مێژووی خەباتی هەریەکێک لە ئێمە هەرچییەک بێت، ئەمڕۆ لە دەوری هێڵ و مەیلێکی کۆمۆنیستی مارکسیستدا یەکگرتووین، بەڵام تا چەند نوێنەرایەتی ئەم ڕەوت و هێڵە دەکەین؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لەوەدا نییە کە ئێمە لەبارەی خۆمانەوە چی دەڵێین، بەڵکو لەو سیاسەتە سۆشیالیستیانە و ئەو پراکتیکە سیاسی و ڕێکخراوەیی و هزرییانەدایە کە ئەیگرینەبەر و پیادەی ئەکەین لە پەیوەند بە خەباتی چینایەتی کرێکاری و سیاسی و هزری کە ڕوودەدات لە کۆمەڵگادا.

• خەتی مارکسیستی و ڕەوتی کۆمۆنیستی ئەمڕۆ، بێگومان پێویستە هێڵێ جیاکەرەوەی خۆی بکێشێ لەنێوان خۆی و هەموو ئەو ڕەوتانە کە بە جۆرێک لە جۆرەکان بانگەشەی مارکسیزم دەکەن، بەڵام لە پراکتیکدا ڕیفۆرمخوازی سۆسیال-دیموکراتن یان ستالینیستن، و لەسەر مۆدێلی سۆشیالیزمی سەرمایەداری دەوڵەتی (یەکێتی سۆڤیەت)ی پێشوون. هەروەها خەتی (هێڵی) مارکسیستی هیچ پەیوەندییەکی بە چەپی ناسیۆنالیستی ڕادیکاڵەوە نییە کە بڕوای بە ماویزم هەیە، هەروەک چۆن هیچ پەیوەندییەکیشی نییە بە ڕەوتی "مارکسیستی" جیهانسێهەمی ناسیۆنالیستە

بۆ ل١١

# جەنگی ئەسڵی لە کوردستاندا، جەنگی نێوان ناسیونالیزم و سۆشیالیزمە



نادر عەبدولحەمید

ڕۆژ نییە چەند بەش و توێژێکی کۆمەڵایەتی، لە شار و شارۆچکەکانی کوردستانی عێراق، نارەزایەتی دەرنەبڕن بە خۆپێشاندان و مانگرتن و هاتنەسەر شەقام. ئەمە جگە لە نەفرەت و بێزاری لە ڕادەبەدەری جەماوەرێکی پێشخواردووی ژێر فشاری حکومەتی هەرێم و دەسەڵاتی حزبە فەرمانڕەواکانی.

ڕزگار بوون لە سایەی شومی حکومەتی هەرێم و دەسەڵاتی فەرمانڕەوا، نەک هەر ئارەزوویەکی جەماوەرە، بەڵکو بۆتە خواستێکی واقعییان و لەوەش واوەتر چەندین جار بۆی هاتوونەتە مەیدان، بە شەپۆلی بەرفراوانی خۆپێشاندانی سەراسەریەوە.

ئەگەر ساڵانێک لێرەو پێش خەڵکانێک خۆشباوەڕییەک و چاوەڕوانییەکیان هەبوایە لە بەرنامەی چاکسازی حکومەتی هەرێم، ئەوا ئەمڕۆ بەچاوی خۆیان دەبینن دوای سێ ساڵ لە کابینەی نۆهەمی ئێستا (کە بەخۆی دەڵێت کابینەی چاکسازی)، باروودۆخ و گوزەرانی خەڵکی هەرێمەکە و خزمەتگوزاریەکانیان بەرەو خراپتر و خراپتر دەچێت.

نەک هەر ئەوەش بەڵکو هەتا خۆشباوەڕی بە پلەیەکی زۆریش لەسەر بەرنامەی چاکسازی ئۆپۆزیسیۆنیش ڕەویوەتەوە، چونکە بە عەمەلی خۆیان ئەزمونیان کرد و بینییان کە چۆن بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی (گۆڕان) و حزبە ئیسلامییەکان بەدوای هەڵبژاردنی ساڵی (٢٠١٤)دا و هەوڵدانیان لە ڕێگەی پەرلەمان و بەشداریان لە (حکومەتی بنکەفراوان)ی (٢١٠٤)دا بۆ هێنانەدی چاکسازی، بە بنبەستی واقعی گەیشت و بوون بە بەشێک لەو سیستمە گەندەڵە.

(گۆڕان) بە یەکجاری ڕیسوا بوو، کە ڕەنگدانەوەکەی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا لە (ئۆکتۆبەری ٢٠٢١)دا دەرکەوت و تاقە کورسییەکیشی بەدەست نەهێنا. هەرچی حزبە ئیسلامییەکانن گەرچی بە ڕەخنەی نیوەناچڵی نیولیبرالانە خۆیان وەک ئۆپۆزیسیۆن نیشاندەدەن، بەڵام لە ڕوانگەی جەماوەری زەحمەتکێشەوە تازە ئەزموونکراون.

## جێگەوڕێگەی ئیسلامی سیاسی

ئیسلامی سیاسی بەرەیەکی کۆنەپەرستی ڕێکخراوی سیاسیە لە کوردستانی عێراقدا، بەربەستی بەردەم پێشکەوتووخوازیە لە کۆمەڵگەدا، ئەویش لە هاوپەیمانەتیاندا لەگەڵ ڕەوتی کۆمەڵایەتی سیاسی ناسیونالیزم بە هەردوو باڵی دەسەڵاتدار و ئۆپۆزیسیۆنیەوە. حزب و ڕێکخراوە ئیسلامییەکان لە پەراوێزی کۆنەپەرستییەت و ئیستیبدادی ناسیونالیزمی کورددا درێژە بەژیانی خۆیان دەدەن و تەواوکەرینی، ئەوەی کە ناسیونالیزم ڕاستەوخۆ بۆی نالوێت دایسەپێنێت بەسەر کۆمەڵگەدا، بوار دەرەخسێنێت تا لە ڕێگەی ئیسلامی سیاسیەوە داسەپێت.

بەدرێژایی دوو دەیەی ڕابردوو ئیسلامی سیاسی لە زوربەی کابینە یەک لەدوای یەکەکانی (حکومەتی هەرێم)دا تەواوکەری ناسیونالیزمی دەسەڵاتدار و جارجارەش لەگەڵ حزبە قەومییە ئۆپۆزیسیۆنەکاندا تەواوکەری ئۆپۆزیسیۆنی قەومی نیولیبرالی بووە.

ئیسلامی سیاسی گەرچی هێزێکی واقعی ڕێکخراوی کۆنەپەرست و مەترسیدارە، بەڵام دوورە لەوەی بورژوازی کورد و کۆمەڵگەی کوردستان نەک هەر ئەو چانسەی پێبدا ببێتە ڕەوتێکی دەسەڵاتدار و فەرمانڕەوا، بەڵکو هەتا ئەو چانسەشی پێنادات ببێتە ئۆپۆزیسیۆنی سەرەکی و پلە یەک، وەک لە شەپۆلی ڕاپەڕینەکانی دەیەی ڕابردوودا دەبینرا لە چەند وڵاتێکی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقادا، هەربۆیە ئۆپۆزیسیۆن بوونی ئیسلامی سیاسی لە کوردستانی عێراقدا هەمیشە پاشکۆ و تەواوکەری ئۆپۆزیسیۆنی ناسیونالیزمی کورد بووە.

ئەوەی کە لە ئێستادا ئیسلامی سیاسی توانای کێشکردنی گەنجان و لاوانی هەیە بۆ کونجی مزگەوتەکان، وە توانی سازدانی نمایشی باڵاپۆشی و لچک دابەشکردنی هەیە بەسەر کچاندا، هۆکارەکەی بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخە فکری و سیاسیە ڕەشبینییەی کە لەم ساڵانەی دواییدا هاتۆتەئاراوە، ئەویش دوای ئەوەی نارەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکانی کرێکاران و کارمەندانی کەرتە جۆراوجۆرەکانی وەک پەروەردە و خوێندن و تەندروستی و ژینگەپارێزی و لاوانی کچ و کوڕی بێکار و ئامادە بۆ کارکردن دوای تەواوکردنی خوێندگاکان، لە شکڵی مانگرتن و خۆپێشاندانە پێشەییەکانیاندا نەیتوانی فشارێکی کاریگەر بخەنەسەر حکومەت و دەسەڵاتی هەرێمەکە و ناچاریان بکات بە وەڵامدانەوەی خواستەکانیان، بۆیە ئەو نارەزایەتییانە لە ڕووی چۆنایەتی و چەندایەتییەوە بەرەو هەڵکشان چوون، جەماوەر هاتنەمەیدان بە شەپۆلی خۆپێشاندانی گەورە و سەراسەری شۆڕشگێرانەوە کە هەڵپێچانی دەسەڵاتی هەرێمەکەی کردبووە ئامانج، بەڵام دەسەڵات شەڵاڵی خوێنی کردن جگە لە گرتنی هەڵسوڕاوان و ڕاوەدوونانیان.

بەم پێیە ئاشکرابوو کە جەماوەری زەحمەتکێش و ئازادیخواز بەم هاوسەنگی هێزەی ئێستاوە دەرەقەتی ئەم دەسەڵاتە نایەت، ئەمەش شەپۆلێک لە کۆچ و ڕەوی بەکۆمەڵی بەدوای خۆیدا هێنا ڕووەو دەرەوەی وڵات و ئەو کەشوهەوا فکری و سیاسییە ڕەشبینییەشی هێنایەئاراوە کە ڕەوتە ئیسلامییەکان بتوانن گەنجان و لاوانی کوڕ و کچ کێشی کونجی مزگەوتەکان بکەن و شانۆسازی بۆ باڵاپۆشی و لچک کردنەسەری کچان ئەنجام بدەن.

هەربۆیە هەوڵدان بۆ هەڵساندنەوە و وەڕێخستنی بزوتنەوەی جەماوەری زەحمەتکێش و ڕێکخراوکردن و ڕابەرایەتی کردنیان بە ئاسۆیەکی سۆشیالیستی شۆڕشگێرانەی ئینتەرناسیونالیستییەوە کە پاشەکشە بە باڵادەستی فکری و سیاسی ناسیونالیزمی کورد و حکومەت و دەسەڵاتەکەی بکات لەم هەرێمەدا، بەهێزترین گورزێک دەبێت کە دەسرەوێندرێتە ئیسلامی سیاسی. ئەم لێکدانەوەیە بە کەمگرتنی بایەخ و گرینگی خەباتی فکری و ڕۆشنگەری سێکیولارەکانی کوردستان نییە، بەڵکو خستنەناو چوارچێوەی واقعی خۆیەتی ئەگەر بڕیار بێت سێکیولاریزم لەم سەردەمەی ئەمڕۆدا ڕۆڵێک ببینێت لە بەرژەوەندی جەماوەری ئازادیخواز و کرێکاران و زەحمەتکێشان.

## ئاگاهی سیاسی جەماوەر

بەدوای بنبەستی ئۆپۆزیسیۆنی سێ کوچکە و کۆکتێلی (قەومی، نیولیبرالی، ئیسلامی) لە بزوتنەوەی (١٧ شوباتی ٢٠١١)وە تا (٢٠١٨)، لەم ساڵەدا (نەوەی نوێ) بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە لە ئۆپۆزیسیۆنبوون دەستبەکاربوو. بەرنامە ئابووری و سیاسیەکەی دەشێ لەڕووی شکڵی و چەندایەتییەوە جیاوازییەکی هەبێت، بەڵام لەڕووی چۆنایەتی و ناوەڕۆکەوە هەمان بەرنامەی ئۆپۆزیسیۆنی نیولیبراڵی پێشووە، و بە سود وەرگرتن لە ئەزمونی شکستخواردووی پێش خۆی پەلە ناکات لە دەستێکەڵاوکردن لەگەڵ حزبەکانی دەسەڵات و بەجۆرێک ڕواڵەتێکی "ڕادیکاڵ" بەرامبەر حکومەتی هەرێم و هەردوو حزبی دەسەڵاتدار لە خۆی نیشان دەدات.

ناسیونالیستە نیولیبرالەکانی کوردستان بەگشتی و (نەوەی نوێ) بەتایبەتی هاونەزەرن لەگەڵ حزبەکانی دەسەڵاتدا کە پەرلەمان دامەزراوەیەکە "نوێنەرایەتی" خەڵکی کوردستان دەکات! وە شوێنێکە کە خەڵکی دەتوانن بە دەنگەکانیان بارودۆخی ناهەموار و تراژیدیای ژیانیان بگۆڕن!!!، بەڵام ئەزموونی عەمەلی خول لەدوای خولی هەڵبژاردنی پەرلەمانی پێچەوانەی ئەو پرێنسیپە لیبراڵییە نیشاندەدات لای جەماوەر.

جەماوەری زەحمەتکێش و ئازادیخواز لە هەرێمی کوردستاندا گەیشتۆتە ئەو قەناعەتە سیاسیەی کە ئەم حکومەتە و دەسەڵاتی حزبە فەرمانڕەواکانی نە خۆیان ئەو چاکسازییەیان پێدەکرێ کە بانگەشەی بۆ دەکەن، وە نە بەرنامەی چاکسازی ئۆپۆزیسیۆنیش لەڕێگەی پەرلەمانی کوردستانەوە دەتوانێت چاکسازی بهێنێتەدی. هەر بۆیە جەوهەر و ناوەڕۆکی سەراپای ئەم ڕژێمە سیاسییە لە کوردستانی عێراقدا بە حکومەت و پەرلەمان و ئۆپۆزیسیۆنە ناسیونال - نیولیبراڵ و ئیسلامییەکەیەوە ڕەتکراوەیە لە لایەن جەماوەری زەحمەتکێش و ئازادیخوازەوە.

ئەم ئاگاهیە سیاسیە بەر لەوەی ئاکامی ڕۆشنگەری و پروپاگەندەیەکی شۆڕشگێرانەی بزوتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی بێت، ئاکامی ئەزمونێکی مێژوویی، سیاسی و عەمەلی ڕۆژانەی خودی ئەو جەماوەرەیە لەگەڵ دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنی قەومی و ئیسلامی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا.

## خاڵی لاوازی ئاگاهی سیاسی جەماوەر

ئەم ئاگاهیە سیاسیەی جەماوەر لەسەرێکەوە خاڵێکی بەهێزە چونکە پشتبەستووە بە ئەزموونی عەمەلی خۆی، بەڵام لە سەرێکی ترەوە خاڵێکی لاوازە، چونکە ئاکامی جێخستنی ئاسۆ و ئەجێندایەکی سیاسی و چینایەتی تر نییە، ئاکامی باڵادەستی سۆشیالیزم نییە کە گوزارش بکات لە بەرژەوەندی چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێش و توێژ و بەشە کۆمەڵایەتییە پەراوێزخراو و ستەملێکراوەکانی کۆمەڵگە، لە پێناو ئایندەیەکی تەواو جیاواز، نەک ئایندەیەک بە ئاڵوگۆڕێکی شکڵی و سیاسی نیوەناچڵ.

ئەمڕۆ ئەو دەستەوستانیە (پاسیفیستیە) سیاسیەی کە بە ڕوخساری جەماوەری زەحمەتکێش و بەشمەینەتەوە دیارە، نەک هەر ئاکامی سەرکوتگەری دەسەڵاتی هەرێمەکە و بێ ئومێدییە لە ئۆپۆزیسیۆنی بورژوا قەومی و ئیسلامی، بەڵکو ئاکامێکی بەرجەستە نەبوونەوەی ئاسۆی سۆشیالیستی و بەدیلەکەشیەتی لە بەرامبەر سەراپای ئەم سیستم و ڕژێمەدا لە هەرێمەکە.

## کێشەی ئەسڵی ڕیسواکاری دەسەڵات نییە

لەمڕۆدا حکومەتی هەرێم و حزبەکانی دەسەڵات زۆر لەوە زیاتر بێ ئابڕوون لای جەماوەری زەحمەتکێش و لەسەر ئاستی بیروڕای گشتی کۆمەڵگە کە بانگەشە بکرێت بۆ ڕیسواکردنیان. کێشەی ئەسڵی لە ئێستادا لە ڕیسواکاری حکومەت و چەند حزبێکی فەرمانڕەوا واوەترە و بەدیاریکراوی دەربارەی ئەوەیە کە ئەم بارودۆخە تراژیدیا ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەی کە لە ئارادایە بەرهەمی چییە؟؛ گەندەڵی و بەتاڵانبردنی سامانی گشتی کۆمەڵگە و هەڵتۆقینی ملیۆنێر و ملیاردێرەکان، بێکاری و برسیەتی جەماوەر و نەبوونی خزمەتگوزاری و دواکەوتنی موچەکانیان، سەرکوتی ڕۆژنامەنوسان و چالاکوانانی مەدەنی، ڕەشەکوژی و بێحورمەتی بەژنان، بێ ئایندەیی گەنجان و کۆچ و ڕەویان بەرەو هەندەران ....، یەکلانەبوونەوەی کێشەکانی نێوان حکومەتی ناوەند و حکومەتی هەرێم، ... گشت ئەمانە بەرهەمی چین؟ چۆنیەتی وەڵامدانەوە بەم پرسیارانە کێشە ئەسڵییەکەیە.

ئایە، وەک قەومیە نیولیبرالەکان بانگەشەی بۆ دەکەن، ئەمە بەرهەمی "عەقڵی شاخ" و عەشایەر و بنەماڵەیە؟ بەرهەمی لێنەهاتوویی و نەشارەزایی و بێ ئەزموونی کۆمەڵێک بەرپرسی حکومی و حزبی زاڵە بەسەر دەسەڵاتدا لە هەرێمەکە؟ بەرهەمی دزی و تاڵانی بەرپرسانی حزبی و حکومیە؟ بەرهەمی دەستێوەردانی حزبەکانە لە کاروباری حکومەت؟ یان، وەک ناسیونالیستە چەپەکان بانگەشەی بۆ دەکەن، وێڕای ئەمانە بەرهەمی "کوردفرۆشی" و "خۆفرۆشی" حزبەکانی دەسەڵاتە بە دەوڵەتانی "دژ بە کورد"ی دراوسێ و ئیمپریالیزمەوە؟ یان، وەک ئیسلامی سیاسی بانگەشەی بۆ دەکات، ئەمە بەرهەمی عەلمانیەت و دورکەوتنەوەیە لە بەها ئایینیەکانی ئیسلام؟ یان بەپێچەوانەی ئەم ڕەخنە "ئەخلاقی"یانەی بورژوا ئۆپۆزیسیۆنی نیولیبراڵی ناسیونالیست و ئیسلامی، وەک چەپ و کۆمۆنیزمی کوردستان لێکدانەوەی بۆ دەکات: ئەمە بەرهەمی فەرمانڕەوایەتییەکی چینایەتی و ئەجێندایەکی سیاسی و ئابووری نیولیبرالیزمی حکومەتی هەرێم و حزبەکانی دەسەڵاتدارە؟ کە هاوبەرژەوەند و هاوئاهەنگی ئابووری و سیاسیشە لەگەڵ دەوڵەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە و دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان و دامەزراوە ئیمپریالیستیە جیهانیەکانی وەک "بانکی نێودەوڵەتی" و "سندوقی دراوی نێودەوڵەتی"؟

دیارە بەپێی هەر یەکێک لەو بانگەشە و لێکدانەوانە؛ نەک هەر بەدیلی سیاسی و ئابووری و چینایەتی جیاواز بۆ دوای ئەم ڕژێمەی ئێستا و حکومەتی هەرێم و حزبەکانی فەرمانڕەوای دەخرێتەڕوو،

بەڵکو ڕێگەی جیاوازیش دەخرێتەڕوو بۆ ڕزگاربوون لەم بارودۆخە تراژیدیایەی ئێستا.

## ناسیونالیزم، ڕاست و چەپ و نیولیبراڵی یەک خانەوادەیە

لەسەرەوە باسمان لەوە کرد کە جەماوەر بە ئەزموونێکی مێژوویی خۆی ئاگاهیەکی سیاسی بەدەستهێناوە کە چاکسازی حکومەت و حزبەکانی فەرمانڕەوا یانی خراپتربوونی بارودۆخی ژیان، وە پەرلەمانی کوردستانیش دامەزراوەیەک نییە بتوانێت چاکسازی لە ڕێگەیەوە بێتەدی و بارودۆخی ژیانیان باش بێت. جا ئەمڕۆ بۆ ئاراستەکردنی ئەم ئاگاهیە سیاسیە، ڕەوتە سیاسیەکانی ناسیونالیزمی نیولیبرالی ئۆپۆزیسیۆن و ناسیونالیزمی چەپ و ئیسلامی سیاسی لە لایەک و ڕەوتی چەپ و کۆمۆنیست لە کوردستاندا لە لایەکی ترەوە لە کێشمەکێشێکی نەپساوەدان بۆ؛ باڵادەستکردنی ئاسۆکانیان و ساغکردنەوەی بەدیل (ئاڵتەرناتیڤ)ەکانیان و گرتنەبەری ڕێگەی ڕزگاربوونێک کە دەیخەنەڕوو بۆ جەماوەری ستەمدیدە و بێبەشی کوردستان.

لە سەرەتای ئەم وتارەدا ئاماژەمان بەوەداوە کە ئیسلامی سیاسی وەک ڕەوتێکی کۆمەڵایەتی سیاسی، نەک هەر ئەو چانسەی نییە ببێتە جێگە متمانەی بورژوازی کورد و بیکاتە نوێنەری سیاسی خۆی و ڕازی بێت بە دەسەڵاتدارەتی ئیسلامی سیاسی بەسەر کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستانی عێراقەوە، بەڵکو ئەو چانسەشی نییە کە ببێتە ئۆپۆزیسیۆنی سەرەکی و مەیداندار لە بەرامبەر ناسیونالیزمی دەسەڵاتداردا.

لە ئێستا کێشمەکێش لەسەر دەسەڵاتی سیاسی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا لەناو خانەوادەی بورژوازیدا، لە نێوان ناسیونالیزمی ڕاستڕەوی کۆنەپەرستی دەسەڵاتدار و ئۆپۆزیسیۆنی ناسیونالیزمی نیولیبراڵ و ناسیونالیزمی چەپدایە. بە مانایەک ئەوە ڕەوتی ناسیونالیزمی کوردە مەیداندار و باڵادەستە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا، هەم دەسەڵاتدارە و هەم مەیدانی ئۆپۆزیسیۆنیشی بەدەستە و بەدیلی جۆراوجۆری نیولیبراڵی و "چەپ"یانەشی هەیە بۆ جێگرتنەوەی دەسەڵاتی ئێستا و ئیسلامی سیاسیش دەتوانێت تەواوکەر و پاشکۆی بێت.

ڕۆشتنی دەسەڵاتی هەردوو حزبی فەرمانڕەوای ئێستای هەرێمەکە (پارتی) و (یەکێتی)، وەک گریمانەیەک و جێگرتنەوەی چ لە لایەن حزبی (نەوەی نوێ) جا بە تەنها بێت یا بە هاوکاری حزبەکانی ئیسلامی سیاسی، وەیا جێگرتنەوەی دەسەڵاتی (پارتی) و (یەکێتی) لە لایەن ڕێکخراوگەلێکی ناسیونالیستی چەپ و نزیک لە (پەکەکە) و سەربە ڕێبازی فکری ئۆجەلانی، چ بەتەنها و چ بە هاوکاری و هاوبەشی ناسیونال نیولیبراڵەکانی کوردستان وەیا بە هاوئاهەنگی لەگەڵ حزبەکانی ئیسلامی سیاسیدا، بەو مانایە کە دەسەڵات هەر لە دەست ڕەوتی ناسیونالیزمی کورددایە لە کوردستانی عێراقدا و لە نێوان باڵ و بەشە جیاجیاکانی ڕاست و چەپ و نیولیبراڵیدا دەستاودەستی پێکراوە.

شایەنی باسە ناسیونالیزمی "چەپ"ی پەکەکەیی و ڕێکخراوەکانی دەستەخوشکی لە کوردستانی عێراقدا، ستراتیژی سیاسیان لەسەر ئەوە دانەمەزراندوە کە ڕاشکاوانە و بە عەلەنی هەڵسن بە هەڵخراندنی ڕاستەوخۆی جەماوەر دژی حکومەتی هەرێم و دەسەڵاتی هەردوو حزبی فەرمانڕەوا، وەک بۆ نمونە ناسیونالیزمی نیولیبرالی ئۆپۆزیسیۆن (نەوەی نوێ) پێی هەڵدەستێت، بەڵکو ستراتیژەکەیان لە ئێستادا سازانە لەگەڵ بەشێک لە دەسەڵات (یەکێتی) و (گۆڕان) و خۆ لادانە لە جەنگی (پارتی) کە هاوئاهەنگە لەگەڵ ئەجێندای سەربازی و سیخوڕی (ئیستیخباراتی) دەوڵەتی تورکیا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە هەر شوێنێکی کوردستاندا بۆشایی سیاسی و سەربازی بێتەئاراوە هێزەکانی (پەکەکە) دەتوانن پڕی بکەنەوە وەک لە (شەنگال) بینیمان.

خاڵی بەهێزی ناسیونالیزمی "چەپ"ی پەکەکەیی و ڕێکخراوەکانی دەستەخوشکی نەک هەر لەوەدایە کە هێزێکی ڕێکخراوی چەکداری توکمە و بە ئەزموونی هەیە و لەڕێگەی تیۆریەکانی ئۆجەلانەوە ڕۆشنبیرانی ناسیونالیست کێش دەکات بۆ خۆی، بەڵکو لەوەدایە کە ئاگاهی زاڵی چینی سەردەست و بورژوازیانە بەسەر کۆمەڵگەی کوردستاندا ئاگاهییەکی ناسیونالیستییە، کە سەنەد و پشتیوانەیەکی بەهێزی هەموو ڕەوت و حزبێکی ناسیونالیستە لەوانەش حزب و ڕێکخراوگەلێکی سەربە ڕەوتی پەکەکەیی.

ئەمە وێڕای ئەوەی ئەم ڕەوتە رایەڵەی پەیوەندی ئاشکرا و نهێنیشی لەگەڵ وڵاتانی ئیمپریالیستی وەک ئەمریکا هەیە، تواناشی هەیە نەک هەر لەگەڵ ناسیونالیزمی ئۆپۆزیسیۆنی نیولیبراڵ و ئیسلامی سیاسیدا بسازێت، بەڵکو لەگەڵ بەشێک لە دەسەڵاتیش، بگرە لەگەڵ خودی هەر ئەم دەسەڵاتەی (پارتی) و (یەکێتی) و هەر ئەم حکومەتی هەرێمەش لەسەر فەرمانڕەوایەتی لە کوردستانی عێراقدا بسازێت، لە حاڵەتێکدا کە قەیرانی دەسەڵات و بۆشایی سیاسی و حکومەتی بێتە ئاراوە و (پارتی) و (یەکێتی) نەتوانن بەتەنهایی دەسەڵات بەڕێوەبەرن، جا لەو حاڵەتەدا (پەکەکە) و ڕێکخراوگەلێکی لەو چەشنە لە حکومەتێکی هاوپەیمانی (ئیئتلافی) دا لەگەڵ "ئامۆزا و پورزاکانی تری خانەوادە"کەی خۆیاندا، هاوبەشی دەسەڵات دەبن.

## سەربەخۆیی لە ناسیونالیزم و خزانەناو داوێنیەوە جارێکی تر

چەپ و کۆمۆنیزمی کوردستانی عێراق لە کۆتایی هەفتاکانی سەدەی بیستەوە و لە پرۆسەیەکی خۆجیاکردنەوەدا لە هەشتاکانی ئەو سەدەیەدا، بەگشتی خۆی لە ناسیونالیزمی کورد جیاکردۆتەوە (ئەوەی کە ناسیونالیزم بە شاراوەیی لە ڕیزەکانیدا درێژەی بەژیانی خۆیداوە لەم سەربەخۆییە کەم ناکاتەوە). چەپ وەک بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی سەبەخۆ و وەک ڕەوتێکی فکری سیاسی کۆمۆنیستی و ئینتەرناسیونالی دژ بە ناسیونالیزم لە هەڵومەرجی دوای ڕاپەڕینی (١٩٩١)دا خۆی لەسەر ئاستی کۆمەڵگە خستەڕوو، وە شوێن پەنجەی بەمێژووی ئەو کاتەی کوردستانەوە دیارە، لەو نێوەدا دەستە و کۆڕوکۆمەڵ و ڕێکخراوەی جوراوجۆر بە تایبەتیش ڕێکخراوی (ڕەوتی کۆمۆنیست) ڕۆڵێکی بەرجەستەیان هەبووە چ لە مێژووی ئەو کاتەدا، وە چ لە پرۆسەی سەربەخۆیی و جیاکردنەوەی کۆمۆنیزم لە ناسیونالیزم.

ئێستا دوای ئەزموونێکی دوو سێ دەیەی ئەم دواییەی بزوتنەوەی چەپ و پاشەکشە و چوونەدواوە و پەرتەوازەیی ڕیزەکانی، هاوڕای هاتنە پێشەوەی مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هێزگرتنی ناسیونالیزمی کورد لەو ناوچەیەدا، ناسیونالیزمی شاراوەی ناو ڕیزەکانی چەپ هەلی بۆ ڕەخساوە کە ڕاشکاوانەتر لە جاران گوزارش لە خۆی بکات بەتایبەت پێشتر و لە ساڵانی ڕابردوودا لە پرۆسەیەکدا بەشێک لەم چەپە هەڵوەریونەتە ناو ڕیزەکانی ناسیونالیزمی کوردەوە و لە ئێستاشدا ئەو پرۆسەیە بەردەوامە و بەشێکی تر کێش دەبێت بۆ داوێنی ئەو ناسیونالیزمەیە بە یەکجاری. ئەمەش هەر تایبەتمەندی چەپی کوردستانی عێراق نییە، بەڵکو لە کوردستانی ئێرانیشدا، لە جیابوونەوە یەک لە دوای یەکەکانی ناو ڕیزەکانی ڕێکخراوی (کۆمەڵە)دا بەلای ڕاست و ناسیونالیزمی کورددا دەبینرێت، کە دواییینیان سەرەتای ئەمساڵ (٢٠٢٢) بوو.

هاوسۆزی (سەمپاتی) بۆ فکری ئۆجەلانی و مەیل و گرایشی پەیوەست بوون بە ستراتیژ و ئەجێندای سیاسی و ئابووری ئەم ڕەوتە لە ناسیونالیزمی کورد، لەناو ڕیزەکانی بزوتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی کوردستانی عێراقدا گوزارشە لەو ڕاستییەی سەرەوە.

کێشە لەوەدا نییە کە ئەمە مافێکی دیموکراتی ئەوانەیە کە دەیانەوێت ئەم پەیوەستبوونە لەم ڕێگەیەوە ئەنجام بدەن، کێشەکە لەوەدایە کە لەم ڕێگەیەوە فشار دەخرێتە سەر بزوتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی تا ببێتەوە بەشێک لە جوڵانەوەی ناسیونالیزم لە کوردستاندا.

پاراستنی سەربەخۆیی ڕیزەکانی چەپ و کۆمۆنیزمێکی ئینتەرناسیونال لە کوردستانی عێراق و لەبەرامبەر ناسیونالیزمی کورددا، بەشێکە لە خەباتی چینایەتی و پاراستنی سەربەخۆیی بزوتنەوەی چینایەتی کرێکاران و زەحمەتکێشان لە بزوتنەوەی ڕەوتە جۆراوجۆرەکانی بورژوازی، هەر بۆیە خەباتی فکری و سیاسی بۆ پاراستنی سەربەخۆیی بزوتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی کوردستان لە ناسیونالیزمی کورد بایەخدارە.

## جەنگی ئەسڵی لەناو کۆمەڵگەی کوردستاندا، جەنگی نێوان ناسیونالیزم و کۆمۆنیزم

ئەگەر نیو سەعات دانیشین بەدیار بەرنامەی هەواڵی یەکێک لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆنەوە، یا چاوێکی سەرپێی بخشێنین بەو هەموو هەواڵانەی کە باس لە کێشمەکێشی نێوان حزبە قەومییەکانی کوردستان دەکەن، کە جارجار نزیکیش دەبێتەوە لەوەی دەست بۆ چەک بەرن، چ لە نێوان ئەوانەی کە لە دەسەڵاتدان؛ ململانێی (پارتی) و (یەکێتی) لەگەڵ یەکتری و (گۆڕان) لەگەڵ هەردووکیان و لە بەرەی ئۆپۆزیسیۆنیشدا (نەوەی نوێ) بەرامبەر هەرسێکیان، ئەمە وێڕای کێشمەکێشی حزبە ئیسلامییەکان و کێشەی گشت ناسیونالیزمی کورد و حکومەتی هەرێم لەگەڵ ناسیونالیزمی عەرەب و حکومەتی ناوەند و دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی لە بەغدا، شتێکی زۆر سەیروسەمەرە دێتە پێش چاو باس لەوە بکرێت کە کێشمەکێشی ئەسڵی کۆمەڵگەی کوردستان لە نێوان کۆمۆنیزم و ناسیونالیزمدایە بە هەموو حزب و ڕەوتە جۆراوجۆرەکانیەوە. ئەمە لە حاڵێکدایە کە چەپ و کۆمۆنیزم لە هیچ جۆرە هێزێک بەهرەمەند نییە و لە

بۆ ل ١١

ڕەوت
البديل OCAI
ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق
ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

# بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی چینی کرێکار لە کوردستانی عێڕاق

## (ئاوردانەوەیەک لە مێژوی سێ دەیەی پێشوو لەڕووی کرداری و ڕێگریەکانی بەردەم بەرەوپێشچوونی)

**دڵشاد محمد عارف**

تێبینی: ئەم وتارە لەسەر بنەمای باسێک داڕێژراوە کە لە پلینۆمی بەرفراوانی (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق) پێشکەشم کردووە لە بەغدا لە (٢٧-٥-٢٠٢٢) کە وەک میوان بەشداری ئەو پلینۆمە بووم.

### یەکەم: بزووتنەوەی شورایی وەک سەرەتا

ئەگەر ئاورێک لە مێژوی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی چینی کرێکار بدەینەوە لە سێ دەیەی پێشویدا لە کوردستانی عێڕاق، دەبێت لەڕاستای هاتنەمەیدانی شوراکان و لەبەرچاوگرتنی بزووتنەوەی شورایی وەک پێشەنگ خوێندنەوە بۆ بزووتنەوەی چینی کرێکار بکەین.

دوابەدوای ئەو دۆخەی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێڕاقدا، لەگەڵ کۆتایی جەنگی ساردا هاتەپێش و لە کوردستان توانرا دەسەڵاتی ڕژێمی پێشوو (بەعس) پاشەکشەی پێ بکرێت، کۆمۆنیست و چەپەکان یەکەم هەنگاویکیان هەڵێنایەوە، کە دەتوانم بڵێم بەکۆی کەمووکوڕیەکانییەوە؛ لەڕووی پراکتیک و ئاسۆی سیاسییەوە، بوو بە مێژوویەک لە خەباتی کۆمۆنیستەکان کە دەتوانرێت ئەزمونی لێوەرگرین، ئیدی چ لە هەڵە و چ لە هەنگاوە ئاسوودارەکەی.

شوراکان لە سەرەتادا ببوونە جێگەی کۆبونەوەی بەشی هەرە زۆری لاوان و ئامادەی هەموو ئەرک و پێ سپاردنێک بوون کە پێیان بسپێردرێت. لیژنەی تەندروستی، کۆکردنەوەی کۆمەک، یارمەتیدانی سەربازە ئاوارەکان، بەشێک بوون لە کارەکانیان لەگەڵ پێکهێنانی هێزی چەکداری، بەڵام ئێمە هەڵسوڕاوانی ئەو بزووتنەوەیە نەمانتوانی دامەزراوەی دەسەڵاتدارەتی جەماوەری زەحمەتکێش و بنەماکانی بەڕێوبردنی کۆمەڵگە بخەینەگەڕ، هەروەها جگە لە چەند شوێنێکی وەک (کارگەی جگەرە) و (گەڕەکی خەبات) لە سلێمانی هیچ بنەمایەکی شورایی وەک هەڵبژاردنی نوێنەری شوراکانمان جێبەجێ نەکردبوو، واتە لەسەروو خەڵکەوە پێکهاتبوون، دەکرا لیژنە کاتیەکانی شورای گەڕەک و شوێنی کار بهاتینایەتە پێش شوراکان.

ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە هێزە چەکدارەکانی حیزبە ناسیونالیستەکان هاتبوونە نێو شارەکان و زۆر بە ئاسانی خۆیان ڕێکخست و کاری خۆیان ئەنجام دەدا لەدژایەتی کردنی شوراکان و تەنگپێهەڵچنینیان، وە بەگیانی نەتەوەیی و بانگی ئازادکردنی کەرکوک و ...هتد، کاریگەریان لەسەر ئەو کەسانە دانا کە لە دەوری شوراکان کۆببونەوە.

بەم پێیە شوراکان کەوتنە هەڵەی گەورە و پێدانی هەل بە حیزبە ناسیونالیستەکان کە بتوانن بنکۆڵی ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە بکەن و هێز لە خۆبگرن. شوراکان بەشێوازێک بەرەو لاوازبوون بچن لە گەرمەی خۆسازدانەوەی بۆرژوازی بۆ لێدانی گورز لەم بزووتنەوەیە کە دەکرا کۆمەڵگە بەڕێوەبەرێت.

### دووەم: بەڕێوەبردن یا بەرزکردنەوەی دروشمەکان

لەژێر کاریگەری مەیلە جیاوازەکان و هێنانەکایەی ململانێ سیاسییەکان، پاشەکشە لە زۆر شوێن جگە لە مانەوەی بنکەکان بووە بەشی شوراکان. ئەگەر بمانەوێت وردتر بڕوانینە شوراکان بۆ بەو دۆخە گەیشت؟ ئەوا مەسەلەکە تێنەگەیشتن بوو لە شورا، چونکە شورا یەکەی بەڕێوەبردنە، بەڵام لە شوراکاندا دەستکرا بە بەرزکردنەوەی دروشم (شیعارات) و خواستەکان. کاتێک خۆت لە هەوڵدابیت ئۆرگانی دەسەڵاتدارەتی دابمەزرێنیت بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە، نازانم ئەم دروشمانە بەڕوی کێدا وە بۆچی؟ ئیدی (بەرەی کوردستانی) حیزبە ناسیونالیستەکان کەوتنە خۆیان و یەکەم بانگەوازی ژەهراوی لە لایەن تاڵەبانیەوە بەڕووی شورکان و ئەوکاتی کۆمۆنیزمی کرێکاری بەرێخرا، ئیدی بەهەر شکڵێک و ئامانجێک

بوویێت دەستی بۆ برد.

### سێهەم: کۆمیتە شۆڕشگێڕەکان و وەدەرنانی بەعس

شوراکان لەو ماوەیەدا کە لە ئارادا بوون، چەندە هەڵە و نارۆشنییان هەبوویێت لە کارکردنیاندا، هەموان پشکدارن تێیدا، ئەمەش قوناغی یەکەمی خەباتی کۆمۆنیستەکان بوو. دواتر پاش شکستی خرۆشانی جەماوەری و گەڕانەوەی ڕژێمی بەعس و دانوسان و ڕێکەوتنی حیزبە ناسیوناڵیستە چەکدارەکان لەگەڵ ئەو ڕژێمەدا، جارێکی تر کۆمۆنیستەکان دەستیان دایە دروستکردنی (کۆمیتە شۆڕشگێڕەکان) و دژ بە (بەعس) کەوتنە کارکردن. ئەم مێژووەی کۆمۆنیستەکان ناتوانرێت لە لاپەڕەکانی مێژووی بزوتنەوەی کرێکاری و خەباتی پرۆلیتاری بێ بەها بکرێت کە وەدەرنانی ڕژێمی بەعس لەم ناوچەیەدا لەژێر کاریگەری کۆمیتە شۆڕشگێڕەکاندا بوو.

### چوارەم: یەکێتی بێکاران

پاش کۆمیتە شۆڕشگێڕەکان ماتە وزەیەک لە هەناوی چینی کرێکاردا خۆی دەرخست لە ناوەڕاستی ساڵی (١٩٩٢)دا کە دەکرێت لە ئایندەدا سود لەو ئەزمونە وەرگرین لە کارکردنماندا کە چۆن هەنگاوبنێین.

سەرەتا کۆمەڵێک چالاکوانی کۆمۆنیست بۆ خۆڕێکخستنەوە و هەوڵدان بۆ بەگەڕخستنەوەی کارکردی شورایی قسەوباسێکی جددییان کرد لەسەر بزوتنەوەی کرێکاری و میکانزمێک بۆ کۆکردنەوەی بێکاران لەنێو ڕێکخراوێکی کرێکاریدا، وە هەر لەو کۆبونەوەیەدا بڕیاردرا لەسەر ناوی ڕێکخراوەکە و بەیاننامەی ڕاگەیاندنی دەرکرا بەناوی (دەستەی کاتی شورای کرێکارانی بێکار)، بەڵام پاش کۆبونەوە لەگەڵ دەستەی دامەزرێنەری (یەکێتی بێکاران) لە هەولێر، وە بۆ کارکردن بەشێوەی سەرتاسەری (دەستەی کاتی شورای کرێکارانی بێکار) هەڵوەشایەوە و بانگەوازی کۆبونەوەی گشتی بۆ بێکاران کرا، کە دەکرێت بە یەکەم هەنگاوی شورا لەقەڵەم بدرێت، چونکە بەو سونەتە دەستی بەکارکردن کرد و نوێنەرەکان بەدەنگدانی ئاشکرا هەڵبژێردران، لە هەمانکاتدا کاتی کۆبونەوەی گشتی ئایندە دیاریکرا و بوو بە مێتودی کارکردنی ڕێکخراوی (یەکێتی بێکاران لە کوردستان).

جگە لە (یەکێتی بێکاران) چەندین ڕێکخراوی کرێکاری تر هاتنەپێش لە کارگە ئەهلیەکان، و ئیرادەیەکیش لە کارگەکانی کەرتی گشتیدا هەبوو، بەتایبەت لە کارگەی پۆشاک (ئەلبیسە)ی سلێمانی و چیمەنتۆ بۆ بەگەڕخستنی شورای ئەو کارگانە. کارگەیشتە هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی ئەو ڕێکخراوە کرێکاریانە و پێکهێنانی فدراسیونێکی سەراسەری ڕێکخراوە کرێکاریەکان لە کوردستان.

### پێنجەم: ئاستەنگ و ڕێگرییەکان

با لێرەدا هەڵوێستەیەک بکەین و بزانین ئیدی چی دەگوزەرێت؟ ئەم ڕێکخراوانە دەکەونە کوێی هاوکێشە و ململانێی چینایەتی؟ چ شتێک کاریگەری نەرێنی لەسەر کاری ئەم ڕێکخراوانە دادەنێت؟



(یەکێتی بێکاران لە کوردستان) لەڕووی ئەندامگیری هەموو کەسێکی ئامادە بەکار کە کاری نەبێت بەبێ جیاوازی مافی ئەندام بونی هەبوو، وە مافی دەنگدان و خۆپاڵاوتنی هەبوو کە لە ڕێکخراوەکانی تریش هەمان شێواز بوو، کاتێکیش باسی فدراسیون هاتەپێش وەک پێداویستیەکی سەرەکی بۆ کۆکردنەوەی چینی کارگەر و ڕێکخستنی لە ڕێکخراوێکی سەرتاسەریدا و بەرگرتن لە جیاکردنەوەی ڕشتەیی بەئامانج گیرا، ئەمانە ڕوویەکی گەشی ئەم بزوتنەوەیەن، بەڵام بەمە کۆتایی نایەت دەبێت ئاستەنگ و ڕێگریەکانیش ببینین کە ئەویش ڕەنگدانەوە و بەرجەستەکردنەوەی جیاوازی و ناکۆکی فکری و سیاسی گروپ و ڕێکخراوەکان بوو لەنێو (یەکێتی بێکاران) و ڕێکخراوە کرێکاریەکاندا، بەتایبەت ململانێی نێوان دوو باڵی جیاوازی ناو بزوتنەوەی کۆمۆنیستی کە هەر یەکەیان سەربە خەتێکی جیاوازی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێران بوون، ڕوونتر بڵێم باڵی (کۆمۆنیزمی کارگەری) و باڵی (کۆمەڵە)ی سەربە (حیزبی کۆمۆنیستی ئێران).

ڕاستە چەند کۆمۆنیستێکی جیاواز لەمانەش بونیان هەبوو، بەڵام ئەم دوو باڵە خاوەن هەژموون بوون لەنێو ئەم ڕێکخراوە کرێکاری و جەماوەریانەدا بەتایبەتی لەنێو (یەکێتی بێکاران)، کە ئەم ڕێکخراوە ئاڕاستەی کارکردنی لەسەر بیمەی بێکاری بوو، یان باشتربڵێم کاری لەسەر ڕێکخراوکردن و سازدانی پرۆلیتاریا دەکرد، هەتا بتوانیت سەربەخۆ خۆی بپارێزێت لەبەرامبەر بێکاری و هەژاری و کارێکدا کە بۆرژوازی هۆکار و کارکردی بێت.

کێشمەکێشەکانی ئەم دوو ڕەوتە فکریە جیاوازە بەشێوازێکی نادروست کاریگەری دانا لەسەر ڕێکخراوە کرێکاریەکان، بەتایبەت سێ ڕێکخراوی سیاسی کۆمۆنیزمی کارگەری ئەو کاتە (بەر لە دروستبوونی حزب) جگە لەوەی ململانێیان لەگەڵ ڕەوت و کەسانی دەرەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری دەکرد، لەنێو خوشیان کەوتبوونە ململانێ و شەڕە فکریەکانی خۆیان لەنێو ڕێکخراوە کرێکاریەکاندا دەکرد، ئەمەش کاریگەریەکی خراپی لەسەر ئەم ڕێکخراوە کرێکاریانە دانا. چەمکی سکتارست، پوپولیست، ئینتهازی، ... کاڵای ئامادەکراو بوون باڵای یەکترییان پێ دەپۆشی، دواتر لەڕێگەی (مەنسوری حیکمەت) ەوە ئەم کاڵای بەقەد باڵایە نەما و هەموویان لە ناو حزبێکدا (کۆمۆنیستی کرێکاری عێڕاق) کۆبوونەوە و ئیتر ململانێکان بۆیان ساناتر بوو.

دەمەوێت لێرەدا هەڵوێستەیەک بکەم و بگەڕێمە بۆ خۆسازدانی (یەکێتی بێکاران) پاش بڕیاردانی لە کۆبونەوەی نوێنەرایەتی بێکاران بۆ خستنەگەری خۆپیشاندان بۆ دەستگەیشتنی بەشی هەرە زۆری کۆمەڵگە و لەشکری گەورەی بێکاران بە سەرەتایی ترین مافی ئینسان کە خۆی لە کار و ناندا دەبینێتەوە.


دواجار بەکۆی دەنگی نوینەرانی (یەکێتی بێکاران)، (لیژنەی باڵا)کەی ڕاسپێردرا بەدەرکردنی بەیاننامەیەک کە بانگەوازی بێکاران و تەواوی کۆمەڵگە بکات بۆ سازدانی خۆپیشاندان دژ بە دەسەڵات لە پێناو نان و کاردا.

دواتر دێمەوەسەر باسی خۆپیشاندانەکە با

بۆ ل ١٠

# مەبەستەکانی پشتی پەردە لە بەرنامەی (لەگەڵ ڕەنج)دا

**عەبدوڵا سالح**



ساڵانێکە (ڕەنج سەنگاوی) بەرنامەیەک لەسەر کەناڵەکانی (تی ڤی -TV) حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان پێشکەش دەکات بەناوی (لەگەڵ ڕەنج)، سەرەتا لە کەناڵەکانی (کوردسات) و (خاک)ی سەربە (یەکێتی)یەوە دەستی پێکرد، پاشان چوو بۆ کەناڵی (ئێن ئار تی -NRT)، بەڵام لەگەڵ دامەزراندنی کەناڵی (ڕوداو)ی سەر بە (پارتی)، خۆی و بەرنامەکەی چوونە ئەو کەناڵە. ناوەڕۆکی بەرنامەکە ئەوەیە چمکی بابەتێکی نەرێنی (سلبی) ژیان و گوزەرانی خەڵک دەداتە بەر باس و لێکۆڵینەوە و هەندێک جاریش ڕەخنەی توند.

گومان لەوەدا نییە ڕاگەیاندن (ئیعلام) کە پێی دەڵێن دەسەڵاتی چوارەم، ڕۆڵێکی یەکجار زۆر گرنگ دەبینێ لە ئاڕاستەکردنی زەین و هۆشی خەڵک، بەتایبەت ئەوانەی لەچاوی میدیاوە سەیری دنیای دەوروبەر دەکەن، بەرەو ئامانجێک کە دەزگای ناوبراو مەبەستییەتی، بۆ نمونە، لە بەریتانیا کە گوایە بێشکەی "دیموکراتی"یە لە یەکێک لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەماندا لە کەسێکی دانیشتووی ئەو وڵاتەیان پرسی دەنگ بەکام حزب دەدەی؟ لەوەڵامدا وتی: جارێ ڕۆژنامەی (THE SUN)١ م نەخوێندۆتەوە؟

هەموو بەرنامەیەک، بەتایبەت ئەو بەرنامانەی لە تی ڤی حزبە دەسەڵاتدارەکانەوە پێشکەش دەکرێن، بێشک بێ ئامانجی سیاسی نین، ئامانجی ئەم بەرنامەیەی (ڕەنج)یش کردنەوەی کونێکی بچووکە لەو کاسە پڕ لە قین و تورەییەی خەڵک، لەو شەپۆلە لە بێزاری و نەفرەت تا لەسەریەوە نەڕژێ و لاقاوێک بەدوای خۆیدا نەهێنی کە ئەم دەسەڵاتە ڕاپێچەک بدات. جا بۆ ئەوەی ئەم دەسەڵاتە لەسەر هەمان ڕێچکە بەردەوام بێت، دەبێ بەرنامەی لەم جۆرە و پێشکەشکاری پرۆفیشیناڵی وەک (ڕەنج سەنگاوی) هەبێ!

ئەگەر کەسێکی نامۆ بە بارودۆخی کوردستان سەیری ئەو بەرنامەیە بکات وا دەزانێ ئەم تەلەفزیۆنە و ئەم بەرنامەیە و ئەم ڕاگەیاندنکارە لە دڵسۆزترینی خەڵکی کوردستانن و ئەم وڵاتەی دەنگی ئاوا نارازی و میدیای ئاوا ئازادی تێدا بێ وەک "شامی شەریف" وایە! لەوەتای (ڕەنج) خەریکی ئەو بەرنامەیەتی و گوایە پەردە لەسەر دیوە دزێو (سلبی)ە شاردراوەکانی سیاسەتی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا لادەدا، دەبوو ئەم وڵاتە جۆرێکی تر بوایە، کەچی ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر دەبێ، شێوازی ئەم بەرنامانە لە زۆرێک لەو وڵاتانەی حزبێک یا چەند حیزبێک بەناوی حوکمڕانیەوە تاڵانچییەتی دەکەن کەم نییە.

لە بەرنامەکەی ڕۆژی (٢٤-٧-٢٠٢٢)، بۆ نمونە، کە لەسەر بابەتی کواڵەتی کۆنترۆڵ بوو، هەر لەوێشدا ئەو ڕاستییەی درکاند کە کواڵەتی کۆنترۆڵ لە ئێستادا دراوە بە سێ کۆمپانیا، یەکیان سەر بە (پارتی) و یەکیان سەر بە (یەکێتی) و ئەویتریان سەر بە (گۆڕان)ە و پرساری کرد: {چۆن دەبێ ئەو کارە حەساسە بدرێ بە کۆمپانیا، چۆن دەبێ چارەنوسی منداڵی کورد بدرێتە دەست کۆمپانیا؟}، دیارە (ڕەنج) بیری چۆتەوە کە حکومەتەکە خۆی حکومەتی کۆمپانیایە!

لە هەمان بەرنامەدا و لەسەرەتادا باسی لەوە کرد کە ئەو کاتەی (مەسعود بارزانی) سەرۆکی هەرێم بوو، بەرنامەیەکی ئەوی دیتبوو لەسەر کواڵەتی کۆنترۆڵ و دەڵێ: {جەنابی سەرۆک بارزانی دوای دوو ڕۆژ لە بەرنامەکە د. ئومێدی -یەکێک لە میوانانی بەرنامەکە- بانگ کردبوو هەموو توانایەکی مادیی خستبووە بەردەستی و پێشی وتبوو واستە لە کەس قبوڵ مەکە، بۆیە دوای ئەم بەرنامەیە کواڵەتی کۆنترۆڵ بەتەواوی کۆنترۆڵ کرا!!}، لێرەدا با واز لەوەبێنین ئەم قسەیە چەندە ستایشی بەرپرسی ناوبراوی تێدایە کە سەربە هەمان خانەوادەی (ڕووداو تی ڤی)یە، خەڵک بۆی هەیە بپرسێ کە ئەگەر ئەم کێشەیە چارەسەر کراوە بۆ ئەم بەرنامەیە دووبارە دەکاتەوە؟ یان ئەوەی نەبوونی ئەم بەرپرسەیە لە سەرۆکایەتی هەرێم وای کردوە دووبارە کواڵەتی کۆنترۆڵ بگاتە ئەو ئاستە خراپە؟ واتە "دەستکاریەکە" پەیوەندی بەکەسەکانەوە هەیە نەک بە کوللی سیستمەکە!!

لەو بەرنامانەدا، (ڕەنج)م وەک حاکم دێتە بەرچاو هەندێ جار میوانەکەی دەخاتە نێو قەفەزی تۆمەتەوە! بەتایبەت کە میوانەکە سەر بەحزبێکی غەیرە (پارتی) بێت، بۆ نمونە هەر لەو بەرنامەیەدا چەند میوانێکی بانگهێشت کردبوو یەکێک لەوان کارمەندی کۆمپانیایەکی (یەکێتی) بوو کە کاری کواڵەتی کۆنترۆڵی پێ سپێردرابوو (ڕەنج) پرسیارپێچی کردبوو تا ڕادەیەک خستبوویە ژێر مەنگەنەوە.

لە کۆتایی هەموو ئەم بەرنامانە دوا قسەی ڕوو دەکاتە بەرپرسان کە ئەمە بارودۆخەکەیە فریای کەون، یا دروستتر بڵێین فریای خۆتان بکەون و هەندێ جاریش دەڵێ: (وما على الرسول الا البلاغ - پەیام هێنەر تەنیا پەیام گەیاندنی لەسەرە).

با لە خۆمان بپرسین ئاخۆ بەردەوامی بەرنامەکەی ڕەنج نیشانەی زیاد بوونی ئەو دیاردە قێزەونانە نیە؟ بەڵام کام دیاردانە؟ بێشک ئەوانەی وەک دەڵێن (زەرەریان بۆ پەزەکان نیە)، لیرەدا ئەو ڕاستیە دەمانخاتە بەردەم پرسیارێک لە (ڕەنج سەنگاوی): ئاخۆ بەرنامەیەکت کرد لەسەر هەموو ئەو زیندان و گرتووخانانەی، بەدزی و بە ئاشکرا، لە کوردستاندا هەن و سەربە حزبەکانی دەسەڵاتن و بەدەیان و بەسەدان کەسانی زیندانییان تێدا بێ سەروشوێن کراوە، ئەمە جگە لە زیندانی فەرمی حکومەت؟ ئاخۆ باسێکی ئەوانەت کرد کە تەنیا لەسەر بیر و ڕای جیاوزیان لەگەڵ دەسەڵاتدارن ڕاپێچی زیندان کراون و لە دادگاکانی دەسەڵاتدا تاوانیان بۆ داتاشراوە؟ مەگەر ئەوە دیوێکی نەک قێزەوەن، بەڵکو قێزەوەنترین دیوی حوکمڕانی نییە لە کوردستاندا؟

لە ڕواڵەتدا ئەم بەرنامانەی (ڕەنج) خەمخۆرییە بۆ کێشە و گرفتەکانی جەماوەرێکی بێ خزمەتگوزاری و نارەوایی دەرحەقکراو لە کوردستاندا، بەڵام لە ناوەڕۆکدا خۆڵکردنە چاویان و چاوبەستەگییانە تا حەقیقەت و جەوهەری دژە جەماوەر و دژە خەڵکی دەسەڵات پەردەپۆش بکرێت و جامی غەزەبیان لەسەریەوە نەڕژێت و لافاوەکەی دەسەڵاتداران ڕانەماڵێت، بۆیە فەرمانڕەوایان لەو بەرنامانەدا وا نیشاندەدرێن کە یا ئاگایان لەو "کەمووکوڕی" و "نا عەدالەتی"یانە نییە، وە هەر کاتێک ئاگادار بوونەوە وەک (بارزانی) دەستپێشکەری دەکەن بۆ چارەسەرکردنی، یان بەرپرسان و دەسەڵاتداران نەیانپرژاوەتە سەر ئاوڕدانەوە لێی و جێگەی ڕەخنەن و داوایان لێدەکات ئاگادار بن و لایەکی "مەرحەمەت" لە جەماوەر بکەنەوە. هەربۆیە، وەک لە زمانی فارسیدا دەڵێن: (زیر این کاسە نیم کاسەایست - لەژێر ئەو کاسەیەوە نیو کاسەیەک هەیە!) بەڵێ لە پشت پەردەی ئەم بەرنامانەوە فریوکارییەکی سیاسی ئامانجدارانە و سیاسەتێکی کۆنەپەرستانە خۆی حەشارداوە و دەبێ ڕیسوا بکرێت. لە کۆتاییدا دەبێ بە ڕەنج بڵێین کە: بەری خۆر بە بێژنگ ناگیرێ!!

٢-٨-٢٠٢٢

١- (THE SUN)، ڕۆژنامەیەکی دەستەراستییە لە بەریتانیا دەردەچێ.

ڕەوت البدیل OCAL
ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق
ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

# بانیژەی ئەدەب و کلتوور

ئامادەکردنی/ عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) و جەمال کۆشش

## فیستڤاڵی سەرکوتکراوان : بروگلی جووتیار

نووسینی : پێشڕەو محەمەد







یەکێک لە گەورەترین ڕیالیستە هۆڵەندییەکانی سەدەی شازدە بێگومان پیتەر بروگلی مەزنە. بروگل لە ١٥٢٥ لەدایکبووە و ٤٥١ ساڵ پێش ئێستا لە ٩ ی سێپتێمبەری ١٥٦٩ مردووە. سەردەمی ژیانی هاوکات و پڕە لە خەبات و شەڕی هۆڵەندا دژی باڵادەستیی ئیسپانیا. هۆڵەندا، کە لەو ڕۆژگارەدا، هۆڵەندای ئێستا، بەلجیکا، لۆکسمبۆرگ و بەشی باکووری فەڕەنسای دەگرتەوە، سەر بە ئیمپراتۆریەتی موقەدەسی ڕۆمانی بوو و لەژێر دەسەڵاتی بەشی ئیسپانیی هابسبۆرگەکاندا بوو. با بچینە ناو سەردەمی ژیانی بروگلەوە: زۆربوون و توندبوونەوەی دادگاکانی پشکنینی بیروباوەڕ، ڕاوەدوونانی پرۆتستانتەکان و بتشکێنانی کالڤینستی.

Pieter_Bruegel_dبروگل گرنگترین و دیارترین هونەرمەندی هۆڵەندیی سەردەمی ڕێنیسانسە. وێنەکانیشی بەهۆی گەڕانەوە بۆ دیمەن و ژیانی جووتیاران و خەڵکی هەژار ناسراوە. بروگل یەکەم منداڵی خێزانێکی گەورەتری شێوەکاران و تابلۆسازان بوو. پاشان بەهۆی یەکێک لە سەرەکیترین فیچەرەکانی بەرهەمەکەی، ئەو بە "بروگلی جووتیار" ناسرا، واتا ناوەندێتیی جووتیاریی هۆڵەندیی. بەڵام هونەرەکەی هەڵوەستەکردنە لەسەر واقیعی هۆڵەندیی لە چەندین شێواز و گۆشەنیگاوە. بەتەنها ئیلهامی لە دەربڕینە فۆلکلۆر و باوەکان و پەندەکان وەرنەگرتووە و خەڵکی هۆڵەندیی نەخستووەتە نێو سەنتەری کارەکەیەوە، بەڵکو تابلۆکانی بەم هۆیەوە چەندین هێرشی شاراوەیان بۆسەر باڵادەستیی ئیسپانیی لەخۆگرتووە. بەم شێوەیە، بەرهەمەکانی وەک بەڕێوەبوون بەرەو سوارچاکیی، سەرژمێریی بێتلەحم، کوشتاری بێگوناهان و زۆرێکی دیکە، هەندێکجار عەبای ئایینییان لەبەردایە، ئەمانە یارمەتیدەربوون ئامادەکاریی بۆ شۆڕشی هۆڵەندیی بکەن ئەویش لەڕێگای دانانی واقیعەکانی ژیان لەسەر کانڤاس و پیشاندانی خەڵکانی ئاسایی و بەم هۆیەوە پشتیوانییکردن لە خواستی هۆڵەندا بۆ سەربەخۆیی.

لەم تابلۆیە، لە ناوەڕاستی خەڵکدا، عیسا هەمان کراسی شینی هاوشێوەی جووتیاران لەبەر دەکات، کە هاتوون تا یارمەتیی بدەن، هەم ژنان و هەم پیاوانی جووتیار. سەربازانی بەکرێگیراو، بە کۆتی سوور و لەسەر پشتی ئەسپەکانیانەوە، بەڕوون و ئاشکرایی وەک دوژمنی هاوبەشی جووتیاران پیشان دەدرێن.

### سەرژمێریی بێتلەحم

باڵادەستبوون بەسەر جووتیاری هۆڵەندیدا لەلایەن ستەمکاری ئیسپانییەوە، هەروەها بە هەمان شێوە لە هەردوو تابلۆی سەرژمێریی بێتلەحم و کوشتاری بێگوناهاندا دەردەکەوێت. هەردوو تابلۆکە لەنێو کەش و هەوا و دیمەنێکی بەستەڵەک و سارددا پیشان دەدرێن. هەردوو تابلۆکە هەڵوێستێکی سیاسیی دەربارەی هۆڵەندیی/فلاماندەریی لەژێر دەسەڵاتی لقی هابسبۆرگی ئیمپراتۆریەتی موقەدەسی ڕۆمانیی لەخۆدەگرن. لە تابلۆی سەرژمێریی بێتلەحمدا، خەڵک بەڕوون و ئاشکرایی بەدەست تالان و بڕۆی دارایی و سەربازیی دەسەڵاتی بێگانەوە دەناڵێنن. ڕیزبەستن و کۆبوونەوە بۆ ناو تۆمارکردن، پارە و باجدان بە ئیمپراتۆرییەت. بەشێوەیەکی بەرچاو و بەهەیبەت، کۆکەرەوانی باج لەژێر ئارمی هابسبۆرگ دانیشتوون (هەڵۆیەکی ڕەش لەنێو قەڵغانێکی زێڕیندا) لەسەر دیواری تەنیشت پەنجەرەکەوە، وێنەی کێشراوە. مەریەم و یوسفی دارتاش دەردەکەون کە بەرەو کۆکەرەوانی باج دەڕۆن. ئەوانیش وەک خەڵکی ژێردەستە و بەکۆیلەکراوی هۆڵەندیی، پیشان دەدرێن.

### ڕاوچیانی ناو بەفر

بەدوای یەکداهاتنی وەرزەکان لای بروگل ڕیشەیان لەنێو (کتێبی سەعاتەکان)دا هەیە، بەڵام ئەمانە لەڕێگایەکی دوورەوە دێن. ئەم تابلۆیانە بەها ئەتمۆسفێرییە وەرزییەکانی سروشت بۆ یەکەمجار پیشان دەدەن و بەشێوەیەکی ئۆرگانیکیی خەڵکانی کارکەری ئاسایی و ڕۆژانە ئاوێتەی نێو دیمەنی سروشتیی دەکەن. بروگل لە دیمەنە زستانییەکەیدا، واتا ڕاوچیانی ناو بەفر، ڕاوچیان و سەگەکانیان دەبینرێن لەکارەکانیان دەگەڕێنەوە. چەمانەوەیان بەهۆی ماندوێتییەوە، لەڕێگای ماڵەوەیاندا بۆ ناو گوندەکە، بەڕوون و ئاشکرایی دەبینرێن و دەردەکەون. لەم تابلۆیەدا، هەوڵی بروگل وەک هونەرمەندێک ژیان لەنێو مەودای بەردەوامدا پیشان دەدات. بینەر دیمەنی بەرفراوان لە چاوانی ڕاوچیانەوە دەبینێت، دوای هەنگاوەکانیان لەنێو ڕێگای بەبەفر دا پۆشراودا دەکەوێت. گوندنیشنان یاری سەر سەهۆڵ دەکەن، ژنێک بەگالیسکەیەکی پڕ لە چڵ و درەختەوە لە پردەکە دەپەڕێتەوە. تەنانەت دەکرێت دوکەڵکێشێت لە دوورترین کوخی گوندەکەدا ببینرێت، کە گوندنشینان کاری تێدا دەکەن. بایەکی ساردی بەفراویی بەرەو بینەر هەڵدەکات و دەکرێت هەست بە پەناگا و ماڵی دانیشتووان لەو سەرمایەدا بکات.

### سەمای ئاهەنگی هاوسەرگیریی



بروگل گرنگیی بە نەریتە دەوڵەمەندەکانی کولتووری هۆڵەندیی دەدا و ئەو هەڕەشەیەشی زەق دەکردەوە کە چینی حاکمی ئیسپانیی لەو کولتوورەی دەکرد. بەناوبانگترینیان دەرکەوتنەکانی ژیانی جووتیارییین لە تابلۆکانی بروگلدا، بۆ نموونە لە تابلۆی سەمای ئاهەنگی هاوسەرگیرییدا. ئەم تابلۆ جیهانییە بەتەواویی ڕووبەڕووی هەڕەشە و تووڕەیی کڵێسا ببووەوە، چونکە کڵێسا دژی سەماکردن بوو و هەموو هەستیارێتیی و چێژ و خۆشیی-نێو-ژیانی ڕەتدەکردەوە. لەناوەڕاستی وێنەکەدا، ئێمە تێکەڵبوونی دەستەکانی بووک و زاوای سەماکەر لەنێو فەزای کراوەدا دەبینین. بووک تەنها ژنێکە لەچکی سپیی لەسەر نەکردووە و جلی کارکردنی ژنانی لەبەردا نییە، قژە سوورەکەی بڵاوکردووەتەوە، و عەزیەکی درێژی ڕەشی لەبەردایە (لەڕاستیدا عەزیەی سپیی بۆ بووک تەنها لە سەدەی نۆزدەدا بوونە باو). هەموو گوندەکە بانگهێشتکراون و ئەمەش خۆی ڕووداوێکی پڕ لە چێژ و خۆشی گوندەکەیە. جوڵەی بەردەوام و داینامیکی ناوەوەی وێنەکە سەرسامکەرە، وزەی بەرفراوان و زۆر و زەوەندی خەڵک پیشان دەدات و دەکرێت لەنێو ئەم تابلۆیەدا گوێمان لە ژەنین و لێدانی زوڕنا بێت. جیا لە سەماکردن، ئێمە دەتوانین ئازادیی سێکسیش لەنێو گوندنیشاندا ببینین. هەر زوڕنا بۆ خۆی ڕەمزێکی سێکسوالییە، هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی وەک ئامرازێکی مۆسیقای فۆلکلۆرییەوە. چێژ و خۆشیی بێ سنووری ژنان، وزە، سەما، مۆسیقا و ئازادیی سێکسیی هەموویان دەربڕین و هەڵوێستی ڕوونی بەرەنگارییین دژی ئەو هەوڵانەی چینی حاکمی ئیسپانیی وەک هێزێکی سیاسیی و ئایینیی بەسەر خەڵکی هۆڵەندیدا دەیسپاند.

### ماسیی گەورە ماسیی بچووک دەخوات

بروگل لەڕاستیدا بەشێوەیەکی زۆر ڕاستەوخۆ کۆمەڵە بەرهەمێکی ئەلیگۆریی زۆر زیاتر ڕەخنەیی کۆمەڵایەتییانەی وەک ماسیی گەورە ماسیی بچووک دەخواتی بەرهەمهێناوە، هەروەها کۆمەڵێک بەرهەمی دیکەی کەمتر ئەلیگۆریی وەک مەتبەخی دەوڵەمەندان (یاخود



قەڵەوان) و مەتبەخی هەژاران (یاخود لەڕ و لاوازان)ی هەیە. ئەم کارانەش هێشتا چێژبەخشن، قابیلی ناسینەوەن و وەفادارن بەرانبەر بە ڕۆژگاری خۆیان:

### مەتبەخی هەژاران ...مەتبەخی دەوڵەمەندان



بروگل وێنەی ڕۆژگارەکەی خۆی، لەگۆشەنیگای خەڵکانی ژێردەستە و ستەملێکراوەوە لەو وڵاتەدا کێشا و ئەم کارەشی بەشێوەیەکی تەواو ڕیالیستیی و مرۆییانە ئەنجام دا. هونەرەکەی قوناغە سەرەتایی، پێشکەوتووخواز، لەڕاستیدا شۆڕشگێڕی ڕەگەزی ڕیالیزمی بۆرژوازیی پیشان دەدات. لەبەر ئەم هۆیە، بینەران لەگۆشەنیگای ئەمڕۆوە دەتوانن بەئاسانیی لە پەیوەندیی بروگل بە خەڵکی ئاسایی، سەرکوتکراو و چەوساوە و شۆڕش و ڕاپەڕینیان دژی هەلومەرجی خۆیان تێبگەن و بروگلیش بەم چەشنە ببینن. بۆرژوازیی ئەمڕۆ کە دووبارە چەوساندنەوەی لە فۆرمێکی مۆدێرنتردا بەرهەمهێناوەتەوە، ئەوا هونەرەکەی بروگل، هەمیشە هونەری خەڵکی چەوساوە و سەرکوتکراوە.

# دوا جەنگ

شیعری:ئیبراهیم هەورامانی




سەربازی جەنگێکین
دوا جەنگی ئێمەیە.
بۆ ڕمانی تەخت و تاجی ئێوە
دوا ئومێدی ئێمەیە.
کە خۆری ئازادی تێدا هەڵدێت لێوە
جەنگی ئێمە،
جەنگی ڕوخانی زیندان و
وەرگرتنەوەی نانی دزراو و
خەندەی تۆراومانە.
جەنگی ئێمە،
جەنگی ئاوەدانی و
بزەی سەر لێوی منداڵ و
ژیانی یەکسانیمانە
ئێمە سەر بازی جەنگێکین
ئامادەو ساز
ئەمڕۆ نا سبەی
دێینە مەیدان.
لەژێر ئاڵای شەکاوەدا،
ئاڵای خەبات و تێکۆشان
وڵات پڕ دەکەین لە شادی
لەخۆشبەختی
سیمای ڕق و دەسەڵاتتان دەسڕینەوە.
خۆری چەند ساڵەی دزرامان،
بۆ ژیانی شەوەزەنگمان دێنینەوە.
دونیا پڕ دەکەین لە پێکەنین،
لە گەنم و نان
لەگەڵ دەنگی سەرکەوتنا،
هاوار دەکەین
بژی ئینسان
بژی ئینسان.

ڕووت
البدیل OCA
ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لەعێراق
ڕۆژنامەیەکی سیاسییە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

# پەیکەری بانگەوازی دایک

ڕانانی: عەبدولڕەحیم سەرەڕۆ



پەیکەرەکانی دایک لە زۆربەی وڵاتانی دونیادا هەن بە تایبەت وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان کە لە زۆربەیاندا وەک هێمایەکی بەرز بۆ نیشتمان بەکارهێنراوە، ئینجا هەر پەیکەرەو ناوی تایبەت و مێژووی خۆی و سەر بە ڕووداوێکە لە ژیانی مێژووی کۆمەڵگەیەک، بە تایبەت ئەو جەنگە خوێناوییانەی کارەساتی مرۆیی زۆری لێکەوتۆتەوە کە زۆربەیان لە هەژمار نایەن، وەک ڕێزێک لە قوربانییان و وەک لەبەرچاوگرتنێک بۆ مێژوو چەندین پەیکەر و مۆنۆنۆمێنتی جیاجیا لەو وڵاتانە هەن کە ڕەوڕەوەی هەردوو جەنگی گەورەی جیهان و دواتر دەرهاویشتەکانی وەک قڕی و قاتی و نەخۆشی و پەتاکانی تووشبووە، بۆیە ئەندازیاران وەک ویژدانێکی هاوبەشی مرۆیی زیندوو؛ بە پەرۆشەوە کاریان بۆ دامەزراندنی ئەو جۆرە پەیکەرانە کردووە کە زۆربەیان ڕووخساری مێینە هەڵدەگرن؛ لە کاتێکدا جەنگەکان نێرینەکان هەڵیانگیرساندووە، ئەمەش پەرچەکردارێکی نەستی بە کۆمەڵی هونەرمەندانەیە بەرامبەر بە ئاکارەکانی نێر بۆ هەڵگیرساندنی جەنگ و قوربانیدانییەکانی مێینەیە لە مێژووی جەنگە کارەساتبار و خوێناوییەکان. لە ئەدەبیاتی ڕووسیدا دایک کرۆکی بابەتە مرۆییەکانە بە گشتی و لەلای ماکسیم گۆرکی بە تایبەت کە خاوەنی سێ چیرۆکی نایابە لەسەر دایک، سێیەمیان ڕۆمانی (دایک)ـەو لە دەروازەی شکۆمەندییەوە چۆتە ناو مێژووی ئەدەبی شۆڕشگێڕی و تەخت و تاراجی قەڵەمڕەوی قەیسەری سەروژوور کردووە و بە هۆیەوە سەدەیەکە سیاسەتی جیهانی گۆڕانکاری بەردەوامی تێکەوتووە. پەیکەری بانگەوازی دایک، پەیکەرێکی گەورەو ناوداری جیهانە دەکەوێتە فۆلگۆگرادی ڕووسی کە بەر لە هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤییەت بە شاری ستالینگراد ناسرابوو، کە بە پەیکەری "مامایێف"یش ناسراوە لە ڕووسیا؛ چونکە دەکەوێتە بانەکانی ناوچەی مامایێف کۆرگان کە گردێکی بەرزە لە نزیک شاری فۆلگۆگرادەوە، ئەم پەیکەرە وەک ڕێزلێنانێک بۆ شەڕی نێوان نازییەکان و پۆڕشەوییەکانی جەنگی دووەمی جیهان دامەزراوە بە تایبەت ئەو جەنگە خوێناویەی نێوان ١٩٤٢ ـ ١٩٤٣ کە ماوەی (٢٠٠) ڕۆژی خایاندووە. پەیکەرەکە بەژنی تەواوی ژنێکە بە جلی کولتووری ڕووسی و سەری بەرزکردۆتەوە و شمشێرێکی درێژی بەرزکردۆتەوە و وەک ڕەمزێک بۆبانگەوازکردنی ڕۆڵەکان لە پێناوی نیشتمان و ڕووبەڕووبونەوەی داگیرکاری نازیی ئەو سەردەمە. هەر ئەو پەیکەرە ئێستا لەسەر ئاڵای هەرێمی بڵاست دەشەکەوێتە کە بەشێکە لە ڕووسیای فیدراڵ، ڕووخساری پەیکەرەکە لە ڕووخساری فالنتینا ئازۆتۆڤای ژنە جەنگاوەرەوە وەرگیراوە کە بوو بە هێمای بەرگری شاری ستالینگراد و لیو مایسترانکۆی سەرپەرشتیکاری دامەزراندنی پەیکەرەکە لە سەرەتای شەستەکاندا ئەو ڕووخسارەی هەڵبژاردووە. ئەم پەیکەرە ساڵی ١٩٦٧ دامەزراوە و کاتی خۆی بەرزترین پەیکەر بووە لەسەر زەوی، بەرزاییەکەی لە نووکی شمشێرەکەوە تا دەگاتە بنکەی پەیکەرەکە لەسەر زەوی (٨٥) مەترە، لە دەستی پەیکەرەکەوە تا زەوی (٥٢) مەترە و درێژی شمشێرەکە بە تەنها (٣٣) مەترەو درێژی دەستی فالنتینا لە دەفەی شانییەوە تا پەنجەی دەستی (٢٠)مەترە، هەرچی بارستایی پەیکەرەکەیە (٨٠٠٠) تۆنە و کێشی شمشێرکە لە (١٤) تۆن زیاترە و لەسەر بینایەکی بەرز و پان دانراوە کە بە (٢٠٠) پایە لە زەویەوە تا دەگاتە سەرەوە واتا لای پێی پەیکەرەکە، وەک نیشانەیەک بۆ ئەو (٢٠٠) ڕۆژەی کە جەنگەکە لەو ناوچەیە بەردەوام بووە. ئەم پەیکەرە لە لایەن یەڤگینی فۆچیچ.. پەیکەرسازی گەورەی ڕووسی بە ڕەگەز سیربی دیزاین کراوە، دامەزراندنی ئەم پەیکەرە وەک ڕووبەڕووبوونەوەیەک بوو بۆ شکاندنی پێوەر و کارەکانی نیکۆلای نیکتین کە بارستاییەکەی گەیشتە زیاتر لە ٧٩٠٠ تۆن. بەپێی زۆربەی سەرچاوە مێژووییەکان سرۆشی پەیکەری مامایێف کۆرگان لە پەیکەری سەرکەوتنی دایکە سامۆتراسەوی باڵداری دایکی گریکییەوە وەرگیراوە، هەر وەک ئارامگای هونەرمەندی ڕیالیزمی سۆشیالیشتی ناسراو مارشاڵ فاسیلی چیکۆف لەژێر ئەو پەیکەرە.. لە کۆمەڵەی پەیکەری نیشتمانی نێژراوە.

* نیکۆلای فاسیلیفیچ نیکتین؛ پەیکەرسازی ناوداری ڕووسی لە ٢-١٢-١٩٠٧ لەدایکبووە، سەردەمی منداڵی و هەرزەکاری لەبەر هەژاری و نەداری بە بارودۆخێکی زۆر ناجێگیردا تێپەڕبووە، تەنانەت خانەوادەکەی لە کەلاوەیەکدا ژیاون لە گەڕەکێک کە مۆڵگەی لە یاسا دەرچووان و تاوانباران بووە، هەر لە منداڵییەوە هۆگری شیکردنەوەی هاوکێشەکانی بیرکاری بووە بە تایبەت بەشی ئەندازە. ساڵی ١٩٣٠ بەشی ئەندازیاری بیناسای تەواوکردووەو لە مۆسکۆ ، بەو هۆیەی بە منداڵی تووشی ئیفلیجی منداڵی بووە، بەشداری لە خزمەتی سوپا نەکردووە، بەڵام کوژرانی یوری کۆندراتیۆکی هاوڕێی لە جەنگی زۆری بەسەرەوە جێ هێشتووە، لە بەرهەمی هاوسەرگیری لەگەڵ ئیکاترینا میخائیلۆفنا خاوەنی کوڕێکی تاقانە بووە، ساڵی ١٩٦٦ دکتۆرای لە بواری بیناسازی دەستەبەر کردووە، لە ٣-٣-١٩٧٣ و لە تەمەنی (٦٥) ساڵیدا بە نەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوایی کردووە؛ لە گۆڕستانی نۆدۆیفیچی لە مۆسکۆ نێژراوە.



# شەو و شیعر


شیعری : بورهان

ئەمشەو شیعرێک ئەنووسم بۆت بە ڕادەیەک مەستت بکات
لە جێی خۆم گشت وشەکانی هەست بە گەرمی دەستت بکات
شیعرێک لەگەڵ نووسینەوەی وەک ئارەزووی شەوەکانت
ببێ بە ئەسپێکی سپی بۆ ناو یاری خەوەکانت
ئەبێت هێندەی ناسک بکەم وەک خەیاڵی منداڵانە
کە خۆێندتەوە وا بزانی هەر چوار دەورت چراخانە
شیعرێک ئەمشەو ئینجانەکەی لە جوانییەکەی شەرمەزار بێ
هەر دێڕێکی ئەوینێ تۆ و هەستێ منی لەسەر دیار بێ

# سواری کەین؟

تەنزنامێز

جەلال قادر ٢٠-٨-٢٠٢٠



جێگەی دانیشتن نەمابوو، کابرای شوفێریش هاواری دەکرد: سواربن برا سواربن وا قەپات دەبین و دەکەوینە ڕێ.

جێگەی بە پێوە وەستانیش نەما، ئینجا سەکنەکە دەیگوت : هەڵکشێن برا، جێگەی ئەو خوشکەش بکەنەوە... مامۆستا قیچەک بجووڵێ.

ڕۆژێکی گەرم بوو، بە ئاستەم هەناسەمان پێدەدرا، بۆنی ئارەقی ژێر باڵ و تڕ و فسی موسافرەکان گێژی کردبووین.

موسافرێک بەدەنگی بەرز هاواری بەسەر شوفێرەکە کرد : بۆ ئەوەند چاوچنۆکیت، ڕیمەکە پڕبووە بکەوە ڕێ.

ڕیم کەوتە جووڵە، یەک دوو موسافریتر دەستیان بەرزکردەوە و لە شوفێرەکە پاڕانەوە هەرچۆنێک بێت جێگەیان بکاتەوە.

ناو ڕیمەکە بە شێوەیەک پاڵەپەستۆ و تەنگ بوو، لەگەڵ جووڵانەوە موسافرەکان دەکەوتنە باوەش یەکتر.

لەناکاو سەکنەکە لە پەنجەرەی پشتەوە خۆی هەڵدایە ناوەوە.

دەستی پانکردەوە وتی: تکایە کرێیەکانتان کۆ بکەنەوە.

موسافرێک کە بەس سەرە کەچەڵەکەی لێمەوە دیاربوو، وتی : بچکۆڵ من لە پشت و پاش لێم گیرکراوە چۆنچۆنی کرێ بدەم.

موسافرێکیتر کە بەتەنیشتمەوە دانیشتبوو چرپاندییە بنگوێم : باشنەبوو ئەم سائق پاسە حکومەتی بەدەستەوە نەبوو، ئەگینا هەموومانی سوار یەکتر دەکرد.

لە ڕیزی پێشەوەش موسافرێکم بینی خۆی لە ژنێک خشاند و وتی : ببورە خوشکە، بەخودا خەتای من نەبوو.

لەدواجار باشبوو ڕیمەکە کەوتە ڕێ، لە جامەکانەوە هەوایەکی فێنک هاتە ژوور .

لەگەڵ پێچدانەوەی ڕیمەکە بۆ شەقامی سەرەکی، موسافرێکیتر لەسەر جادەکەوە بەغاردان پێشی لە ڕیمەکە گرت و هاواری کرد: توو خوودا جێگەم کەنەوە. منیش دەمەوێت سواربم!

شوفێرەکە لە ئاوێنە بچکۆڵانەکەوە تەماشایەکی ئێمەی کرد و وتی : سواری کەین ؟

ئێمەش هەموو پێکڕا هاوارمان کرد : سواری کە، سواری کە، بەس ئەو ماوە سوارمان بێت!

# بۆرە پیاو

بەرزان بابەشێخ

سلێمانی / ٢٠٢٢/٨/٣



ئێوارەیەکی درەنگ بوو؛ لای کتێبخانەکە لە دەمی ڕۆیشتن بووین من و وێنەکێشەکە، ئاگام لێبوو ئەو دەمەقاڵەی بوو دەگەڵ دۆستێکی کۆنینەی خۆمدا. دۆستێک دوێنێ کۆمۆنیست بوو؛ ئەمڕۆ قەڵەمفرۆشی دەربار. بۆ ئەوەی زوو بڕۆین بەخاتری ئەوە هەم چوومە ناو دەمە قاڵەکەوە، هەم بۆ ڕزگارکردنی هاوڕێ کۆنەکەم چوومە نێوان هەردووکیانەوە. کە شەوقی چرای کتێبخانەکە لێی دام بڕێک دوور کەوتمەوە بەڵام ڕووم لە برادەرە وێنە کێشەکە کرد و من گرێکەم ئاوها بۆ یان کردەوە: بۆرژوازی تەواوی کاری بۆ خۆی قۆرخ کردووە ، دواتر بۆ نازانی تەواوی بە شەرەکان بە ڕواڵەت ئازادن بۆ نان هەمووان ناچارین، کار بکەین بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە ئەم ئەو حیزبە بنوێنی. ئەمجار برادەرە کۆمۆنیستەکەم کە ئەسمەرێکی باڵا کورت بوو؛ پێم سەیر بوو شەوقی چراکە بۆ لێی ئەدات و ڕووناک نییە؟ کە پەنجەی ڕاوەشان وامزانی بۆ وەڵامی وێنەکێشەکە زەخیری قسەی تری لە منەوە ئەمبار کردووە کەچی لە من توند هاتە پێشەوە ، ئەوی لابرد و لە بری ئەو کە دەمی پڕ لە کەف و سڕی، ڕووبەڕووم بۆوە. نا، من بۆ دەستکەوتی نان نەچوومەتە ئەوێ، بەڵکو ڕێک بڕوام بەو حیزبەیە. تۆ بۆ قسەی بێمانا دەکەی؟ کە وای وت، وێنەکێشەکە کە هەردەم دەم بەپێکەنین بوو ئەمجا ئەو بێ وەڵامدانەوەیەک سەری بادا و دەستی ڕاکێشام. دەڵێن کورد بدۆێنە شەرحی خۆی دەکا ، ئەوە خۆ بۆرە پیاوە ؟؟ ماسی ناڵێن نوقووم بوو لە ئاودا کە شوێنی خۆیەتی و دەخنێکێ، بەڵکو کاتێ دەخنکێ لە هەوادا مابێتەوە. ئەو ئەو ماسییە خنکاوەیە، ئەم درێژەی بە خەندەکەی دا و کەوتینە دوای یەکتر و ئەومان بێ خۆڵقێکی هاوڕێیانە وەک ئاسنێک لە قوڕ دەرهێنن، ئاوها جهێشت کەدەمی پڕ قسە بوو، بەڵام ئەو پشتی لە ڕووناکییەکە بوو بە رامبەر با. دووبارە بە نیازی قسە بوو، کە ڕووانی نە یزانی بۆ کێ قسە

# گرێژنە

عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) دەینووسێت



## کایەی ڕۆشنبیری کوردیی و فریادڕەسانی

ئەگەر ئەمڕۆ بەچاوی کلتووری ڕەخنەوە بڕوانینە کایەی ڕۆشنبیری کوردیی، دەبینین پانتاییەکەی زۆر فراوانترە لەوەی کە هەرکەسێک بەئارەزووی خۆی و بەپێی میزاج و ئاوەزی خۆی سنوورەکەی دەکێشێ. هەڵبەت ئەم کایەش جگە لە دوو فاقییەکەی، کەم تا زۆر لەسەر کۆمەڵێ چەمکی فیکریی و ئەدەبیی و هونەریی ئیش دەکات، بێئەوەی لەدەرگای پرس و بابەتە گرنگ و هەستیارەکان بدات و تەنانەت بێئەوەی خۆی بکات بەخاوەنی ئەوپرسانەی کە پەیوەندی گرنگیان بە ژیانی ئینسان و کۆمەڵگەوە هەیە. دوو فاقییە چونکە لەلایەکەوە خۆی وەک مۆدێرن نمایش دەکات و لەلایکی تریشەوە دژ بە سەرجەم هەوڵە جوان و مۆدێرنەکانی کۆمەڵگە دوەستێتەوە لەپێناو پاراستنی جێوشوێنی خۆی و دەسەڵاتی ستەمکار. لەکایەی ڕۆشنبیری کوردیدا، ئەوەی هەستیارە و ئەوەی جێی بایەخە هەر ئەو پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییانەن کە بۆرژوازی کوردی کاری پێیانە و ئیشیان لەسەر دەکات. نەک چەند گۆمەڵگە و ژیانی ئینسانەکان پێویستییان پێیەتی، چەشنی (ئایین، کوشتنی ژنان، مووچە، بەریەککەوتنی چەکداری..تاد). ئەم کایەی ڕۆشنبیرییە لەلایەن بۆرژوا لیبراڵی کوردەوە ئاراستە دەکرێ و ئەرک و ئەولەویاتەکانی بۆ دیاری دەکرێ. بۆیە پلەی هەڵچوون و داچوونیشی بەندە بە هەڵکشان و داکشانی بارۆمەتری بەرژەوەندی دەسەڵاتی کوردیی لەم سەرزەمینەی کە ناویان لێناوە هەرێم. هەرکاتێکیش ئاماژەکانی ئەو بارۆمەترە جێی مەترسی بن بۆ دەسەڵات، ئەوا ڕۆشنبیر و نووسەر و ئەدیب و چاودێرانی سیاسی و شارەزایانی بوارە جیاجیاکان لەڕێگەی میدیاکانەوە دەکەونە خۆئامادەکردن. جارێک بە پلان و نەخشەدانان و جارێکی تریش بە سیناریۆ و درۆ هەڵبەستن و خۆڵکردنە چاوی خەڵک ، پرسە زیندووەکان دێزە بە دەرخۆنە دەکەن و کۆمەڵێ بابەتی نابابەتی دەکەنە تەوەرەی سەرەکی چالاکییەکانیان لە میدیاکاندا. فریادڕەسەکانی دەسەڵات وەک کاری هەمیشەییان لەژێر ناوی جیاجیا ( ئەدیب و هونەرمەند و ڕۆژنامەنووس و میدیاکار و چاودێری سیاسیی و ڕاوێژکار و شارەزای بوارە جیاوازەکان) دەکەونە شیکردنەوە و شرۆڤە کردنی دۆخەکە وپشت بەستن بە تێز و بۆچوونی ژمارەیەک بیرمەند و فەیلەسوفی دواکەوتوو و درەوەی بازنەی شۆڕشگێڕیی، هەروەها پێشنیارکردن بۆ دەسەڵات تا لەو تەنگەژەیە ڕزگاری بکەن. هەرچی بابەتە بایەخدارەکانی ژیانیشە دەسپێرن بە نادیار و ئاڵۆزی سیاسیی و ..تاد. لای ئەم تەیفە لە فریادڕەسان، شۆڕش و خەبات بۆ ڕزگاری ئاڵۆگۆڕیان بەسەردا هاتووە و لە دونیای پۆستمۆدێرنەی ئەواندا ئەگەر جێشیان بێتەوە، ئەوا مانایەکی تر و ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی تر وەردەگرن. وەک ئەوەی باشترە ئینسان بگەڕێتەوە بۆ خودی خۆی و لە قاوغی خۆی بمێنێتەوە. ئەم لەشکرە لە فریادڕەسانی دەسەڵات کە قۆرخی کایەی ڕۆشنبیریی کوردییان کردووە، جگە لە قەڵەمبەدەستگەلێکی تا سەر ئێسک کۆنەپەرست لە مەسەلە ئینسانییەکان هیچی تر نین و کۆششی بەردەوامی ئەم فریادڕەسانەش هێشتنەوەی دۆخەکەیە

بەم ئەتمۆسفیرە بارگاوییە بە کۆنەپەرستیی و ئاڕاستەکردنی کۆمەڵگەیە بەرەو چەقبەستن لە نزمترین ئاستی دیبەیت و دیالۆگ و گۆرانکاری پۆزەتیڤ.


ڕەوت البديل OCA

ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

# دیدارێکی کورت لەگەڵ بەندی عەلی شاعیر

سازکردنی : بانیژەی ئەدەب و کلتوور

ئابی ٢٠٢٢



بەندی عەلی

بانیژەی ئەدەب و کلتوور : لە شیعر وجوانی و ئازادی و تێکۆشان و هاوڕێیەتی، سادەیی و ژیاندۆستی ؛ تۆ دەنووسی :

*گشتی هێندەی مشتێ نەبوو ئەوەی نووسیم .*

*لێرەو لەوێ زۆر خەمی کەم ماوە ،*

*هێشتا ئەجەل ،*

*عومرێکی کەم دەوێ*

سوپاس بۆ ئەم دەرفەتە نایابە لەگەڵ تۆ. سوپاس کە کانییەک هەیە و بۆ ئاوەدانی و پڕ کردنی ژیان و سەوزایی.

بەندی عەلی : قوربانی لوتفی ئێوەم. ئیدی هەریەکەمان بەجۆرێ عەوداڵی خەمەکانی دونیاین و بەجۆرێکیش ئەرکێکی ئەخلاقیمان لەسەر شانە دەبێ جێ بەجێی بکەین . نووسین بۆ من ئەو تاکە ڕێیە بوو پاش هەوڵدانێکی زۆر و گەڕانێکی زۆرتر بەدووی گۆپاڵێکدا کە هەم بەرچاوی خۆمی پێ ببینم و هەم ئاڕاستەی ڕێی پێبکەم بۆ ئەوانی تر کە ئازارەکان لەکوێوە دێن و بۆ کویمان دەبەن .

بانیژەی ئەدەب و کلتوور : لە نێو هۆنراوەکانی تۆدا پەیوەندی نێوان واقع و وشە، هارمۆنی و لێکهەڵپێکراوە، ئایا نووسین بە بۆچوونی تۆ ئەبێت وا بێت؟

بەندی علی : هەردەم بۆ ئەم پرسیارە، وتراوێکی پلیخانۆفم دێتەوە یاد کەلە ( الفن والتصور المادی لتاریخ ) دا دەڵێ : (هونەر وەک ستراتیژ بریتییە لەبەیەک گەیشتنی فۆرم و بابەت لەیەک ئاستی باڵا). من خۆم زۆر بڕوام بەو وتەیە هەس و هیواداریشم هەوڵدانێکم بۆ کردبێ لە دەقەکاندا. بۆ شیعر ئەم وتراوە زۆر گونجاوە.

بانیژەی ئەدەب و کلتوور : لەمەڕ نووسەر و نووسین و تیۆری داتاشین بۆ کردەوەکانی دەسەڵاتداران تۆ کورتە دەقێکی جوانت هەیە :

*کاتم نییە ،*

*بۆ وەڵامی توتییەکانی دیوەخانی وەیخڕ پاشا*

*! ئەوانەی بۆ مشتێ گەنم ،*

*جارێ دەبنە قەلەڕەشکە و*

*جارێ بە داڵەکەرخۆرە و*

*جارێ بە شەمشەمەکوێرە و*

*هەندێ جاریش ،*

*بەو مرۆڤەی لە دوا تکەی سوێری شەرمیش ،*

*دەکا حاشا*

*.. کاتم نییە ،*

*بۆ وەڵامی توتییەکانی دیوەخانی وەیخڕ پاشا*

*! ئاخر من مەلێکی یاخیم لەنەزمی پۆل ،*

*جیاواز دەخوێنم لە خێڵم*

*تەنها بەدوای موروەکانی ملوانکە لێکپچڕاوەکەی خاتو عەدالەتا وێڵم*

*.. لە کیوێ پوش و پەڵاشا*

*! کاتم نییە ، بۆ وەڵامی توتییەکانی دیوەخانی وەیخڕ پاشا !*

*ئایا ئەمە چیرۆکێکی هەیە یان دەقێکی پرەنسیپیە؟*

بەندی عەلی : دروستکردنی نووسەری تایبەت لەکارخانەکانی حیزبەکانی ئەمڕۆ دا تەواو ڕوون دەبینرێت و بۆ کوێ دەچی دێنە بەرچاوت. بەڕێز ؛ تۆ تەماشای ڕاگەیاندنەکانی ئەمڕۆی کوردستان و ڕێکخراوەکانیان بکەی کتومت ئەمە دەبینی. دروستکردنی نووسەر لەکارگەکانی حیزدا. بەراستی ئەو ئەرکەی ئەدەب هەی بوو ( جوانکردنەوەی ئەو ناشرینیانەی سیاسەت خوڵقاندوونی ) خەریکە لەبیر دەچێتەوە. بەتایبەتی سیاسەتی ئەمڕۆی حیزبەکوردییەکان. وەک چیرۆکی تایبەت نەخێر شتێکی وام نییە وەلێ ڕۆژانە بەر هەندێ چیرۆکی گشتی لەو جۆرە دەکەوین لەگەڵ ئەو نووسەرانەی ئەحزاب دروستی کردوون و بوونەتە مایەی سەر ئێشە بۆ ئەدەبی کوردی.

بانیژەی ئەدەب و کلتوور : دیاردەی ڕۆژانە، یان کاروباری ڕۆژانە، یان ڕێنوینی و یاساکان، بۆ نموونە تۆ لە شیعری ئەم شەقامە یەک ئاراستەیە، دیوێکی تری قوڵی ڕێگای ژیان و ململانێکانی سەختیەکان دەهێنیتە دووان، دەیگۆڕێ بۆ نێو تێکستی شیعری، چۆنە یان بۆچی تۆ پەناو دەست دەبەی بۆ ئەم شێوازە لە بەکاربردن، مەبەستێکی دیاریکراوت هەن لەو وێنەگرتنانەت؟

بەندی عەلی : دیارە ئەدەب وەک بابەت پشت دەبەستێ بە ( بیرۆکە ) هەر ئەویشە دەبێتە دەق . زۆرجار دەڵێم نووسەری شیعر وەک ڕاوچی وایە و بیرۆکەش وەک نێچیر دەبێ لەکاتی خۆیدا ڕاوبکرێ ( ئەمە وەک مەجاز دەڵێم چون من لەگەڵ کوشتنی ئاژەڵاندا نیم ) بێ گومان بیرۆکەکان لەئەسڵدا لەواقیعەوە سەرچاوە وەردەگرن وەلێ جوانکاریی و قووڵکردنەوەی مانا پێویستی بەخەیاڵ و سەلیقەی نووسەر هەس . هەر بۆیە دووانە واقع و خەیاڵ ، هەمیشە لەکیبرکێی خۆفەرزتر کردندا بەسەر نووسەر و نووسیندا و هەندێ ئەمیان زاڵە و هەندیجار ئەویان، ئەگەرچی بۆ من گەر بکرێ هەردوو هاوتا بن باشتر و بەچێژترە.

بانیژەی ئەدەب و کلتوور : ئایا بەدواداچوون بۆ نووسەرانی لاو دەکەی؟ ئایا نەوەی نوێ لە نووسەران مۆرکی چینایەتی و سۆشیالیستی لە بەرهەمەکانیاندا چۆن ڕەنگی داوەتەوە؟

بەندی عەلی : سەبارەت بە نووسەرانی لاو .. بەڵێ هەم خۆم بەدواداچوون دەکەم و هەم زۆرێکیان هانام بۆ دێنن بۆ بینینی بەرهەمەکانیان و زۆر خۆشحاڵیشم بەم کارەیان، وەلێ وەک مۆرکی چینایەتی ، کەمێک دەبینم ئەم خەسڵەتە لایان بەوشیارییەوە بێ زیاتر هەست و بزواندنی سۆز خۆی جێکردۆتەوە لەنێو دەقەکاندا.

بانیژەی ئەدەب و کلتوور : هەرچەند تۆ لە هۆنراوەدا لەبواری ئەدەبدا، جۆرێکی تایبەت ڕەوتی خۆت داهێناوە، بەڵام ئێمە لە بانیژەی ئەدەب یەکجار پێویستمان بە سەرنج و دیدی تۆ لە مەڕ ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستیی هەیە. ئەگەر بە کورتیش بێت؟

بەندی عەلی : مارکسیزم لەهەمو بوارە مەعریفیەکانا خۆی دەردەخات، ڕەنگە ڕاستەوخۆ نەبێ بەڵام ناڕاستەوخۆ من بۆ خۆم لەهەموو بوارێکدا مەعریفەی مارکسیزم دەبینم. ئەویش بەهۆی خاڵێکی سەرەکییەوە کەخودی مارکسیزم خۆی لەسەر ئەساسی ڕەخنەگرتن لەپێش خۆی دێتە ئاراوە. بەشێکی جیددی ئەدەبیش وێڕای ستاتیکا؛ دەبێ پەیامێکی مرۆیی بێ دەنا هیچی تر نابێ جگە لەوێنەکردنێکی کتومتی واقع وەک خۆی بەبێ هەوڵدان بۆ لێکدانەوەو گۆرینی.

بانیژەی ئەدەب و کلتوور : سوپاس بۆ ئەم دەرفەتەت، سوپاس کە بەرهەمەکانت بێبەشمان ناکەیت.

بەندی عەلی : سوپاسی بێ پیان بۆ ئێوەی ئازیز و ئەم بەسەرکردنەوەیەتان، چاوتان گوڵباران دەکەم.

# چ دونیایەکی جوانە(*)

شیعری : نەوزاد مدحەت ٢٠٢٢



ئەگەر بتوانم تەنیا بۆ خەونێکیتر
چاوم لە خەونبینین نەبێتەوە
سەرم و سەرینی خۆم پێ جیانەکرێتەوە
ئەو دەمی؛
هەرچی شەکەتی زنجیرپرۆژی کارە
لە جێ خەوەکەمەدا جێدەهێڵم
ئەگەرئەو زنجیرە لە دەستم بیێتەوە!

***

چەندە خولیامە ؛
هەموو سەحەرێک تێر بنوارمە هەڵهاتنی خۆر
ئەو سیحرەی لە هیچ سیحرێک ناچێت
ئەو سەحەرەی
زنجیری کار
لەوەتەی هەم
نەک تەنیا دەستم
هەمووڕوانینی کەلەپچە کردووم!

***

چ دونیایەکی جوانە
کاتێک دەرگا ئاسنینەکەی کار دەترازێنم
لە دڵەوە بەیانی باشێک
لە دارو دیوارو ئامێرەڕەقەکانی کارگە بکەم
لە ناخی خۆمەوە؛
سەحەرێکی نوێ سەر دەربکاو
هەستبکەم بەڕاستی ئەوە خۆرۆژێکیترە!
ئەوەتا دەرفەتێکیتر
بۆ پچڕانی زنجیرەکانیڕوانینمان
بۆ بنیاتنانەوە
بۆ جوانترکردنێکیڕاستەقینە
بۆڕۆحی مرۆڤەکان
بۆ ژیان!

***

چ دونیاکی جوانە،
گەر من و هاوڕێی پەنا دەستم
چەشنی سەحەری بەیان
بە دەم و چاوێکی گەشەوە
لەیەک بڕوانین و
هەستبکەین
بە بێ هیچ قسەیەک
لە بێدەنگترین گفتوگۆی بوون
ژیان دەکەینەوە بەر ژیانا!
هەمووتان
تەنیایەک جار
بهێننە بەرچاوی خۆتان
قفڵێک نەبێ لە دەمتان
تەمێک نەبێ لەسەر چاوتان
ئەو دەمی
ئەو دونیایە چەندە شیرینتر دەبێت
ئەگەر دڵییەکگرتووی هەمووان
پێمان بڵێ؛
دەبێ بۆهەمووان بێت
بزەوڕەنگی شینی ئاسمان!

***

هەمووتان
تەنیایەک جار
بهێننە بەرچاو..
وەکوڕۆحی نەیتڤەکانی ئەم کیشوەرە
هەمووڕووبارەکان ببن بە دەستە خوشکمان
وەکو ڕۆحی مرۆڤی
نێو دارستانە چڕەکانی ئەوسەری دونیا
باڵندەکان ببن
بە تاقە برای ڕاستەقینەمان
دەریاکان لە جیاتی گۆڕی ئازیزان
ببن بە پێخەفی
نەرم و نیانی مناڵان!

***

من نازانم و تێناگەم
ئەوانەی دەیڵێم چەندە دێ لە دەستمان؟!
نازانم هێشتا تامی کاتژمێرە زیادەکەی خەوبینینە
خەیاڵی گرتووم
یان شۆڕشێک سەر لە نوێ
لە نێو گێژاوەی ئەم دونیایەدا
وا دێتەوە زمان،
بەڵام دەزانم بە تەنیا من نیم
لە نێو خەون و زنجیردا دێم و دەچم
ڕەنگە لە هیچ ساڵ و مانگ وڕۆژی ڕۆژمێرێک تێنەگەم
بەڵام ئەو سەحەرەی لە دڵم هەیە
زنجیرەکانی ڕوانین ناهێڵێ ببینم
پێم دەڵێ
بەڕووبارەکان و بە شارە ماندووەکان بڵێن
چار نییە و
لە نێو سەرین و زنجیرەکاندا
لە نێوان خەون و فڕینی ڕاستەقینەدا
دەبێ هاوارێک بکەین لە جیاتی ژیان
کە چارمان نەماوە
پانتایی زەوی
لەم قرچەی سوتانی بوون و نەبوونەدا
دەبێ ببێتەوە بە دایکی هەمووان!

نەوزاد مدحەت

٢٠٢٢

( * ) ناونیشانی ئەم شیعرە لە گۆرانییەکی لویس ئارم سترۆنگەوە وەرگیراوە.

## پارێزەری گیراوەکانی دەڤەری بادینان:

# بۆ پەنجەمۆری وەرەقەیەک کە ئیشی (١٠) دەقەیە، (٣٦) ڕۆژ ئیشەکەیان دوا خستین

## بەشێوەیەکی نایاسایی مامەڵە لەگەڵ (بەدەل بەرواری) و لەگەڵ پارێزەران دەکرا




### چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەی ڕەوت لەگەڵ پارێزەر (کرێکار ئەمین)

**ڕۆژنامەی ڕەوت: زۆر سوپاس بۆ بەدەنگ هاتنەوەتان، بەڕێزتان لەسەر زۆر پرس هاتوونەتە دەنگ، وەک داگیرکارییەکانی تورکیا، کێشەی چەکداری و کوشتار، کەمئاوی، هەژاری، وە کێشەی ئازادییەکان، هەروەها لەمەڕ کێشەی زیندانیانی سیاسی لە دەڤەری بادینان، بەتایبەت زیندانیکردنی چالاکوان (بەدەل بەرواری). تۆ یەکێکی لە پارێزەرە خۆبەخشەکان، ئەکرێ ئەو ڕێگریی و ئاستەنگیانەی کە هاتوونەتە بەردەم کارەکانتان، وەک تیمی پارێزەران، بۆ خوێنەرانی ڕۆژنامەکەمان ڕوون بکەیتەوە؟**

کرێکار ئەمین: سوپاس بۆ ئێوە، بەڕاستی ئاستەنگی و ڕێگری زۆر بۆ تیمی پارێزەران دروست کرا و دەکرێت، کە ئەگەر بەپێی یاسا بوایە، دەبوو ئێمە زۆر بە ئاسایی چوباین بۆ زیندانەکە و لەگەڵ گیراوان دانیشتباین و قسەمان لەگەڵیان کردبا، ئەسڵەن دەبوا بەبێ ئامادەبوونی کارمەندانی ئاسایش یا هیچ کەسێکیش بەرامبەرمان لەگەڵیان دانیشتباین، بەڵام بە شێوەیەکی زۆر زۆر نارەوا مامەڵەیان لەگەڵ کردین.

سەرەتا ئێمە داوای وەکالەی جەزائیمان کرد، کە تەنها پەنجە مۆرێکی کاکە (بەدەل بەروار)ی دەویست. ئەو پەنجە مۆرە تەنها ئەوەیە پارێزەر دەچێتە ئەو شوینەی کە وا کەسەکەی تێدا گیرایە، ئەو کاغەزە دەخاتە بەردەست و دەڵێت پەنجەمۆرەکی فلان کەسمان پێویستە بۆ ئەوەی بە شیوەیەکی فەرمی ئێمە ببین بە پارێزەری.

باوەڕ بکە ئەوە تەنها ئیشی دە (١٠) دەقیقەیە، بەڵام سی و شەش (٣٦) ڕۆژی ڕێک من هاتووچۆی ئاسایشی گشتیم کردووە تەنها بۆ ئەوەی پەنجە مۆرەکەم لەبۆ بکەن. هەر ڕۆژەی بیانوویەکیان دەدۆزییەوە، ڕۆژەک دەیانووت بەرپرسەکە لێرە نیە، ڕۆژێک دەیانوت ئیجازەیە، ڕۆژێک دەیانوت کورۆنا هەیە، ... بەم شێوەیە تەنها بۆ ئەوەی زیندانییەک پەنجەمۆری وەرەقەیەک بکات کە ئیشی دە (١٠) دەقەیە، (٣٦) ڕۆژ ئیشەکەیان دوا خستین. واتا (٣٦) ڕۆژی زەربی (٢٤) سەعاتی بکە ئەوەندە دواخراین.

وە کاتێک ڕێگەیاندا پەنجەمۆرەکە وەرگرین و بە ڕەسمی ببین بە پارێزەریان، کە دەنگۆیەکی زۆر بڵاوبۆوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە گوایە کاک (بەدەل بەرواری) لە ناو زینداندا مردووە، جا لە ژێر شکەنجە بێت یا نەخۆشی یا هەر کارەساتێک بێت، وە بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کە نەمردووە ناچاربوون ڕێگەمان پێبدەن گیراوەکان ببینین، واتا لە چاکەی خۆیان نەبوو، بۆیە ڕۆژی دوایی تەلەفۆنیان لەبۆ کردم و وتیان دەتوانن کە کاک ئاسۆ لەگەڵ برایەک و کوڕێکی کاکە (بەدەل بەرواری) بێن و بیان بینن. بەڕاستی لەناو زیندانیش زۆر ناخۆش بوو، چونکە یەکەم کاتێک دیدەنی کاک (بەدەل)مان کرد بینیمان لەشولاری زۆر لاواز بووە، دووەمیش لە ژوورێکی (٤) بە (٤) دانشتبووین، دوو کارمەندی ئاسایش لە پشتی سەری بوون.

کوڕی کاک (بەدەل) و برایەکەی هەواڵپرسی شەخسی و پرسیاری کۆمەڵایەتییان لێکرد؛ چۆنن، باشن، تەندروستیتان، ... من هەر ئەوەندەی گووتم، کاکە (بەدەل) تەحقیق لەگەڵت چۆن دەکرێت؟ یەکسەر (بەدەل)یان لە پێش چاوی ئێمە هەڵگرت و بردیانە ژوورێکی تر، ئاسایشەکە بە من دەڵێت تۆ بۆت نیە ئەو جۆرە پرسیارانە بکەی. تەنها لەبەرئەوە هاتووی کە ئەوە (بەدەل)ە مایە و نەمردییە. ئەمنیش ڕاستەوراست وتم، برا، کاک (بەدەل) نە باوک و نە برا و نەئامۆزا و نەخزممە تا هاتبم هەواڵی شەخسی لێ بپرسم و دەنگوباسی کۆمەڵایەتی لەگەڵ باس بکەم، ئەوە برا و کوڕەکانی لەگەڵی باسی دەکەن، من پارێزەی ئەوم، تەنها باسی چۆنیەتی گرتن و تەحقیقی لەگەڵ دەکەم، چونکە کارەکەی من پەیوەندی بەو بابەتەوە هەیە، بەڕاستی نیو سەعات کاک (بەدەل)یان بزرکرد و پاشان هینایانەوە بەو مەرجەی کە نابێت بە هیچ جۆرێک پرسیاری تەحقیق و باسی شێوازی مامەڵەی ئاسایش و بارودۆخی ناو زیندانی لەگەڵ بکەم.

دەسەڵات و بەرپرسان ئەم مەسەلەیان وەها ئاڵۆز و گەورە کردبوو تەنها لە پێناوی ئەوە بوو کە بیانترسێنن، وە پەیامێکیش بە خەڵکی تر بدەن ئەوەی هەر شتەک بەرامبەر ئەو دەسەڵاتە بکاتن، ئەوا چارەنوسی زیندانیکردنە.

**ڕۆژنامەی ڕەوت: تۆ پارێزەری مامۆستا (بەدەل بەرواری) بووی، دەتوانی بۆچوونەکانی خۆت لەسەر ئەو دۆسیەیە بۆ خوێنەران ڕوون بکەیتەوە؟**

کرێکار ئەمین: بەڕاستی (بەدەل بەرواری) و هاوشێوەکانی خەڵکانێکن تەنها بەرگریان لە ماف و ئازادییەکان کردووە. (بەدەل بەرواری) هاوڵاتییەکی مامۆستا بوو، ڕۆژانە دەهاتە بەردەم قوتابخانەکەی خۆی کاغەزێکی ئەی چوار (A4)ی پێبوو، لەسەری نوسیبوو، کوا موچە پاشەکەوتەکەم، کوا ئازادی و مافەکەم؟ من لە مافی خۆم خۆش نابم، یانی ئەو جۆرە قسانە، ئەمەش لەهەر وڵاتێک کە هەناسەیەکی ئازادی تێدا هەبێت، جێگای ڕێزە، ئەو هاوڵاتییە چی کردییە؟ داوای مافی خۆی و مافی ئەو کەسانە دەکات کە موچەکانیان براوە بەناوی پاشەکەوت، وە باسی ماف و ئازادییەکانی کردووە، جا (بەدەل بەرواری) لەڕێگای ئەو پەیامانەوە هاوسۆزی و پشتیوانی خەڵکێکی زۆری بەدەستهێنا، کە ئەمەش لە دەڤەری بادینان لەژێر سایەی ئەو دەسەڵاتەدا باجی خۆی هەیە، چەند جارێک گیرا، وە هەڕەشەی کوشتنی لێکرا، تا لە کۆتاییدا ئەو پەروەندەیان بۆ سازدا و فایلێکیان بۆ دروستکرد کە گوایە پەیوەندی هەیە بە (پەکەکە) و جۆرەها شتی دروستکراوی لەم بابەتە. جا بەراستی لە ماوەی ساڵێک لە بەرگریکردنی یاسایی لە کاکە (بەدەل بەرواری) و پاشان حوکمدان لەسەری، ئازار و ناخۆشی زۆرمان دیت. بەشێوەیەکی نایاسایی مامەڵە لەگەڵ کاکە (بەدەل) و لەگەڵ ئێمەش دەکرا. بەڕاستی زۆر ناخۆشە ئەو مافناس و پارێزەرانەی بەرگری لە مافی جەماوەر دەکەن بەم شێوەیە مامەڵەیان لەگەڵ دەکریت، ناخۆشیمان زۆر دیت، بەڵام دواجار کاکە (بەدەل) ئازادکرا، ئەو ماوەیەی کە لە زیندان بوو وەک ماوەی حوکمدانەکەی بۆ حساب کرا. ئێستاکەش کاکە (بەدەل) و هاوشێوەکانی لەسەر بەدەنگهاتنیان لەسەر ماف و ئازادییەکان مامەڵەی نایاسایی و خراپیان لەگەڵ دەکریت.



چالاکوان (بەدەل بەرواری)

**ڕۆژنامەی ڕەوت: لەم ماوانەدا زیندانیانی سیاسی ناوچەی بادینان، دەستیان کردووە بە مانگرتن لە نانخواردن، بۆ بەرگریکردن لەخۆ لەژێر سایەی دەسەڵاتێکی سیاسی داپڵۆسێنەر و لە نێو سیستەمێکدا کە ماف و ئازادییەکان پێشێل دەکات، تۆ وەک پارەزێزەرێکی بەدەنگهاتوو بۆ بەرگری لە ماف و ئازادییەکان، دەتەوێت چی بە کەسوکاری زیندانییەکان و خەڵکی کوردستان بڵێیت لەسەر ئەم دۆسیەیە؟**

کرێکار ئەمین: بەڕاستی هەموو ئەو کەسانەی لە پێناو بەرگریکردن لە ماف و ئازادییەکان زیندانی دەکرێن، جێگای شانازین. ئەوانە تەنها تێکۆشانیان بەرگریکردن بووە لە چەمکە جوانەکانی ئازادی و ڕێزداری مرۆڤ، لەوەی کە ئەمرۆ ئینسان پێویستە بە کەرامەتەوە بژیت و وڵات بەعەدالەتەوە بەڕێوە ببرێت، چونکە بەڕاستی ئێستا لەو هەرێمۆکەی خۆماندا ئازادی ڕادەربرین، زۆر زۆر بەرتەسکە، شەفافیەت بوونی نییە، ئاڵوگۆڕکردنی دەسەڵات بوونی نییە، گەندەڵی ئەو وڵاتەی وەک سەرەتانێکی پیس تەنیوەتەوە. ماڵی گشتی وەک شتێکی حەڵاڵ بۆ هەندێک کەس فرێدراییت و بۆ خۆی هەڵیدەگرێتەوە و دەیبا، ئیدی لە بارودۆخێکی ئاوادا ئەو چالاکوانانەی بادینان و غەیری بادینانیش کە بەرگری لەو چەمکە جوانانە دەکەن جێگای شانازین.

جێگای پرسیارە دەسەڵاتێک پاشی سی (٣٠) ساڵ، نەیتوانیبێت بناغەیەک دابنی لە بۆ کاری دەوڵەتدارییەکی مەدەنیانە و هاوچەرخ کە هاوڵاتیان تیایدا تووشی ئازار و ئەشکەنجە نەبنەوە، بەڕاستی هەرێمی کوردستان ئەگەر ترسێکی لەسەر هەبیتن، تەنها ئەو ترسەی لەسەرە کە گەندەڵییەکی ئێجگار زۆر لە لایەن سیاسیاکان و دەستڕۆیشتووەکانەوە دەکرێت.

هەموو ئەو چەمکە جوانانەی کە وڵات لەژێر سایەیدا پێوەی بەڕێوەدەبرێت، لێرە پێشێل دەکرێت. سبەی ڕۆژێ هەر ئەو دەوڵەتانەی کە ئێستا کوردستان "دەپارێزن"، هەر ئەوان دەتوانن بەو بەڵگانەی کە لە کوردستان ئازادی نیە، گەندەڵی هەیە، هەموو ئەو چەمکانە پێشێل دەکرێت کە هەر وڵاتێک خۆی بە وڵات دابنێت لە سایەیدا.

چونکە بەڕاستی تۆ ناتوانی بە چەند چەکدارێک دیفاع لە خۆت بکەی، تۆ دەتوانی بەو چەمکانە دیفاع لە خۆت بکەی کە خەڵکانی ئازادیخوازانی دونیا بێن بەرگریت لێبکەن. تۆ دەتوانی بەو چەمکانە بەرگری لەخۆت بکەیت و ئازاد دەبین. ئێمە بینیمان هەر لە (٣١)ی ئاب و (١٦)ی ئۆکتۆبەر و ڕووداوەکانی تردا بینیمان دەسەڵاتدارانی هەرێم توانایی بەرگریکردنیان لەو هەرێمە نیە.

مەسەلەکە ئەوە نیە تۆ (٢٠٠) هەزار پێشمەرگە و چەکدارت هەیە لە بودجە و قووتی گشتی مانگانە بەملیارەهایان دەدریتێ. بەڵام لە شەڕەکانی دژی داعش هەر (١٠) تا (١٥) هەزار پێشمەرگە دەجەنگان. هەمووشمان بینیمان کە چۆن پێشمەرگە ناچار بەسواڵ دەکرا چونکە مەعاشەکەی بەشی نەدەکرد کە (٥٠٠) هەزارە دینار دەکاتە (٣٠٠) دۆلار. خێزانێک تۆزێک بەکەرامەت بژیت، پێویستی بە (١٠٠٠) تا (١٥٠٠) دۆلار هەیە لەم کوردستانە. بەهەر حاڵ بۆ ئەوەی زۆر لە بابەتەکەمان دوور نەکەومەوە، مەسەلەی پارێزگاریکردن لە هەرێم، پەیوەندی بە مافی هاوڵاتیانەوە هەیە، لە ئازادییەکان و مافەکان و گوزەرانیان.

بەڕاستی ڕێزی زۆرم بۆ کەسوکاری گیراوەکان هەیە و سەربەرزن کە ڕۆڵەکانیان بەرگریی لە ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان دەکەن. سەربەرزن کە کوڕەکانیان لە زیندانن چونکە لەسەر کێشەیەکی پیرۆز گیرانە، هیوادارم ئەو دەسەڵاتە چیتر پێشێلکاری نەکاتن. بێرێزی بەرامبەر ئەو چەمکە جوانانە نەکاتن.

چونکە بەڕاستی سبەی ڕۆژێ هەرێمی کوردستان دەکەوێتە ژێر فۆکەس، (٣٠) ساڵە فورسەتێک درایە دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان پاش سەدان ساڵ لە دەردەسەری و قوربانی و ناخۆشی، فورسەتێکی تەواویان درایە تا خۆیان و حوکمڕانییەکەیان نیشانی خەڵکی کوردستان و ئازادیخوازانی دونیا بدەن، کە ئێمە پاش ئەو هەموو قوربانییە، ئەو هەرێمە جوانەمان دروست کردیە، بەڵام بەداخەوە فورسەتەکەیان لەدەستدا، نەیانتوانی دەسەڵاتێکی دادوەر دروست بکەن. ئێستاکەش دەسەڵات لەژێر فشاری ئازادیخوازاندایە. فشاری ئازادیخوازان لە پێناو ئازادی ڕادەربڕین، لەدژی گەندەڵی. مەسەلەی هەڵبژاردنیش کە سەرەرای هەر تێبینیەکەم لەسەر هەڵبژاردن، ئەم حزبانە هەڵبژاردنیشیان ژەهر باران کرد، دەبینین ئینتخاباتەکان دزی و تەزویری زۆر تێدایە، باوەڕنەبوونی بە دابەشکردنی دەسەڵات تێدایە، ئیدی چ جۆرە هەرێمێکە کە تۆ شانازی پێوە بکەی، یان بەرپرسان شانازی پێوە بکەن و بڵێن ئێمە هەڵبژاردنمان هەیە و خەڵک دەچێت بە ئازادی دەنگ دەدات، ئێمە هەموو ئینتخاباتێکمان دیت و هەموو ئەو پەڕپانەمان دیت کە حزبەکان لێیان گرت کە جۆرە تەزویرێک کرا، چ جۆرە بەکارهێنانێکی دەسەڵات لە بەرژوەندی ئەو حزبانە کرا کەسەر بەدەسەڵاتن. هیوادارم ئەم حزبانە لەوە زیاتر خەڵکی هەرێمی کوردستان بێکەرامەت تر نەکەن.

**ڕۆژنامەی ڕەوت: زۆر سوپاس هاوڕێ کرێکار، ماندوومان کردی و هیوای سەرکەوتن لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بۆ دەخوازین.**

کرێکار ئەمین: سوپاس بۆ ئێوە و هیوای سەرکەوتن بۆ ئێوەش.

[هاوڕێ (جەمال کۆشش) ئەم چاوپێکەوتنەوەی ئەنجامداوە بۆ ڕۆژنامەی ڕەوت]. ئابی ٢٠٢٢

---

پاشماوەی ل١

## ڕاگەیاندنی کۆتایی کۆنگرەی شۆڕشگێڕانی پەیگیر لەسەر ئامانجەکانی ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەر (کۆنگرەی بەغدا)

گۆڕانکاری بە ڕیگەی کودەتای سەربازی بێنێتەدی و گۆڕانکارییەکی ڕووکەشی سەروەیی ئەنجام بدات.

کۆنگرە ئەشوەستێتەوە بە ڕووی ئەوانەدا کە دەیانەوێت بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری لەبارببەرن بە کێشکردنی بۆ لای ئەم باڵ، یان ئەو باڵی ڕژێم و حزبەکان و هیزەکانیان و کێشمەکێشەکانیان، لەوانەش کێشکردنی بۆناو کێشمەکێشی ئێستای نیوان (ڕەوتی سەدر) و (چوارچیوەی هەماهەنگی)، وەیا کێشکردنی بۆناو کێشمەکێشی حزبەکانی دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان و هەوڵوتەقەلای هاوکارەکانیان لە پەرلەمانی عێراق و حکومەت، ئەمە و کۆنگرە بەڕووی ئەو هەڵپەرستانەشدا دەوەستێتەوە، جا لەهەر شکڵ و ڕەنگێکدا بن، کە دەیانەوێت هەڵچوونی شۆڕشگێڕانە کۆنترۆڵ بکەن.

هەروەها کونگرە، ئەوەستێتەوە بە ڕووی ئەوانەشدا کە بەهەر بیانویەکەوە بێت، بیانەوێت بزووتنەوەی نارەزایەتی کێش بکەن بە لای ئێران یا ئەمریکا و هاوپەیمانە ناوچەییەکانی، وە یا بیخەنە خزمەت بەرژەوەندی پاشماوەی بەعسیەکان، و ئەو هێز و بزوتنەوانەی تر کە پەیوەستن بە ئەجێندەی نێودەوڵەتییەوە.

بەشداربووانی کۆنگرە، بە تەواوی قەناعەتیان بە زەرورەتی سەرکەوتنی شۆڕش و ڕزگاربوون لە سەرجەم سیستەمی سیاسی ئێستا هەیە، وە قەناعەتیان هەیە بە گەیشتن بە ئامانجەکانی شۆڕش لە گواستنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت بۆ جەماوەر کە لە شورا شۆڕشگێڕەکانیاندا ڕێکخراون، تا هەنگاوهەڵبهێنن‌ەوە بۆ کۆتاییهێنان بە هەژاری و بێکاری و نەخۆشی و هەموو بەڵا کۆمەڵایەتییەکانی تر، و هەنگاوبنێن بۆ پێشەوە بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگایەک کە خۆشگوزەرانی و ئازادی و ئاسایش و یەکسانی تیایدا بەرقەراربێت.

### کۆنگرە ئەم ئەرک و ئامانجانەی خوارەوە دەخاتە دەستوری کاری خۆیەوە

- کارکردنی جدی بۆ یەکخستنی خەباتی هەموو شۆڕشگێڕانی ڕاپەڕیوو، ئەوانەی کە ئەم ڕژێمە و حیزب و هێزە بەشدارەکانی و پشتیونکارانیان ڕەت دەکەنەوە، وە بەدوای ڕزگاریەوەن لە هەژاری و ستەم و ستەمکاری، وە دژایەتی هەموو جۆرە ژێردەستەییەک دەکەن.
- دەستنیشانکردنی ئەو کەسانەی کە تێوەگلاون لە خوێن ڕشتنی خەڵکانی ڕاپەڕیوو، وە ڕادەست کردنیان بۆ دادگاکان و دادگاییکردنیان بەپێی پێوەرە دادوەرییە پرۆفیشناڵییەکان.
- هەموو مڵکوماڵ و پارەوپولێک، جا چ لە ناوخۆی عێراق بێت یا لە دەرەوەی وڵات، کە دزراوە لە لایەن سەرانی ئەم ڕژێمە و دەستڕۆیشتووەکانیان و گەندەڵکارانیانەوە، دەبێ بگەڕێندرێتەوە بۆ خەزێنەی دەوڵەت و تەرخان بکرێت بۆ خۆشگوزەرانی جەماوەر و ڕەخساندنی هەلی کار و بیمەی تەندروستی و خوێندنی گشتی بەخۆڕایی، و پەرەپێدانی ئابووری وڵات.

### ئامانجە بنەڕەتیەکانی کۆنگرە

1. هەڵپێچانی ئەم ڕژێمە پشکپشکێنەی ئێستا کە دامەزراوە لەسەر بنەمای دابەش کردنی کۆمەڵگە بۆ پێکهاتەی قەومی و دینی و تائیفی.
2. دامەزراندنی سیستمێکی سیاسی بەپێی پرەنسیپی هاوڵاتی بوونی تەواو بۆ هەموان، بەبێ هەڵاواردن لەسەر بنەمای ئاین، تائیفە، قەومیەت، عەشیرەت، نێر و مێی و ڕەنگی پێست.
3. هەڵپێچانی تەواوی سیاسەتە ئابوورییە سەرمایەدارییە نیولیبراڵییەکان و ڕەتکردنەوەی مەرجەکانی (سندووقی دراوی نێودەوڵەتی) و (بانکی نێودەوڵەتی) کە بوونەتە هۆی هەژارکردنی جەماوەر و سەپاندنی بێکاری و کوێرەوەری ئابووری بەسەر کرێکاران و زەحمەتکێشان و لاوان و پەراوێز خستنی زۆرینەی کۆمەڵگە.
4. جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت و لە سیستمی خوێندن.
5. مسۆرگەرکردنی ئازادی ژنان و یەکسانی تەواویان لەگەڵ پیاواندا. هەڵپێچانی هەموو ئەو یاسایانەی کە دژ بە ژنانن، هەروەها پاراستنی ژنان لە دەستدرێژیەکانی دامەزراوە ئایینی و عەشایەریەکان.
6. ئازادی سیاسی بێ قەید و شەرت. ئازادی مانگرتن و خۆپیشاندان، ئازادی پێکهێنانی ڕێکخراوە و حزب و گردبوونەوە و پێکهێنانی نەقابە و یەکێتی و هەر کۆڕوکۆمەڵێک.
7. ئازادی ڕا دەربڕین و بیروباوەڕ و ڕەخنەگرتن، و ئازادی ڕۆژنامەگەری، و بەکارهێنانی ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی پەیوەندی.
8. داڕشتن و جێبەجێکردنی یاساگەلێک کە فراوانترین ماف و بیمەی کۆمەڵایەتی لەخۆبگرن بۆ کرێکاران و بەرزترین ڕادەی خۆشگوزەرانی و باشترین بارودۆخی کارکردن دەستەبەر بکەن، بەپێی ئەو دەسکەوتانەی کە بزووتنەوەی کرێکاری لە جیهاندا لەم بوارەدا بەدەستی هێناوە.
9. دابینکردنی کار یان بیمەی بێکاری بۆ هەر بێکارێکی کچ یا کوڕ، پیا و یا ژن.
10. دابین کردنی خانووبەرەی گونجاو و خوێندنی گشتی هاوچەرخ بێ بەرابەر، لەگەڵ دابینکردنی خزمەتگوزاری تەندرووستی پێشکەوتوو بێ بەرابەر بۆ هەمووان.
11. دابین کردنی خزمەتگوزاریە بنەڕەتیەکان لە میزانیەی دەوڵەت و بێ بەرابەر بۆ هاوڵاتیان، لە چەشنی ئاو و کارەبا و خزمەتگوزاری تری پێویست.

(کۆنگرەی بەغدا)، کۆنگرەی ڕاپەڕیوانی شۆڕشگێڕ

(٢٦)ی ئابی (٢٠٢٢)

# نەوزاد بابان لە وەڵامی چاوپێکەوتنی کەناڵی ئاسمانی (NRT)دا:

- ڕێگەی ڕزگاری لەم بارودۆخەی ئێستا پشت بەستنە بە ئیرادە جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و لاوان و گەنجانی ئەم هەرێمە.
- نابێ ئاسۆ و ئامانجمان ببەستینەوە بەوەی کە وڵاتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە و وڵاتە زلهێزەکان ڕزگارکەر و فریادڕەسمانن!

ڕونکردنەوەی ڕۆژنامەی ڕەوت: بەدوای بانگەوازی سەرۆکی (نەوەی نوێ) بۆ خۆپێشاندانێک لە (٦-٨-٢٠٢٢)دا، هێزە سەرکوتگەرەکانی دەسەڵات، ڕۆژێک بەر لە خۆپێشاندان و ڕۆژی خۆپێشاندانەکەش، هەڵسان بە ڕەشبگیرییەکی بەرفراوان و سەدان کەسیان گرت لەوانە چەند ئەندام پەرلەمانێکی ئەو حزبە.

لە دژی ئەم ڕەشبگیری و سەرکوتی ئازادی سیاسییە (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی) ڕاگەیاندێکی بڵاوکردەوە و ئیدانەی ئەم دەستدرێژیانەی کرد، وە هاوڕێ نەوزاد بابانیش لە کەناڵی ئاسمانی (ئێن.ئار.تی) میوانی بەرنامەی (ناڤینی ڕۆژ) بوو لەسەر ئەم پرسە، کە لە لایەن بەڕێز خاتوو (چیا)وە پێشکەش کرا.




Nrt: میوانی بەرنامە نەوزاد بابان، ئەندامی (ڕێکخراویی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق) ئەم کاتەتان باش، دەمەوێت سەرەتا سەرنج و تێبینی ئێوە ببیستم لەسەر بارودۆخی ئێستا کە لە هەرێمی کوردستان دروست بووە لەبارەی خۆپیشاندانەکانەوە، وە لەم نێوەدا هاوڵاتی دەگیرێ سەرنجی ئێوە چییە؟

نەوزادبابان: زۆر سوپاس، دیارە ئەوەی ئێمە دەیبینین زیاترلە سی (٣٠) ساڵە دەسەڵاتداران بەسەرکوت و گرتن و کوشتن جوابی خواست و داواکاریە کرێکاری و جەماوەریەکانیان داوەتەوە، وە هەمیشە چاوەڕوانکراوە کەدەست بۆکارێکی وابەرن. سەرەتا ئەمەوێت ئاماژە بەوە بدەم ئێمە وەک (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی) و هەروەها خۆشم ئیدانەی ئەو ڕەشبیگیرەمان کردوە سەرەڕای هەر تێبینی و سرنجمان لەسەر ئەم خۆپیشاندانەی دوایی کە نەوەی نوێ بانگەشەی بۆکرد.

ئەم هەڵسوکەوتەی دەسەڵات ئەوەمان پێ دەڵێت شتێک نەماوە بەناو یاسا و دەستور، پێش هەموو کەسێک خۆیان پێشێلکاری یاسا و دەستورێکن کە خۆیان دایان ڕشتووە، بەبێ بڕیاری دادوەر خەڵک دەفرێنن، ئەمە یەکەم جاریان نیە هەمیشە لەبەرامبەر خواستە جەماوەری و کرێکاریەکان دەستیان بۆ سەرکوت و گرتن و داپڵۆسین بردوە. بزووتنەوەی (١٧ شوباتی ٢٠١١) و خۆپیشاندانەکانی شار و شارۆچکەکانی ساڵانی ڕابردوی ئەم هەرێمە، ڕووی ڕاستی ئەم دەسەڵاتە دەردەخەن.

ئەم بارۆدۆخەی ئێستا ئەوەمان پێ دەڵێ کەسەرانی دەسەڵاتی سەرمایە ئێستا ئەوان لە دوڵێکن، وە خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و لاوان و ژن و خەڵکی ئازادی خواز و یەکسانیخوازیش لە دۆڵێکی ترن، ئیتر هەروەک هەموو دەسەڵاتە دیکتاتۆر و شمولییەکان دەست بۆ ئیستبداد و ترس و تۆقاندن دەبن بۆمانەوەیان لە دەسەڵات، ئیتر لێرە بەدواوە هیچ فرسەتێک ناهێڵنەوە بۆ خەباتی مەدەنی وە بە ناچاری خەڵکی نارازی دەبێت بیر لە شێوازێکی تری نارازایەتی بکاتەوە.

پرسیارەکە ئەمەیە باشە ئەبێ ئێمە چی بکەین دانیشین هیچ نەڵێن لە کاتێکدا زیاتر لە دە ساڵە دامەزراندن نییە و وەستاوە، ماڵ نیە دوسێ بێکاری ئامادەبەکاری نەبێت کە لەسەدا هەشتایان خاوەن بڕوانامەن وە لەگەڵ ئەوەشدا بەدەیان موچە خوراوە بێجگە نیوموچە و ڕوبعە موچە لەگەڵ ئەوەشدا زۆر بەخێرایی سیستەمی نیولیبرالیزمیان سەپاند بەسەرکۆمەڵگادا، زوربەی خزمەت گوزاریەکانی کەرتی گشتی دران بەکەرتی تایبەت و هەمووی بوو بە پارە، لەگەڵ ئەوەشدا ئاو، کارەبا، سوتەمەنی، دەرمان، وەکو پێویست دابین ناکرێت، ئیتر دەبێ ئێمە چاوەڕوانی چی بین چاوەڕوان بین کەمینەیەکی خێڵەکی سەرمایەداری فەرهودی بە بەردەوامی داهات و سەرمایەی ئەم وڵاتە بخۆن؟ وە لە سەدا هەشتای خەڵکیش لە خەمی ناندابێت ئیتر ئەمە مایەی قبوڵ کردن نیە، ئیمڕۆ توانیتان شەش سەد کەس بگرن ئەی چی لەو لەشکرە گەورە دەکەن کە نارزین؟

Nrt: باشە دەستگیرکردنی خۆپیشان دەران شکۆی هەرێم و پرۆسەی دیموکراسی ناخاتە ژێرپرسیارەوە؟

نەوزاد بابان: چ شکۆیەک؟ بۆ لە کوردستان شتێک ماوە بەناوی شکۆوە؟ وا نۆ (٩) ئەندام پەرلەمان کە بەقەولی خۆیان پارێزبەندی (حەسانە)یان هەیە، لە لایەن هێزەمنیەکانیانەوە دەگیرێن و سوکایەتیان پێ دەکرێت. نەک هەر ئەوە بەڵکو پەرلەمانتاری (نەوەی نوێ) کاک (ڕێبوار ئەورەحمان) کە خۆی بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار کاندید کردوە ئەویش دەگرن! ئیتر پێم ناڵێت شکۆی چی؟

هەڵبژاردن و پەرلەمانی چی؟ تۆ سەیرکە لە کوردستاندا حەوت هەڵبژاردن کراوە، لەگەڵ دروستکردنی هەرکابینەیەکی نوێدا ژیان و گوزەرانمان خەراپتر بووە.

بۆیە هیچ هەڵبژاردەیەک لە بەردەم خەڵکی کرێکار و زەحمەت کێشی کوردستان نەماوەتەوە بێجگە لەوەی کە دەبێت بیر لە ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی بکاتەوە دەبێت ئەمانە بڕۆن لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەزموون لە کار و خەباتی داهاتومان وەرگرین. بۆچی ئێمە لەسەدا هەشتای خەڵکی نارازی دەرەقەتی ئەم کەمینە ئۆلیگارشیە مافیا فەرهودییە نایەین؟ دیارە ئەوان دەستیان گرتوە بەسەر قوتوداهاتی ئەم وڵاتە بۆ ئەم مەبەستە دەیان هێزی بەڵتەجی و ڕێکخراوی تۆکمەی ئەمنی دروستکردووە بۆ پارستنی خۆی، ئەرکی ئێمە لە بەرامبەر ئەمەدا چییە کە هەنگاوی بۆبنێین؟ یەکەم شت، ئەوەی کە زەرووره هەر ئێستا دەستی بۆبەرین ڕێکخرابونە لە ناوەندەکانی کار و ژیاندا، دووەم گۆڕینی شێوازی خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکانمانە، نمونەیەکی زیندوو کە لە بەردەستماندایە ئەوەیە کە خەڵکی نارازی و ڕێکخراو لە شوراکاندا لە گەڕەکانی شاردا بەرەو سەنتەری شارەکان لە ڕاپەڕینێکی جەماوەریدا کۆتایان بە دەسەڵاتی فاشیستی بەعس هێنا، بۆیە ئێستا کاتی ئەوە هاتوە بەهەمان شێوە و بەهەمان مێتود شورا و کۆمیتە شۆڕشگێڕەکانی خۆمان دروست بکەین، هەتا ئەگەر هەلومەرج لەباریش نەبێ بۆ ئاڵو گۆڕی ڕیشەیی، بەڵام دەکرێ لە ڕێگەی شۆراکانەوە ببین بەڕەقیب بەسەر ئەم دەسەڵاتە سەرمایەداریەوە، ئەمە بۆخۆی زامنی ڕزگاربونمانە.

Nrt: با بێنەوەسەر باسەکەی خۆمان، دەسگیر کردنی هاوڵاتیان لەم خۆپیشاندانە و خۆپیشاندانەکانی تر هەروەک دەستەی مافی مرۆڤ ئیشارەتی پێداوە کە خەڵکی بەبێ بڕیاری دادگا بەجلی مەدنیەوە دەفڕێنن.

نەوزاد بابان: هەروەکو خۆت ئیشارەتت پێدا ئەمە ئیشی یەکەم دواجاریان نیە من نمونەیەک لەسەرخۆم دێنمەوە کاتێک لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی تردا نوێنەری خۆپیشاندانێکمان دەکرد، لە ماڵی خوشکێکم بووم کە (ئاسایش) بەهێزێکی زۆرەوە چواردەوریان داین، پێم وتن کوا بڕیاری دادوەر؟ زۆر بەشێوازێکی ناشرین وەڵامی دامەوە و سوکایەتی زۆریشیان بەدادوەر کرد. بۆیە سەدان جار لە خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکان نوێنەران و خەڵکی نارازی ڕفێندراون بەبێ قەراری دادگا، دواتر ڕووبەڕووی دادوەرکراون بۆ ئازاد بونیان. تۆ سەیری ئەم گاڵتەجاڕی و مەهزەلەیە بکە خۆی دەتفرێنێت دوایی دەتدات بەدادگا!

Nrt: کاک نەوزاد وڵاتانی زلهێز بەتایبەتی ئەمریکا ئاگایان لەم بارودۆخەی کوردستانە، کونسڵخانەکان و نوێنەرەکانیان سەرکۆنەی ئەو پێشێل کاریانە دەکەن، وە دەسەڵاتدارانی هەرمیشیان ئاگادارکردۆتەوە لەو پێشێل کاریانە، ئایە هەر سەرکۆنەکردن لە دورەوە پێویستە بۆ ئەم بارودۆخە و پێشێل کاریانە؟

نەوزاد بابان: هەرجۆرە ئیدانەکردنێک مایەی دەست خۆشیە، بەڵام ئەو دەوڵەتە زلهێزانە دەزانن کە ئەمانە سی (٣٠) ساڵە پێشێل کاری دەکەن، خۆپیشاندەر دەکوژن، ڕۆژنامەنوس دەکوژن، موچە دەدزن، کارەبا نییە، ئاو نییە، تاعینات نییە، هەموو خزمەت گوزاریەکان کراون بەپارە، کەچی هەر پاڵپشت و پەنایی ئەم دەسەڵاتەن.

سیستەمی نیولیبڕالیزم دیاری و بەخشیشی ئەوان بوو بۆ ئێمە، کە ئەم دەسەڵاتەش دەست بەجێ پیادەی کرد، کە ئیتر ئەمە بەسە بۆئەوەی لە ڕێگەی ئەم سیستەمەوە وڵاتێک غەرقی نەبوونی و نەهامەتی بکەن، بۆیە تەنها ڕێگەی دروست و ڕزگاری یەکجاری دەبێ پشت بەئیرادە جەماوەری خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و لاوان و گەنجانی ئەم هەرێمە ببەستین بۆ کۆتای هاتن بەم بارودۆخەی کە ئێستا تێی کەوتوین نابێ ئاسۆ و ئامانجمان ببەستینەوە بەوەی کە وڵاتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە و وڵاتە زلهێزەکان، ڕزگارکەر و فریادڕەسمانن!

# کاتێک داگیرکردنی جادە سەرکەوتن نییە! دوا کارتەکانی پۆپۆلیزمی ئاینی

ڕزگار عومەر



- سەرلەنوێ هەوادارانی (موقتەدا سەدر) ڕژاونەتە سەر شەقامەکان، تەحەدای هێزە نەیارەکانی هاوماڵەکانی خۆیان دەکەن "ماڵی سیاسی شیعە". لە دوای (٢٠٠٣) وە ئەوە چەندین جارە ئەم ڕووداوانە دووبارە دەبێتەوە.

زۆربەی جارەکانیش سەقفی داواکاریەکان لە ڕووی عەمەلییەوە پەیوەندیەکی نامێنێ لەگەڵ ئەو "سەقفە" سیاسییانەی لە ئەنجامی ئەم خۆپیشاندان و فەوزا بێ سەروبەرانە دروست دەبێت، چونکە جوڵە پێکردنی جەماوەری سەدریی بۆ باشترکردنی دۆخی گشتی نییە، بەڵکو نیشاندانی ماسولکەیەکی کۆمەڵایەتی نا بەرپرسیارە کە ئەم ماسولکە جەماوەرییە خۆی خاوەنی هیچ دیدگایەکی سیاسی نییە و ڕێبەرێک قوماری سیاسی پێدەکات.

جارانی پێشوو؛ کە بزووتنەوەی سەدریی دەستی دەگەیشتە "سەفقەیەک" سوودی لەو درزانە دەبینی کە لە نێوان هاوکێشەکان و ناکۆکییەکانی دوو ستراتیژ هەیە لە عێراق، ئەم دوو ستراتیژە بریتی بوو لە دووبەرەی ئێران و ئەمریکا لە عێراق، ئەمجارەیان بە هەڵکەوت بێت یان بە سازانی بەرژەوەندی بێت ئەمریکا و ئێران جۆرێک لە هاودەنگیان هەیە لەسەر ئەوەی حوکمی چوار ساڵی داهاتوو لە عێراق چۆن بێت و چ ئارایشێکی هەبێت.

- جەماوەری سەدر تا ئێستاس چ وەکو لایەنگری بکەری جادە و شەقام، چ لە فۆرمی دەنگدان و هەڵبژاردن لە نەیارەکانیان قەبارەیان زۆرتر و گەورەترە، بەڵام هەر ئەم جەماوەرە لەم پێنج ساڵەی دوایی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خەڵکی لێ دەبێتەوە، ئەم پاتتاییە کۆمەڵایەتییە ئەگەر بە نەیارەکانی بەراورد بکرێ هێشتا لە ڕووی سیاسییەوە "ژمارەیە" بەڵام ئەگەر بە ڕابردووی خۆی بەراورد بکرێت ئەوە لە قۆناغ و دەسپێکی دوورکەوتنەوەیە لە ژمارە یەکی بێ ڕکابەر!

هۆیەکانی ئەم لاواز بوونە زیرەکی لێهاتوویی نەیارەکانیان و باشتربوونی ئەوان نییە، بەڵکو دەردەکانی پرۆسەی ئەم لاوازبوونە لە بەدەنی بزوتنەوەکە خۆی دایە، لە ئاسۆی سیاسی و لە کار و کردەوەکانی خۆی دایە، کە نزیکترین کار و کردەوە و هەڵوێستیش بریتی بوو لە ڕۆڵی تیمە تایبەتەکانی بزوتنەوەی سەدر لە سەرکوتی خۆپیشاندەرانی تشرین لە بەغدا، کاتێ ئامادە نەبوون بچنە ژێر ڕکێفی ئەم بزوتنەوەیە، هەروەها بێ توانایی ئەم بزوتنەوە و ڕابەرەکەیەتی لە وەڵامدانەوە بە قەیرانە جۆربەجۆرەکانی حوکمرانی چەشنی قەیرانی ئابوری و سیاسی لە عێراق.

- زۆر لە لێکدانەوە سیاسیەکان، زۆر لە ڕاپۆرتە میدیاییەکان هێشتا وێنای سەدر و بزوتنەوەکەی دەکەن وەکو ئەوەی کە هێشتا لە سەردەمی زێڕینی خۆی بێت، ئەم جۆرە لە وێنا کردن کەم و کورتی نییە لە دەرک کردن بە تایبەتمەندی سەرلێشواوی ئەم بزوتنەوەیە، بەڵکو بریتییە لە دووهۆکار بۆ پاڵپشتی؛

یەکەمیان هەندێ سەرچاوەی میدیایی گرەوەی لەسەر ئەو "فەوزا" تازەیەدایە تا لێکەوتەکان بە جۆرێک بێت کە لە خزمەتی ئەو ستراتیژە سیاسیە بێت کە میدیاکەی پێ بەڕێوەدەچێت، دووەمیان بریتیە لەوەی سۆزی پۆپۆلیستی لە نێو میدیادا نەخۆشیەکی درێژخایەنە قاچێکی لەسەر بەرژەوەندی هەژموونی میدیایی دایە، وەکو "شوێنگەرەوەیەکی پووچی"ی هۆشیاری سیاسی، قاچەکەی تری لەسەر بە هێزبوونی کلتوری بێ دیسپلینی دایە لە سەرجەم کایەکانی میدیادا، بە تایبەتی لە سۆشیال میدیا، ئەم دەردەش چەندە لە ڕابردوو لە خزمەتی ئەم بزوتنەوەیە بووە لە ئێستادا بە پێچەوانەوە دەبێتە فاکتێکی لاواز کردن چونکە؛

ئەم بزوتنەوەیە لە دووریانێکی سەختدایە؛ ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بارستە کۆمەڵایەتیەکەی کەم دەبێت دوورتر دەبێت لە واقیعبینی، بە پێچەوانەی ئەمەش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ وێنە خەیاڵیەکەی لە خۆی خەیاڵیتر دەبێت، چەند ئاکشنی سیاسی لیدەری ئەم بزوتنەوەیە ئاڵۆزیکتر دەبێ، ئەوەندە ئاکشنی سەرجادە و "پاڵەوانیتی" داگیرکردنی بینا چۆڵکراوەکان چەشنی پەرلەمان ڕوو لەسەر دەبێت، ئەم داگیرکردنانە کە چەند کاتژمێرێکی کەمی برد، هەموو سیحرە سیاسی و ڕەمزیەکەی لە داواکاری سەدر بەتاڵ کرایەوە کە وتی دوو ڕکعات نوێژ لەوێ بکەن بە جێیبهێڵن! سیمبول بوونی هەر ئاکشنێکی جەماوەری ئەو کاتە دەبێتە دەسکەوتی جێگیر و سەرمایەی سیاسی کاتێک دوای ئەم ئاکشنە هاوکێشەیەک بگۆڕێت، یان کاتێک خیتابی ڕابەرانی دوای ئەم ئاکشنە گرەنتی ئەوەی تێدابێت کە ئەمە دەستپێکردنی پرۆسەیەکی گەورەترە، کۆمەڵگەش لە دەرەوەی لایەنگرانی خۆیان بهێننە سەر هەمان هێڵ، بەڵام لە دەرەوەی جەماوەر و یارانی سەدر کۆمەڵگەی عێراقی بە چاوێکی جیاواز سەیری سەدر و نەیارانی ناکات، هەر ئەم هۆکارەشە کە پارسەنگی دروست نابێت کە لە دەرەوەی ستراتیژی ئەمریکا و ئێران هێزێکی تری سەربەخۆ، وەکو کۆمەڵگەی عێراقی ئەم زۆرانبازییە

یەکلاکاتەوە، ئەمە بەو مانایە نییە کە کۆمەڵگە لە حاڵەتێکی هۆشیاری باڵادایە بۆیە ئەم کارە ناکات، بەڵکو لەبەر ئەوەدایە کە هۆشیاری ئەم کۆمەڵگەیە لە ئێستادا تەنیا لە هەڵوێستی بایکۆت کردنی دەنگدان و پرۆسەی سیاسی دایە، لە ڕەشبینی دایە، بەڵام هەرگیز غافڵ نیە لەوەی کە پۆپۆلیزمی ئاینی چارەسەر نییە

## پاشماوەی......... بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی چینی کرێکار لە کوردستانی عێراق

لێرەدا بگەڕێینەوەسەر ئەوەی ئەم ڕێکخراوانە لە کوێی هاوکێشەی ململانێ چینایەتیەکاندا بوون؟ وە چ شتێک کاریگەری نەرێنی لەسەر کاری ئەم ڕێکخراوانە دادەنێت؟

ئەگەر بەواقعی قسە لەسەر ئەم بابەتەبکەین دەبێت زیاتر قورساییەکە لەسەر (یەکێتی بێکاران) ببینین، وە فۆکسی ڕێکخراوە سیاسییەکان بەگشتی لەسەر ئەم ڕێکخراوە بوو، کە توانیبوی لەڕووی ئەندامگیریەکەیەوە زۆرترین خەڵکی بێکار لەخۆ بگرێت و بتوانێت چەندهەنگاوێک بەرەوپێش بچێت لە پەیوەست بەریفۆرم وەک بەشێک لە خەباتی چینایەتی بەو ئومێدەشەوە کە بێکاران لە هەردوو ڕەگەز لەسەر ئەم ڕێکخراوە هەیان بوو کە زۆرینەیان وەک نوسێنگەی کار سەیریان دەکرد و دەیانویست لێرەوە کارێک بەدەستبێنن، وە هەندێکیشیان زۆر لە ئێمە بەئیرادە تر و باوەڕدار تر بوون بەکاری ڕێکخراوەیی، وە کۆبونەوەی دەستەیی لەگەڵ ئەم بەشە دەکرا لە هەردوو ڕەگەز، وەک دەستفرۆشان، بێ خانە و لانەکانی ناو گەڕەکی (حامی)یە، ژنانی گەڕەکە هەژارنشینەکان، وە بەدەستهێنانی هاوپشتی لە ڕێکخراوە کرێکاریە جیهانییەکان، بەئەنجام گەیاندنی مەراسیمە کرێکارییەکان، کە دەکرێت وەک بەشێک لە خەباتی چینایەتی سەیربکرێت.

لەگەڵ کۆی ئەمانەی باسمان کرد یەکێتی بێکاران لەژێر کاریگەری و هەژمونی ڕێکخراوە سیاسییەکان بەئاڕاستەیەک برا لەدوای شکستێک کەتوشی هات لەژێر ئەوهەژمونەدا کە نەیانهێشت بەو خۆپیشاندانە هەڵسێت کە بڕیاری لێدرابوو ئەمەش ڕێک پێشێلکردنی پڕەنسیبی شورای بوو، دواتر ئەم ڕێکخراوە بەرەو ترازان و لێکجیابونەوە و پوکانەوە چوو.

-*-*-*

بەشی دوەمی بابەتەکە دەگەڕێمەوە بۆ ناوەراستی (٢٠٠٦) بەدواوە کە چەند هەڵسوڕاوێک کۆبوینەوە و بڕیاری کارکردنماندا لەسەر نەبونی ئاو و کارەبا وەک سەرەتاییترین مافی ئینسان کە دەبێت دەستی پێڕابگات، لەو کاتەدا دڵشاد، نەوزاد بابان، زمناکۆ عزیز، نەبەز کریم زەراعی، دەستپێکی ئەم کارەمان لە ئەستۆگرت، وە توانیمان چەندین کەس لە یەکەم کۆبونەوەدا لەخۆبگرین و ئامادەسازی بکەین بۆ گردبوونەوەیەکی نارەزایەتی بەرفراوان، ئەوە بوو ئەنجامماندا و دەسەڵاتمان خستەژێر فشار و نوێنەری پارێزگا و فەرمانگەی ئاو و کارەبا ناچار بوون بێن بۆ بینینی نارەزایەتییەکە و بیستنی خواستەکانمان. ئێمەش نوێنەری هەڵبژێرداراو بۆ ئەو کارەمان هەڵبژارد بەدەنگدانی ئاشکراو چەندین کەس بوونە هاوبەشمان، وە بەداخەوە مەیلێکی سیاسی ڕونتر بڵێم (حزبی کک) کاری لەسەر ئەوە دەکرد کە چون بەئاڕاستەیەک کۆنترۆڵی ئەو دۆخە بکات. دواتر ئەم کارەش نیمچە شکستی هێنا و پاشان چەندین کەس گیران لەوانە علی مولود و نەزاد بابان و پولای زیندانی و دواتریش سەلام مارف و کاژاو گیران ئەمەش دەرەنجامی نادروستی کارکرد بۆ ئیحتوای کارێکی دەستەجەمعی.

لە دوا هەنگاودا خۆپیشاندانەکانی چەندساڵی پێشوو واتە (٢٠١٤) و ساڵەکانی دواتر کە بەرفراوانترین خەڵک بەشداری تێدا دەکرد وەک ڕاستیەکی حاشاهەڵنەگرن، بەگشتی ئێمەی کۆمۆنیستەکان پاشکۆ و لەدوای شەپۆلەکەوە بووین، ئەمەش هۆکاری تایبەتی خۆی هەیە ئەویش نەبونی هاوکردەیی لە یەکێتی کاردابوو هەرچەندە بەناو دەستەی نارەزایەتیەکان لەئارادابوو کە پێکهاتبوو لە هەڵسوڕاوانی چەپ و کۆمۆنیست، بەڵام (حککک) و (حشکع) دەیانویست بە ئەجندای خۆیان کاربکەن و ئەم دەستەیە وابەستەی ئەوانبێت.

دواتر لە (٢٠١٩)وە چەندین جارهەوڵ دراوە هەتا ئایاری (٢٠٢٢) کە بتوانریت ئەم یەکێتییە لە مەیدانی خەباتدا بەئەنجام بگەیەنرێت، بەڵام مەیلی ناسیۆنالستی و سکتاریزم کە دەیویست ئەم کردارە بەمێتودی سیاسی خۆیان بڕواتە پێش ئەم یەکێتی کارە بەئەنجام نەگەیشت کە دواجار سەنگەر و بەرەیەکیان لە ئێمە گرت کە ڕاستەوڕاست جیاکردنەوەی سەنگەر و بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانە.

٢٠٢٢-٧-١٧

پاشماوەی .........

# دۆخی ژنان لە عێراق و ستراتیژەکانی بەرەوپێشبردنی خەباتی فێمێنیستی

گۆڕانکاری شۆڕشگێڕانەی سۆسیالیستی لە کۆمەڵگەدا.

کۆمەڵگا بە هەلومەرجێکی ناجێگیری سیاسی و کۆمەڵایەتیدا تێدەپەڕێت، کە کرێکاران و ژنان دەخاتە بەردەم چەوسانەوەیەکی ئابووری و کۆمەڵایەتی، کەلێنە چینایەتییەکان لە نێوان چینی دەسەڵاتدار لە عێراق و چینی کرێکاردا بە رادەیەکی ئێجگار گەورە زیادی کردووە کە لەمەوبەر پێشبینی نەدەکرا یان چاوەڕوان نەدەکرا. بەپێی توێژینەوەیەکی ئەم دواییەی بانکی نێودەوڵەتی (٤٠%)ی دانیشتووانی عێراق لە ژێر هێڵی هەژارییدا ژیان دەکەن. ڕەنگە ئەو توندوتیژییە توندەی کە ژنان لە ژێر کاریگەری میلیتاریزمی ئیسلامیدا لەناو کۆمەڵگادا بەدەستیەوە دەناڵێنن، گرنگترین هۆکار بێت بۆ گرنگی دروست کردنی ڕێکخراوی کۆمۆنیستی و فێمینیستی شۆڕشگێڕانە و گۆڕینی نارەزایەتییە فێمینیستەکان لە یاخیبوونی خۆبەخۆی تاکی ژنەوە بۆ ناو ڕێکخراوێکی فێمینیستی سۆسیالیستی کە پشت بە شیکردنەوەی دیالێکتیکی و مێژوویی دەبەستێت و لەسەر بناغەی مارکسیزم بنیات نراوە بە دژی چینی دەسەڵاتداری سەرمایەداری و سیستەمی نێرسالاری کە پشت بە دامەزراوەی ئایینی و خێڵەکییەکان دەبەستێت و نیوەی کۆمەڵگا دەچەوسێنێتەوە پێش ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ وردکردن و چەوسانەوەی نیوەکەی تر.

ڕەنگە گرنگترین قۆناغ لە بنیاتنانی ئەم ڕێکخراوەیە و گۆڕینی بۆ هێزێکی کاریگەری هێرشبەر، بڵاوکردنەوەی هۆشیاری چینایەتی مارکسیستی و فێمینیستی بێت لە نێو ژنانێکدا کە پێشتر زوڵم و ستەمیان ڕەتکردبووەوە بە شێوەیەکی عەفەوی لە دژی شۆڕشیان کردبوو. ئەم ژنانە بەم کارەیان واتە بە ملنەدان بە دەسەڵاتی نێرسالاریی لە ڕاستیدا نیوەی ڕێگەکەیان بڕیبوو.

قۆناغی کۆتایی لە کاری شۆڕشگێڕی فێمینیستدا، بڵاوکردنەوەی هۆشیارییەکی فێمینیستانەیە بۆ یەکسانی ژنان و مافی بڕیاردانی سەربەخۆیان لەناو ڕێکخراوێکی مارکسیستیدا کە هەوڵی لە ناوبردنی موڵکایەتی تایبەتی و سیستەمی سەرمایەداری دەدات.

هەرچەندە مارکس کەمتر سەرقاڵی شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی ستەمکاریەکانی سەر ژنان بووە، بەڵام بنەماکانی شیکردنەوەی چەسانەوە و ستەمکاری و شۆڕش کردنی بە ڕوونی باسکردووە. مارکس ڕوونی کردۆتەوە کە چۆن سەرمایەداری چینی کرێکاری وەک ئامرازێکی کەڵەکەی سەرمایەی خۆی تەماشا دەکات. هەروەها لە مانیفێستی کۆمۆنیستیشدا باس لە پێویستی بەرزکردنەوەی پێگەی ژنان لە چوارچێوەی ژینگەی کۆمەڵایەتی و خێزانیدا کراوە. توێژینەوەکانی ئەنگڵز لەسەر بنچەی خێزان و موڵکایەتی تایبەت و دەوڵەت تیۆرییەکی باشن بۆ شیکردنەوەی دامەزراوەی "تاکهاوسەری" کە لەسەر بنەمای موڵکایەتی تایبەت و پەیوەندییەکانی نایەکسانی لە نێوان ژن و پیاودا دروستبووە.

بزووتنەوەی فێمینیستی لە سەرەتای خۆیدا لەناو چەپدا سەری هەڵدا، بەڵام لق و پۆپێکی زۆری لێ بوونەوە بەڵام هێشتا بەشێکیان نزیکایەتی خۆیان بە چەپەوە هێشتۆتەوە بە تایبەتی بزووتنەوە مارکسیستە فیمینیستەکان کە ئێمە وەک ڕێکخراوی ئازادی ژنان خۆمان بە بەشێکی ئەو بزووتنەوەیە دەزانین.

## ستراتیژییەکانی خەباتی فێمینیستی لە بەرامبەر هێرشی سەرمایەداری- ئیسلامی و خێڵەکیدا!

ئامانجی خەباتی ڕزگاریخوازی فێمینیستی، کۆتایی هێنانە بە نێرسالاری و سیستەمی سەرمایەداری کە دابەشکاری ئیتنیکی و مەزهەبی بەسەر عێراقدا سەپاندووە، بەبێ پشتگوێخستنی هەموو ئەو کەس و گروپانەی کە پەراوێزخراون، وەک بەرەنگاربوونەوەی ڕەگەزپەرستی دژی ڕەشپێستەکان و ئەو گروپانەی کە لەمێژە ستەمیان لێ دەچێت وەک ئێزیدییەکان. بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە، پێویستە:

یەکەم: دەستنیشانکردنی ئەو ئاستەنگانەی کە ژنان بەدەستیەوە دەناڵێنن و سەیرکردنی بەدواداچوون و چارەسەرکردنیان جا بە شۆڕش بێت یان چاکسازی.

دووەم: ئەو ئامانجە کۆتاییانەی کە ئێمە بە شوێنیەوەین، وەک ئازادی و یەکسانی، هەروەها ئامانجە کاتییەکانمان وەک نەهێشتنی سەرمایەداری و نێرسالاری و هەوڵدان بۆ لاوازکردنی ئەو دامەزراوە کۆمەڵایەتیانەی کە نوێنەرایەتیان دەکەن، وەک دامەزراوە ئیسلامییەکان و دامەزراوە و پەیوەندییەکانی خێڵ، کە چەندین هەنگاو لە ئامانجە کۆتاییەکانمان نزیکمان دەخاتەوە.

سێیەم: ئامرازەکانی ڕێکخستن و ئەنجامدانی چالاکیەکان بۆ بەهێزکردنی ژنان و پڕچەککردنیان بە هۆشیارییەکی سۆسیالیستی شۆڕشگێڕانە دژی سەرمایەداری و نێرسالاری و ڕەگەزپەرستی.

دیدگاکانمان ڕۆشنتر دەبێتەوە کاتێک دێن و دەست دەخەینە سەر ئەو ئاستەنگانەی کە ئێستا ژنان لە عێراقدا بەدەستیەوە دەناڵێنن، ئەویش زاڵبوونی ئایدیۆلۆژیای ئایینی ئیسلامییە بەسەر کۆمەڵگادا و دەستپێکردنی شەڕی کۆمەڵایەتیی خۆیەتی لە دژی ژنان ئەویش بە پشتبەستن بە دامەزراوەیەکی خێڵەکییانە کە ڕێز لە "گەورەیی پیاوانە"ی خێڵ بە گەورە و منداڵ و نەوەکانیانەوە دەگرێت. لەگەڵ هەژموونی ئەمانەدا، ژنان دەبنە تەنیا بابەتێکی چێژ و زاوزێ و خزمەتکردن و خەریک بوون بەو ڕێورەسمە (سرووتە) ئایینیانەی کە کۆت و پەندی دەکاتە پێ. پایەیەکی تری سیستمی سەرمایەداری و نێرسالاری بریتییە لەو کۆمەڵە یاسایانەی کە کۆیلایەتی ژن بۆ پیاوان مسۆگەر دەکات و وەک موڵکێکی تایبەت بۆ خۆی و منداڵەکانی جێگیری دەکات. حیزبە دەسەڵاتدارە ئیسلامیەکان هەرکات دەرفەتیان بۆ ڕەخسابێت، هەوڵ دەدەن پێچەکانی سەر ژنان توندتر بکەنەوە، هەر بۆیە ڕێکخراوی فێمینیستی مارکسی هەوڵ دەدات ئەوهۆشیارییە بچەسپێنێت کە ڕزگاری ژنان بە مانەوە و باڵادەستی دامەزراوە ئایینی و خێڵەکان بەدی نایەت.

سەبارەت بە پلاندانان بۆ ئامانجە کۆتاییەکانمان، مەبەست لێی ئەوە نییە کە ژنان دەبێت چاوەڕوانی سەرکەوتنی ڕەوتی سیاسی کۆمۆنیستی بکەن بۆ ئەوەی دوای چەند قۆناغێک ئازادی بە "ببەخشێت"، بەڵکو خەباتی ژنان بۆ ئازادی و یەکسانی بەشێکە لەو خەباتە سیاسییە بۆ بەدیهێنانی ئازادی تەواوەتی هەر ئێستا. لەم خەباتەدا ژنان داوا لە هاوپەیمانەکانیان دەکەن شەڕی بەرەنگاربوونەوەی نەریت و دامەزراوە کۆمەڵایەتییە کۆنەکان و ئەو ڕاستییە لە بیر نەکەن کە شەڕی چینایەتی و جێندەریی شان بە شانی یەکتر دەڕۆن. ئازادی و یەکسانی دەبێ لە ئەمڕۆوە دەست پێبکات، لەناو ئەو ڕێکخراو و بازنە هاوپەیمانانەی کە بە هۆشیارییەکی کۆمۆنیستی یەکسانیخواز و فێمینیستی پڕچەکن.

ئامرازەکانی ڕێکخستن بابەتێکە پشت دەبەستێت بەو دۆخە کۆمەڵایەتییە کە بزووتنەوەکەمانی تێیدا هەڵدەسوڕێت، هەژموونمان، تواناییمان بۆ قەناعەت پێکردنی بزووتنەوەکە بۆ وازهێنان و دەستبەرداربوونی بیروباوەڕەکانی سەدەکانی ناوەڕاست و لەوێوە کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا دروست بکات. یەکێکی تر لە ئامرازەکانی ڕێکخستن بۆ بزووتنەوەی فێمینیستی مارکسیستیمان ئەو هەڵمەتانەیە کە پێیهەڵدەستین بۆ گۆڕینی ئەو یاسایانەی چەوساندنەوەی ژنانی تێدایە، پەیوەندیکردنە بە بزووتنەوە فێمینیستییە ڕزگاریخوازییەکانی جیهان و هەوڵدانە بۆ هوشیار کردنەوەی کۆمەڵگا لەسەر پێویستیی پابەندبوون و داکۆکیکردن لە مافی ژیانی ژنان. ڕێکخراوی فێمینیستی مارکسیستی جێگە و سەلامەتی خۆی لەناو بزوتنەوەیەکی فێمینیستی کۆمۆنیستیدا دەدۆزێتەوە کە گوێ لە داخوازییەکانی ژنان دەگرێت و دیدگایان بەرامبەر خەبات بۆ ڕزگارییان پەرە پێ دەدات. ٢٠٢٢.٥.٢٤

**تێبینی: ئەم بابەتە عومەر خەتات**

**لە عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی.**

پاشماوەی .... جەنگی ئەسڵی لە کوردستاندا، جەنگی .......

هیچ هاوکێشەیەکی سیاسیدا نە ئامادەیە و نە ناویشی لە ئارادایە.

ئەمە واقیعەتی جیهانی سەرمایەدارییە لە هەموو وڵاتاندا کە کێشمەکێشی نێوان ڕەوت و باڵە جۆراوجۆرەکانی بورژوازی لەسەر دەسەڵات و بردنە پێشەوەی ئەجێندای سیاسی و ئابوورییان تەواوی کۆمەڵگە بەخۆیانەوە مەشغوڵ دەکەن، وەک لەمڕۆی عێراقدا دەیبینین، نەک هەر ئەوەش لە زۆر وڵاتاندا جەهەنەمێکیان خوڵقاندووە بە جەنگی ناوخۆ وەک لە سوریا و یەمەن دەیبینین. وە لەسەر ئاستی جیهانیشدا کێشمەکێشی نێوان وڵاتانی بورژوازی و بلۆکە ئابووری سیاسییەکان و جەنگی نێوانیان تراژیدیا لەسەر ئاستی جیهان بۆ مرۆڤایەتی دێنێتە ئاراوە هەر وەک لە جەنگی ئێستا لە ئۆکرانیادا دەبیندرێت.

ئەگەر لە ڕوانگەی ژورنالیستی بورژوازییەوە سەیری دنیای سیاسەت بکەین، ئەوەی پیشاندەدرێت بۆ نمونە لە عێراقدا کێشمەکێشی ڕەوتە قەومی و مەزهەبی و تائیفیەکان و بە پشتیانەوە کێشمەکێشی وڵاتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە و وڵاتانی ئیمپریالیستییە لە گۆڕەپانی عێراقدا، لەم ڕوانگە ژورنالیستییەوە خەباتی کرێکار و زەحمەتکێش دەرناخرێت دژی سەراپای ئەم ڕژێمە گەندەڵە قەومی و ئیسلامییە، ئەمە لە کاتێکیشدایە کە ڕاپەڕینی (ئۆکتۆبەری ٢٠١٩)ی کرێکاران و زەحمەتکێشان تەواوی هاوکێشە سیاسیەکانی ئەم ڕەوتە قەومی و ئیسلامییە تائیفییانە و ستراتیژی دەوڵەتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە و دەوڵەتە ئیمپریالیستەکانی لە عێراقدا لەبەریەک ترازاندووە و ئەم کێشمەکێشەی ئێستایان ئاکامی ئەو گورزەیە کە بەر پەیکەرەی دەسەڵاتی بورژوازی کەوتووە لە عێراقدا.

لە کوردستانیشدا ئەوەی لە سەرەوە دەبینرێت ئەو کێشمەکێشەی نێوان حزب و ڕەوتە ڕاست و "چەپ" و نیولیبراڵەکانی بورژوا ناسیونالیست و ئیسلامییەکانە لە لایەک و کێشمەکێشی تەواوی بەرەی ناسیونالیزمی کورد و حکومەتی هەرێم و حزبەکانی دەسەڵاتداریەتی لەگەڵ ناسیونالیزمی عەرەب و حکومەتی ناوەندی و دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی لە بەغدا، بەڵام لە دەرونی کۆمەڵگەدا جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش هەر ڕۆژە لە نارەزایەتی و مانگرتندایە و هەر ماوەناماوەیەکیش دەستیداوەتە خۆپیشاندان، نەک هەر خۆپیشاندانی توێژ و بەشە جیاجیاکان، بەڵکو شەپۆلی سەراسەری خۆپیشاندانیش دژ بەدەسەڵات.

ئەم بزوتنەوە نارەزایەتیە جەماوەریەی کرێکاران و زەحمەتکێشان لە پرۆسەیەکدا لەژێر باری حزبە بورژوا ئۆپۆزیسیۆنەکانی ناسیونالیزم و ئیسلامی سیاسیدا هاتۆتە دەرەوە و ڕاستەخۆ ڕووبەڕووی دەسەڵات وەستاوەتەوە بە تایبەت لە شەپۆلی خۆپیشاندانەکەی ئۆکتۆبەری (٢٠١٥) بەدواوە، وە لەگەڵ هەموو هەوڵ و کۆششێکی (نەوەی نوێ)دا لە سێ چوار ساڵی ڕابردوودا، بەڵام نەیتوانیوە باڵادەستی بەسەر بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەریدا بکات و بیخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و لە چوارچێوەی ئەجێندای سیاسی خۆیدا لە قاڵبی بدات.

لە ئێستادا بزوتنەوەی نارەزایەتی لە قۆناغێکی ناسک و هەستیاردایە بەوەی کە بە ئەزموونێکی عەمەلی، خۆی لەژێر باری حزبە ناسیونالیست و ئیسلامییەکان هێناوەتەدەرەوە، بەڵام هێشتا ئاسۆیەکی سۆشیالیستی و ئەجێندایەکی سیاسی حزبێکی کۆمۆنیستی ڕادیکاڵ، ڕێکخەر و ڕابەری نییە کە بەرژەوەندیە درێژ ماوە و کۆتاییەکانی نوێنەرایەتی بکات، وە بەو ئاسۆ و ئەجیندا ستراتیژییە درێژ ماوەییەوە ڕابەر و ڕێکخەری نارەزایەتی و خەباتی ڕۆژانەیان بێت بۆ دەستکەوت و داسەپاندنی بەسەر حکومەتی هەرێم و دەسەڵاتدا.

ئەو کێشمەکێشە فکری و سیاسییەی کە ئەمڕۆ لە ئارادایە بۆ سەربەخۆیی چەپ و کۆمۆنیزمی کوردستان لە ناسیونالیزمی چەپ و دەرخستنی ناوەڕۆکی چینایەتی و ئەجێندای سیاسییەکەی، بەشێکە لە ڕێکخراوکردن و شکڵپێدانی کۆمۆنیزمێکی ڕادیکاڵ کە بتوانێت بە ئاسۆیەکی سۆشیالیستی و ئینتەرناسیونالیستییەوە ڕابەران و هەڵسوراوانی بزوتنەوەی کرێکاری و بزوتنەوە نارەزایەتیەکانی جەماوەری بگرێتەخۆی و لە خەباتی ڕۆژانەی کرێکاران و زەحمەتکێشاندا ئامادەیەیی هەبێت تا بتوانێت کرێکاران وەک چینێک لە پێناو خۆیاندا دژی چینی بورژوازی و دەسەڵاتی حکومەت و دەوڵەتە لۆکاڵییەکەی ڕێکخراو و ڕابەرایەتی بکات لە هەرێمەکەدا، وە خەباتیان گرێبداتەوە بە خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشانی سەراسەری عێراقەوە.

بەم شێوەیە لە کۆمەڵگەی چینایەتی کوردستاندا خەباتی چینایەتی نێوان پرۆلیتاریای کوردستان و بورژوازییەکەی لە سەرخانی سیاسی کۆمەڵگەدا خۆی لە کێشمەکێشی فکری و سیاسی نێوان دوو ڕەوتی کۆمەڵایەتی - سیاسی ناسیونالیزم و سۆشیالیزمدا دەبینێتەوە. ئیسلامی سیاسی وەک پێشتر ئاماژەمان پێداوە بەشێک و تەواوکەری کۆنەپەرستیەتی ناسیونالیزمە لە کوردستاندا. بە دڵنیاییەوە جەنگیش لە نێوان سۆشیالیزم و ئیسلامی سیاسیدا لە ئارادایە، بەڵام جەنگی یەکلاکەرەوەی کۆمۆنیزم لە کۆمەڵگەی کوردستاندا جەنگە دژی ناسیونالیزم، جەنگ لە دژی ئیسلامی سیاسی تەواوکەری ئەو جەنگەیە.

حوزەیرانی ٢٠٢٢

تێبینی: ئەم وتارە لەسەر ڕۆشنایی باسێک ئامادەکراوە کە نوسەر پێشکەشی کردوە لە ئێوارە کۆڕێکدا لە (٢١-٥-٢٠٢٢) لە (دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان) لە شاری سلێمانی.

پاشماوەی ل٣

# ڕەوتی مارکسیست و هێڵی فکری- سیاسی (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی)

ڕادیکاڵ و دژە ئیمپریالیستکانەوە، کە دژایەتی ئیمپریالیزم دەکەن، بەڵام دژی سەرمایەداری نین. هەروەها ئەم خەتە مارکسیستە هیچ پەیوەندیکی نە بەو جۆرە "مارکسیانە"وە هەیە کە داوای هاوپەیمانی ئەکەن لەگەڵ بورژوازی نیشتیمانیدا، وە نە هیچ پەیوەندییەکیشی هەیە بە ڕەوتگەلێک و هێڵێکی فیکری و سیاسی کە سەر بە نارەزایەتی ڕۆشنبیران و خوێندکارانی ڕادیکاڵی نا کرێکارین. سەرەڕای ئەوانە، ڕەوتی مارکسیستی شتێک کۆی ناکاتەوە لەگەڵ چەپی ڕادیکاڵی پەراوێزخراو و دابڕاو لە چینی کرێکار و خەباتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆژانەی، و هیچ هاوبەشییەکیشی نییە، بە هێڵی چەکداری "گەریلا"ی گیڤاریستەکان و هاوچەشنەکانی.

- مارکسیزم و ئایدیاکانی مارکس ئەمڕۆ بە هێز و تواناوە دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕەپانی فیکری کۆمەڵگاکان و ململانێی چینایەتی و کۆمەڵایەتییەکانیان لەسەر ئاستی جیهان و ئێمەش بەشێکین لە گەشەکردنی ئەم ڕەوتە و پۆلێکین لە پۆلە هاوچەرخەکانی.
- بۆرژوازی پەنا بۆ شەڕ و فاشیەت دەبات بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو بارودۆخە قەیراناویانەی کە سەرمایەداری ڕووبەڕووی بۆتەوە، بەڵام چینی کرێکار پێویستی بە یەکخستنی ڕیزی خەباتیەتی و پیویستی بە تیۆری شۆڕشگێڕانەی خۆی و چەکی فکری مارکسیستی هەیە بۆ ئەوەی خەباتی چینایەتی خۆی بەرەو ڕزگاری ببات. ئەم سەرهەڵدانە نوێیەی مارکسیزم بەشێکە لە دینامیزمی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکان و لە ناخی قەیرانی ئێستای سەرمایەداریدا ڕوودەدات. ئێمە لە عێراقدا بە وەرچەرخانێکی مێژوویی گەورەدا تێدەپەڕین، و دابڕاو نین لەو گۆڕانکاریانەی کە لە ئاستی جیهان و ناوچەکەدا ڕوودەدەن.
- مارکسیزم و خەتی مارکستیستی لە عێراق، لە بنەڕەتدا دەتوانێت ببێتە هێزێکی کاریگەری کۆمەڵایەتی و سیاسی، ئەگەر بتوانێت سیاسەت و بەرنامەی خەبات و ستراتیژی سۆشیالیستی بگرێتەبەر بەرامبەر ئەو گۆڕانکارییە سیاسی و وەرچەرخانە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فکرییە گەورانەی کە وڵاتەکە پیا تێپەڕدەبێت، وە ئەگەر بتوانێت وەڵامی گرێوگۆڵەکانی بزوتنەوەی کرێکاری و خەباتی چینایەتی ئێستا بداتەوە.

هەموو ئەمانە مانای ئەوە دەگەیەنێت کە بەکارهێنانی زیندووی تیۆری شۆڕشگێڕانەی مارکس، پێویستیی خەباتی ڕزگاریخوازانەی چینی کرێکار و بەهەژارکراوان و ستەملێکراوانە، کە بۆرژوازی هەمیشە ویستوویەتی لە دەستیان دەربهێنێ. ئێمەی کۆمۆنیست و مارکسیستی شۆڕشگێڕ لە عێراقدا بە قۆناغێکی وەرچەرخانی سیاسی و قەیرانێکی قووڵی کۆمەڵایەتیدا تێدەپەڕین، بۆیە ئێمە ئەو پەڕی پێویستیمان بە زیندووکردنەوەی مارکسیزم هەیە ئەگەر بمانەوێت بە ئاستێکی باڵاوە بچین بەرەوپێشی جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەی کە لە بەردەماندایە. سۆشیالیزم و مەیلی مارکسیستی شتێکی نامۆ نین بۆ کۆمەڵگاکان، بەڵکو بەرهەمی تایبەتی ژیانی ماددی ئەم کۆمەڵگایانەن.

## ڕەوتی مارکسیستی، چەلێنجەکان و ئەرکەکانی لە عێراقدا

- بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە عێراق پێویستی بە ڕزگاربوونە لە هەموو چەمکە بۆرژوازی و وردە بۆرژوازیەکان و بەرزکردنەوەی خۆی بۆ بزووتنەوەیەکی هاوچەرخی پرۆلیتاریای پڕچەک بە خەت و میتۆدی مارکسیستی کە بەدیلێکی سۆسیالیستی گرتبێتەبەر بۆ بەهێزکردنی ڕیزەکانی خەباتی چینی کرێکار.
- تیۆری قۆناغەکان بۆ گەیشتن بە دامەزراندنی دەوڵەتی پرۆلیتاری شۆڕشگێڕ و گەیشتن بە سۆشیالیزم، هەر پاساو دان نیە بە پێدانی دەسەڵات بە بۆرژوازی، بەڵکو لە ڕاستیدا تەواوکەری و بەشداریکردنە لە دامەزراندن و سەقامگیری سیستەمی سیاسی بۆرژوازی. ئەم تیۆرە لە ناو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی عێراقدا بۆ دەیان ساڵە بە ناوی کۆمۆنیزم و بزوتنەوەی کرێکارییەوە ڕەواجی پێدەدرێ و ئێستاش بەردەوامە. ئەم تیۆر و سیاسەتە، لە دوا شیکردنەوەدا، ملکەچپێکردنی پرۆلیتاریایە بۆ بەرژەوەندیی ستراتیژی و سیاسی و بەرنامەیی بۆرژوازی، چەکدامالینی کرێکاران و زەحمەتکێشان و بەکارهێنانیانە وەک سووتەمەنی بۆ سیاسەت و کرداری سیاسییەکانی بۆرژوازی.
- ئەوانە لە گرنگترین ئەو پرسە سیاسییانە بوون و ئێستاش هەن، کە ڕێگرن لە بەردەم بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە عێراقدا، کە پاساو دەهێننەوە بۆ ملکەچی پرۆلیتاریا بۆ ئاسۆ و بەدیلی سیاسی بۆرژوازی، و دوورخستنەوەی لە بەرژەوەندییە ڕاستەقینەکانی خۆی. لە ئاکامدا ڕێگری دەکەن لە کریستاڵبوونی سەربەخۆیی سیاسی چینایەتی کرێکاران و زەحمەتکێشان لەناو جەرگەی گۆڕانکاری و وەرچەرخانە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکاندا، و لە هەوڵی ملکەچپێکردنیاندان بۆ پاراستنی بەرژەوەندی چینەکانی دیکە بە ناوی مارکسیزمەوە.
- بوژانەوەی کۆمۆنیزم و وەڵامی پرسە هاوچەرخەکانی خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریا لە عێراقدا، پێویستی بە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم شێواندنانە و ڕزگاربوونە لە ئەزموونەکانی بۆرژوازی نەتەوەیی و پیشەسازگەرا، کە بەناوی کۆمۆنیزمەوە کاریان کردووە.
- لە ڕاستیدا، سەرمایەداری دەوڵەتی لە وڵاتانی بەناو سۆشیالیزم، لەسەر وێرانەکانی شۆڕشی پرۆلیتاریا و شکستی یەکەمین هەوڵەکانی بنیاتنانی سۆشیالیزمی ئینتەرناسیۆنال هاتەئاراوە، لانیکەم لە کیشوەری ئەوروپا لە ناوەڕاستی بیستەکانی سەدەی ڕابردووەوە.
- بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و ڕەوتی مارکسیستی لە عێراقدا، گورزێکی گەورەی بەرکەوتووە لە ڕێگەی ستراتیژ و سیاسەت و بەرنامە و پراکتیکەکانی (حزبی شیوعی عێراقی) و هەموو ڕەوتەکانی تر کە مارکسیزم و خەباتی سۆسیالیستی چینی کرێکاریان شێواندوە، بۆیە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو سیاسەت و ئاراستە و تیۆریانە، یەکێکە لە پرسە گرنگەکان بۆ ڕەوتی مارکسیستی ئەمڕۆ.
- یەکێکی تر لەو چەلێنجانەی بەردەم ڕەوتی مارکسی، ڕووبەڕووبوونەوەی فیکری بۆرژوازی و ئاسۆی بۆرژوا ناسیۆنالیستی و ئیسلامی و تائیفییە وەک ئەو بەدیلانەی بۆرژوازی کە بە شێوەیەکی ئاشکرا و ڕاشکاوانە دژ بە بەرژەوەندی کرێکاران و زەحمەتکێشانە.
- ڕەواجدان بە ڕادیکالیزمەی جەماوەر و خەڵک بەگشتی، وە بەکارهێنانی بۆ وەستانەوە بەرووی ڕەوتی مارکسیستی و ڕێکخراوی کۆمۆنیستی، و سوڕانەوە لە دەوری هێنانەدی گۆڕانکاری تەنیا لەڕێگەی ڕێکخراوە جەماوەرییە گشتیەکانەوە بەبێ بەهێزکردنی کۆمۆنیزم و حزبییەتی کۆمۆنیستی و مارکسیستی لە وڵاتدا، لە ئاکامدا بەشداری دەکات لە هێشتنەوەی دۆخەکە وەک خۆی و خزمەت بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی پرۆلیتاریا ناکات.
- ڕزگاربوون لە ئایدیا و تیۆرییە پۆپۆلیستیەکان و هەروەها ڕادیکالیزمەی سیاسیی دابڕاو لە خەباتی چینایەتی کرێکاران، هەروەها ڕزگاربوون لە ڕستە و دەستەواژەی شۆڕشگێڕانەی بێپەیوەند بە ژیان و خەباتی جەماوەری کرێکاران و زەحمەتکێشانەوە.
- پتەوکردنی پەیوەندیی کۆمۆنیزم بە خەباتی ڕزگاریخوازانەی ژنان و گەنجان و پەرەپێدانی دیالێکتیکیانەی پەیوەندی نێوان خەباتیان، مەرجێکی بنەڕەتییە بۆ هەر هەنگاوێکی جددی بۆ پەرەپێدانی خەباتی سۆسیالیستی لە عێراقدا.
- گرنگی نەدان بە تیۆری و بەرزنەکردنەوەی هۆشیاری مارکسی شۆڕشگێڕانە و بنیاتنەنانی ڕیزێکی فراوان لە ڕابەران و چالاکەوانان لە هەردوو ڕەگەزی ژن و پیاو و پڕچەک نەبوون بە مارکسیزم، یەکێکە لە گرینگترین خاڵە لاوازەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە عێراقدا.
- بەکارهێنانی میتۆدی مارکسیستی لە بەرامبەر ڕووداو و وەرچەرخانە سیاسییە شۆڕشگێڕەکان، هەروەها ڕەخنەگرتن لەو دوودڵییەی، کە ڕەنگە لەم وەرچەرخانانەدا توشی هەندێک ببێت، لەوانەی بە ناوی مارکسیزم و کۆمۆنیزمەوە ئەدوێن و بەخشکەیی دەکشێن بەلای فریوکاری و تەڵەکەبازی بۆرژوازییدا.
- بنیاتنانی ڕێکخراوێکی سیاسی کە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە نەرم و خاراو بێت و ڕەگ و ڕیشەی لەناو ڕیزەکانی جەماوەر داکوتابێت، بەڵام لە هەمانکاتدا ڕێکوپێک و بە دیسپلین بێت و هەڵسێت بە ئەنجامدانی ڕۆڵی خۆی بە باشترین شێوە، وە لە ڕیزەکانیدا نەک تەنیا کرێکار و سەندیکاکانی گرتبێتەخۆی، بەڵکو گەنجانی پرۆلیتاریا و ژنانی کرێکاریش بگرێتەخۆی، و لە خەباتی سۆسیالیستی خۆیدا پەیگیرانە بەرەو پێشەوە بڕوات، ئا ئەمە وەڵامی بارودۆخی سیاسی ئێستایە و وەڵامی دەستەبەرکردنی سەرکردایەتییەکی سیاسی و ڕێکخراوەیی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەشە لە عێراقدا.

خەتی فکری و سیاسی (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی) وەک خەتێکی مارکسیستی، لە خەباتی خۆیدا بەدوای بەرجەستەکردنەوەی هەموو ئەو ئاراستە و سیاسەت و پڕاتیکانەوەیە و تێدەکۆشێت بۆ ئەنجامدانیان.

# لە ژیانتا چەندە هەستم بە گرنگی و بوونت دەکرد، لە مردنیشتا دەیان هێندە
# لە ساڵڕۆژی کۆچی دوایی تێکۆشەری ماندوو نەناسی ڕێگای سۆشیالیزم، (مامۆستا عەزیزدا

## لە نوسینی ئازاد هۆرێنی


هاوڕێ، هاوڕێم بووی لە گشت هەوراز و نشێو و کۆسپ و کەندەلانێکی ئەم ژیانە سەختەدا، کە سەرمایەداران هیچ شتێکیان بۆ کرێکاران و زەحمەتکێشان تیا نەهێشتۆتەوە بێجگە لە "خوا"!!!

سەرباری ئەم هەموو نەهامەتیانەش، تۆ هەم ڕابەر بووی، هەم ڕێبەر بووی چونکە دەتزانی لەدوا ساتە شەوە تاریک و ئەنگوستە چاوەکاندا، ڕووناکی سەر دەردێنێ و خۆر تیشکەکانی بۆ تەواوی مرۆڤایەتی پەخش دەکات بەبێ جیاوازی.

لەناو هەموو ئەم بێبەشیانەدا، تۆ سفرەی ئومێد بووی لە دەیان ماڵە کرێکاردا و پارووی هیوا بووی بەدەم سەدان منداڵی هەژارەوە، کەوابوو هاوڕێم تۆ لە دۆزەخی نائومێدی و بێ هیواییدا بەهەشتی هیوا و ئومێدت دەبەخشی.

تۆ لەناو ئەو هەموو خێو و دێو و تارماییە ترسناک و دڕندانەی نیزامی سەرمایەداریدا، خەونی ڕەنگاوڕەنگت بە "دنیایەکی باشتر"ەوە دەبینی، کە فەراهەمکردنی زۆر لەم دونیا لنگەوقووچ و ناعەدالەتەی دونیای سەرمایە ڕەواتر و واقیعتر و بەرهەفترە.

تۆ باوکی (باوان) "١" و باوانی "٢" زۆرێک لە بێ باوانان بووی، بەڵام مخابن بێ



باوانت کردین.

هاوڕێم تۆ کە مێتاڵێک لە ئەڵماس و ئیرادەیەک لە پۆڵا و کێوێک لە ورە بوویت لەبەرامبەر جەور و ستەمی هەردوو دەسەڵاتی ناسیونالیزمی عەرەبی و کوردیدا چۆکت دانەدا و ڕێک وەستایت و نەچەمایتەوە، سەرسامم نازانم چۆم ئەم ڤایرۆسە "٣" نەفرەتییە زەفەری پێ بردی؟!!!

بەڵام هاوڕێ هەندێ جار نابێت هێندە لە مەرگ نیگەران بین کاتێ مرۆڤی وەک تۆمان



لە تەواوی کەماڵ و جەماڵی خۆیدا لێ دەسێنێ، چونکە مرۆڤ قابیلی گۆڕانە، قابیلی پێ هەڵخزانە، قابیلی ... و قابیلی ... هتدە، (گەرچی دڵنیام ڕوودانی ئەمانە لە تۆ مەحاڵ بوون).

بەجێتهێشتین و بۆ دواجار ماڵئاواییت لێ کردین، بەڵام دڵنیابە هاوڕێ لە ژیانتا چەندە هەستم بە گرنگی و بوونت دەکرد، لە مردنتا دەیان هێندە.


٢٠٢٢ -٨/١٣

١)- (باوان) کوری (مامۆستا عەزیز)ە و ئەمساڵ پۆلی شەشەمی زانستی بە کۆنمرەی (٧٠٠) پلەی یەکەمی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستانی عێراق بەدەستهێنا.

٢)- مەبەستم لەم (باوان)ە کە دووەمجار بەکارهاتووە بە مەجاز، مەرجەع و سەرچاوەی زانست و زانیاری سیاسییە، کە ئەو مەرجەعەش مامۆستای کۆچکردوو بوو.

٣)- مەبەست لە ڤایرۆسی (کورۆنا)یە کە هاوڕێمان لە ڕێگەی پەتای کرۆناوە لە (٢٠٢١-٨/٢٤) گیانی لەدەستدا.

# دەربارەی هەوڵی تیرۆرکردنی نووسەر سەلمان ڕوشدی



## عەبدوڵا سالح

ڕۆژی هەینی (١٢)ی ئابی (٢٠٢٢)، (سەلمان ڕوشدی)، نووسەری ڕۆمانی (ئایەتە شەیتانییەکان)، لە لایەن گەنجێکەوە بە ناوی (هادی مەتەر)، لەدایکبوی ویلایەتی کالیفۆرنیا لە دایک و باوکێک کە لە لوبنانەوە کۆچیان کردوە بۆ ئەمریکا هەوڵی تیرۆرکردنی درا.

هەرچەندە تاکو ئێستا هۆکارەکانی ئەم تاوانە ڕوون نەبووەتەوە، بەڵام سەرەداوەکانی ئەو تاوانە بە شێوەیەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو فەتوایەی کە لە (١٤-٢-١٩٨٩) لە لایەن خومەینی، گەورە تیرۆریستەوە دەرکرابوو.

ئەم کردەوە تیرۆریستییە لە لایەن چین و توێژێکی یەکجار فراوانی کۆمەڵگای جیهانی و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و پارت و بەشێکی زۆر لە دەوڵەتانی جیهان بە تووندی ئیدانە و سەرکۆنەکرا، چونکە ئەم کردەوە تیرۆرستییە بە شێوەیەکی سەرەکی پرسی ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی بیروڕای کردبووە ئامانج.

ئەم تاوانە ئەڵقەیەکی دیکەی خستە سەر ئەو زنجیرە تاوانە تیرۆریستییانە کە ڕۆژانە لە ناوچە جیاجیاکانی جیهان ڕوودەدەن، بە تایبەتی ئەو تاوانانەی دژی ئەو کەسانە ئەنجام دەدرێن کە بوێرانە پێداگری دەکەن لەسەر دەستەبەرکردنی ئازادیەکان بەگشتی و ئازادی بیروڕا بەتایبەتی.

چڕبوونەوەی ململانێی نێوان وڵاتانی سەرمایەداری ئیمپریالیستی جیهانی و هاوپەیمانەکانیان لە وڵاتانی ناوچەکە بۆ دابەشکردن و داسەپاندنی هەژمونی جیۆپۆلیتیک و بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان و لەم چوارچێوەیەدا، شەڕکردن بە وەکالەت، هەڵایساندنی ئاگری دەمارگیری کۆنەپەرستی ئایینی، نەتەوەیی، تائیفی و ڕەگەزی، و بەهێزکردنی تیرۆریستانی وەک داعش و هاوشێوەکانی تری، کەشێکی دروست کردوە کە هانی تیرۆر بدات لە هەموو شوێنێک و تیرۆریزمی کردۆتە دیاردەیەکی جیهانی سنوور بەزێن و بەو هۆیەوە هەموو جیهان بووەتە مەیدانێک بۆ کردەوە تیرۆریستییەکان، جا چ کردەوە فەرمییەکان ئەوانەی لە لایەن وڵاتانی ئیمپریالیستی و هاوپەیمانانیان لە وڵاتانی ناوچەکە، یان نافەرمی لە لایەن گروپە تیرۆریستییەکان، یان تەنانەت کردارە تاکەکەسیەکان ئەوانەی زاراوەی ( گورگە تاکەکان) یان بۆ بەکاردەهێنرێ.

ئەم تیرۆرە بێ گومان دەبێتە بیانویەک بۆ گروپە دەستەڕاستییەکان، بەتایبەت لەوڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا بۆ ئەنجامدانی سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەیان لە لە دژی پەنابەران و کرێکارانی کۆچکردوو.

ئیدانەکردنی توندی ئەم پەلامارە دڕندانەیە و خەبات بۆ بنبڕکردنی ئەرکی هەموو ئازادیخوازانە لە سەر ئاستی جیهان.

١٤ — ٨ - ٢٠٢٢

# بەتوندی ئیدانەی ئەو کۆمەڵکوژییە تیرۆریستییەی حکومەتی ئەردۆگان و سوپاکەی دەکەین بەرامبەر گەشتیاران لە هاوینەهەواری (پەرەخێ).

ئەمڕۆ (٢٠-٧-٢٠٢٢) حکوومەتی ئەردۆگان و هێزە سەربازییەکانی کۆمەڵکوژییەکی تری تیرۆریستییان لە دژی دانیشتوانی سڤیل لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدا، ئەمجارەیان لەسەر هەمان ڕێچکەی داعش و ئەلقاعیدە، دژی گەشتیارانی بێتاوان و منداڵەکانیان کە لە ناوچە جیاجیاکانی عێراقەوە هاتبوون بە هیوای چەند ڕۆژێک چێژوەرگرتن لە کەش و هەوایەکی سەلامەت لە هاوینەهەواری (پەرەخێ) لە زاخۆ لە پارێزگای دهۆک، لە ئەنجامدا هەشت هاوڵاتی گەشتیار گیانیان لەدەستدا کە منالێشیان لەناودایە و بیست و چوار کەسیشیان بریندار بوون.

هەر لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووەوە، هێزە سەربازیەکانی تورکیا و بنکەکانی لە هەرێمی کوردستاندا جێگیربوون و بە شێوەی جۆراوجۆر بەردەوامن لە ئەنجامدانی تاوان دژی هاوڵاتیان؛ لە ڕێگەی هەڵمەتی سەربازی و بۆردومانی تۆپخانە و پەلاماری ئاسمانی بۆ سەر گوند و شارۆچکە جیاوازەکان و زەویوزاری ناوچەکە، ئەمە جگە لە بڵاوکردنەوەی تۆڕێکی ئەختەبوتی لە سیخوڕ و بەکرێگیراو لە لایەن حکومەتی تورکیاوە لە ناوچەکە و ئەنجامدانی تیرۆر، هەموو ئەمانە بە بیانووی شەڕ دژی پەکەکە و ڕووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی ئەم حیزبە لە ناوچەکەدا.

ئەوە ستراتیژی فراوانخوازانەی سەربازی دەوڵەتی سەرمایەداری تورکیا و حکومەتە ناسیۆنالیستە - ئیسلامی و شۆڤێنیستییەکەی ئەردۆگان و بەرژەوەندییە جیۆ-پۆلەتیک و جیۆ-ئابورییەکانییەتی کە لە پشت ئەم کردە سەربازیی و دەستێوەردانانەیە، نەک هەر لە هەرێمی کوردستان، بەڵکو لە لیبیا و سوریا و لە زۆر وڵاتی تری ناوچەکەش.

دەستێوەردانی دەوڵەتی تورکیا لە عێراق و پەلامارە سەربازیەکانی و تاوانە ڤێزەون و ئاشکراکانی لە پشتیوانیکردنی داعش و هێزە تیرۆریستییەکانی تر، تەنیا درێژکراوەی ئەو سیاسەتە فراوانخوازە ئیمپریالیستییەن، کە نەک هەر وا دەڕوانێت بۆ مەیدانی سیاسیی عێراق و قەیرانە خنکێنەرەکەی کە هەلێکی گونجاوە بۆ دەستێوەردان، بەڵکو وەک باقی هێزە ناوچەیی و ئیمپریالیستییەکانیش لە پێشبڕکێیەکی دڕندانەدایە بۆ دەستکەوتی ئابووری و هەژمونی سیاسی و سەربازی لە سەراسەری عێراقدا، ئەویش لەسەر حیسابی بەکۆیلەکردنی سیاسی کۆمەڵگا و بەهەژارکردنی جەماوەر.

ڕێگریکردن لە دەستێوەردان و تاوانەکانی تورکیا لە عێراق، هەروەها ڕێگریکردنیش لە دەستێوەردان و ئەنجامدانی تاوان لە عێراقدا لە لایەن باقی وڵاتانی تری ئیمپیریالیستی و ناوچەیی وەک ئەمریکا و ئێران و سعودیە و هاوشێوەکانیان، بەندە بە بەهێزکردنی خەباتی شۆڕشگێرانەی جەماوەری و هەنگاونان بەرەو کۆتاییهێنان بەم سیستەمە سیاسییە گەندەڵەی ئێستا لە عێراقدا.

ئەمە و لە تورکیاش ڕێگای ڕزگاری چینی کرێکار و زەحمەتکێشان و ئازادیخوازان لە کۆت و بەندی سەرمایەی تورکی و نوێنەرە سیاسییە فاشیستەکانی، بریتییە لە ئاراستەکردنی نوکی ڕمی خەباتیان دژ بە دەوڵەتی بۆرژوازی تورکیا و حکومەتە ناسیۆنالیستە-ئیسلامییەکەی و دژ بە سەرکەشی و تاوانە سەربازییەکانی لە دەرەوەی سنورەکانی.

(ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق) لە کاتێکدا سەرەخۆشی گەرم و دڵسۆزانە لە کەسوکاری گیانبەختکردوانی ئەم تاوانە تیرۆریستییە دەکات، و هاوبەشی ئازارەکانیانە لەم کاتە سەختەدا، بە توندی ئیدانەی ئەم کردەوە تاوانکارییە بە ئەنقەستەی حکومەتی شۆڤێنیستی ئەردۆگان دەکات لە هاوینەهەواری (پەرەخێ)، هەروەها ئیدانەی هەڵوێستی شەرمەزارانەی حکومەتی عێراقیش دەکات لەئاست ئەو تاوانەدا.

ئەمە و (ڕێکخراوی بەدیل) داوا لە جەماوەری عێراق دەکات دەنگی نارەزایەتی خۆیان هەڵبڕن دژ بەم تاوانە ڤێزەونە، وە بانگەوازی جەماوەری کرێکار و ئازادیخوازیش دەکات لە تورکیا کە ڕووبەڕووی تیرۆری دەوڵەتی تورکیا لە هەرێمی کوردستان و ئەو تاوانەشی لە (پەرەخێ) بوەستنەوە.

**ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لەعێراق**

**٢٠ ی تەمموزی ٢٠٢٢**

ڕاگەیاندن

# سەرکوتی ئازادی سیاسی و خۆپێشاندان لە هەرێمی کوردستان بەتوندی سەرکۆنە دەکەین

هێزە سەرکوتگەرەکانی سەر بە هەردوو حزبی میلیشیایی فەرمانڕەوا (پارتی و یەکێتی) لە هەرێمی کوردستاندا، هەڵسان بەگرتنی چەند چالاکوانی سیاسی و میدیاکار و پەرلەمانتاری سەربە (نەوەی نوێ)، لە چەند شار و شارۆچکەیەک لەوانە لە دهۆک و هەولێر و سلێمانی، ئەمەش هەم ڕۆژی جومعە (٥-٨-٢٠٢٢) ڕۆژێک بەر لە ڕۆژی دیاریکراوی خۆپێشاندانێک کە سەرۆکی (نەوەی نوێ) بانگەوازی بۆ کردبوو، وە هەم ڕۆژی خۆپێشاندانەکەش شەممە (٦-٨-٢٠٢٢).

بەدەر لە ئامانجی سیاسی پشتی ئەم بانگەوازەی (نەوەی نوێ)، خەڵکی ئەم هەرێمە مافی خۆیانە بێنە مەیدانی نارەزایەتی دەربڕین و مانگرتن و خۆپێشاندان و ڕاپەڕن دژی بێمافی، بێکاری و هەژاری، دژی پەراوێزکردنی سیاسی داسەپاو بەسەریاندا.

ئەم دەستدرێژیانەی هێزە سەرکوتگەرەکانی ئەم دوو حزبە بورژوا ناسیونالیستە میلیشیاییە بۆسەر ئازادی سیاسی و مافەکانی هەڵسوڕاوان و میدیاکاران و پەرلەمانتاران، و کاری توندوتیژی دژ بە خۆپێشاندەران و ڕاوەدوونان و گرتنیان جێگەی سەرکۆنەکردنە.

(ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق) وێڕای ئەوەی دەستدرێژی هێزە سەرکوتگەرەکان مەحکوم دەکات، خوازیاری ئازادی دەستبەجێی گیراوەکانە.

**ناوەندی ڕاگەیاندن**
**ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق**
**٢٠٢٢-٨-٧**


## کەناڵی تەلەفزیۆنی یوتیوبی (ڕەوت)

لەسەر پرسە سیاسی و چینایەتییەکان، بینەری بەرنامەی (بەرسف) بن لە (تی ڤی ڕەوت)، لە ڕێگەی لینکەکەی خوارەوە.

ئەم بەرنامەیە لەلایەن (نزار ئەمین و سەلاح فەتحوڵا)وە، ئامادە و سەرپەرشتی دەکرێت.

لە سەرنج و ڕەخنە و پێشنیارەکانتان ئاگادارمان بکەنەوە




https://www.youtube.com/watch?v=qzt3YO8197w

rawt.news@gmail.com



بۆ پەیوەندی گرتن بە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق و ڕۆژنامەی ڕەوت

SCAN ME

البديل OCAL ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق

ڕەوت

مازن محەمەد + 9647709658673
نزار عەقراوی + 447507070024
نەوزاد بابان +964 771992 9183
@rawtnews
@AlbadeelAlsheoi
Rawt.news@gmail.com
Albadeel.alsheoi@gmail.com
http://www.Albadeel-alsheoi.org/ar

دەستەی بەڕێوەبردن

نادر عبدالحمید
جەمال کۆشش
عەبدوڵا سالح
نەوزاد بابان
شیرین عەبدوڵا
موئەیەد ئەحمەد
نزار عەقراوی
سەلاح فەتحوڵا



